







بڵاوکراوەی خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا

زنجیرەی (**99**)

**ناونیشان / سلێمانی –شەقامی گۆران – فەرعەکەی صابونکەران- بازاڕی سلێمانی – تەنیشت کتێبخانەی ئەوقاف**

**مۆبایل ئاسیا** 07701575067 – **سانا** 07301128388

cwarcra_kurdstan@yahoo.com

**نرخی** ( 3000 ) **دینارە**



www.pertwk.com

PDF4Kurd

# چارەنوسەکانی مۆدێرنە

**چەند تێکستێکی وەرگێڕدراو**

1- **ئالان تۆرین**
2- **ئەریك فرۆم**
3- **میرسی ئیلیاد**
4- **محەمەد ئارگۆن**
5- میلانکۆندێرا

## وەرگێڕانی: محەمەد حسەین

**چاپی یەکەم**
2007





**پێناسی کتێب**

ناوی کتێب: چارەنوسەکانی مۆدێرنە
بابەت: تێکستی وەرگێڕاو
وەرگێڕانی: **محەمەد حسەین**
نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم 2007
چاپ: چاپخانەی چووارچرا
تیراژ: 1000دانە
ژمارەی سپاردنی (1048) ساڵی 2006 ی پێدراوە.
بەردیی ئیاکترۆنی وەرگێڕ: hemeh@maktoob.com



www.pertwk.com
PDF4Kurd

## چەند وشەیەك لەبری پێشەکی

خوێنەری ئازیز...

لەهەڵبژاردن و دیاری کردنی ئەم بابەتانەی لەم کتێبەدا هاتوون هیچ پلان و بەرنامەیەکی پێشوەختم نەبووە بۆ وەرگێڕان و بلاْوکردنەوەیان لەچوارچێوەی کتێبێکدا , هەموویان لەئەزمونی خوێندنەوەی ڕۆژانەی خۆمەوە ئاشنایان بووم و دوای خوێندنەوەیان گەیشتومەتە ئەو باوەڕەی کەوەرگێڕانیان خزمەتێك بەڕۆشنبیری کوردی ئەکات , یان دەشێت پەنجەرەیك بێت بۆ فراوانکردنەوەی ئاسۆکانی بیرکردنەوەو خەیاڵی خوێنەری کورد . بەشی زۆری کتێبەکە سێ لێکۆڵینەوەی یەکەمیانە کەبەگشتی چەند دیاردەیەکی جیهانی مۆدێرن تاوتوێ ئەکات , هەروەها بیروڕای گەورە بیریاری فەرەنسی ئالان تۆرینی لەخۆ گرتووە دەربارەی ئەو ئاراستە فکری و فەلسەفیانەی بە پاشنوێگەریpostmodernist ناسراوە و ئەمڕۆ لەخۆرئاوا و , تاڕادەیەك لە هەمووجیهانیشدا بۆتە بابەتی





خوێندنەوەو گفتوگۆلەسەر کردنی هەموو ئەوانەی خوێندنەوەو گرنگیدان بەکێشەفکریەکانیان بەلاوە جێگەی بایەخە , بەشەکەی تری کتێبەکە دەربارەی گرفتەهاوچەرخەکانی دیاردەی فۆندەمینتالیزم و چەند بابەتێکی تری فکری ئەدەبیە . دوای خوێندنەوەی ئەم بابەتانەو دروستبونی خولیای وەرگێڕانیان لەلام , هەمیشە ئەو پرسیارەم لائامادەبووە , کەئایا ئەم تێکستە چ وەلاْمێکی ئەو پرسیارە فکریانە ئەداتەوە کە ئەمڕۆ خوێنەری کورد عەوداڵی دۆزینەوەی وەلاْمەکانیانە , یان ئەم تێکستە چ نەوتراوێك بەخوێنەری کورد ئەڵێت , ئایا چ بیرۆکەیەکی تازە ئەخاتە بەرچاوی خوێنەری کورد و چەندە ئەتوانێت کلاْوڕۆژنەیەکی ئاوەلاْبێت بۆئەوەی خوێنەری کورد بتوانێت کولتورەکانی ئەوانی تری پێ ببینێت ؟ دیارە لەگەڵ ئەم پرسیارانەشدا هەمیشە خەمی لایەنە هونەریەکانی وەرگێڕان و , ئەمینی و پاکی و ڕاستگۆیی لەگواستنەوەی بیرۆکەو بۆچونی نوسەرانی خاوەنی تێکستەکەدا خەمێکی ئامادەو زاڵ بووە لەلام , دوای هەر وەرگێڕانێکیش مەسەلەی کوردانـدن و داڕشتنەوەی دەقەکە بەو جۆرەی لەگەڵ زەوق و خەیاڵ و بیرکردنەوەی خوێنەری کوردا بگونجێت مەسەلەیەکی بنەڕەتی بووە لەلام , چەند گرنگ بووە بۆمن کەبیرۆکەی نوسینەکان بگوازمەوە , هێندەیش بەلامەوە مەبەستبووە لە سەرلەنوێ داڕشتنەوەی دەقەکەدا ڕەچاوی ئەوپرسیارە بکەم " گەر کوردێك ئەم دێڕە , یان پەرەگرافەی دەربڕیایە چۆن دەری ئەبڕی "

لەبەردەم گرنگی و پێداویستی وەرگێڕانیشسدا پێم خۆشە لەگەڵ خوێنەراندا بپرسم : گەر بە وەرگێڕان نەبێت ئێمە ئەتوانین چ کارلێکێك



www.pertwk.com

PDF4Kurd

لەگەڵ ڕۆشنبیریە جیاوازەکانی دەرەوەی خۆماندا بکەین ؟ چۆن بتوانین ئەو کەلێنانە پڕبکەینەوە کە تائێستا بەدەقی خۆماڵی و هەوڵی نوسەرەکانی کورد پڕنەکراوەتەوە ؟ پێداویستی ئێمە بۆ وەرگێران لەوەوە نەهاتووە کەچەندە کتێبخانەیەکی هەژارو دەست کورتمان هەیە , بەڵکو بۆئەوەی ژیانێکی ڕۆشنبیری هاوچەرخ و زۆرجێنەماومان لەکاروانی ڕۆشنبیری مرۆڤایەتی سەردەمی گلۆبالیزەیشن هەبێت , پێویستە یەکێك لەپردە سەرەکیەکانمان وەرگێران بێت . لەبەرئەوەی واقعی ڕۆشنبیری کوردی بەبەراورد بەکولتورەکانی دەورو پشتمان لەدواکەوتوییەکی ترسناکدا ئەژی , ئێمە لەهەموو کایە زانستی و مەعریفی و ئەدەبیەکاندا پێداویستیەکی ژیانیمان بەوەرگێڕان هەیە , پێویستمان بە دامەزراوەییکردنی کاری وەرگێڕان و هاندان و دەستگیرۆیی کردنی ئەو هەولآنە هەیە کەبۆ خزمەتکردن لەم بوارەدا لەگەڕدان .

بابەتەکانی ناو ئەم کتێبە زۆربەیان پێشتر لەگۆڤارو ڕۆژنامە کانی کوردستاندا بلاَو کراوەتەوە , بەلاَم بەهۆی سنورداری بلاَوبونەوەی ئەو بلاَوکراوانە بەباشمزانی لەدوتوێی ئەم کتێبەدا , جارێکی تر بەهیوای بەشداری کردنێك لەو کاروانە ڕۆشنبیریەی ئەمڕۆ بەوەرگێڕان کەوتۆتە گەڕ , ئەم هەوڵە خاکیەم بخەمە پێشچاوی خوێنەری کورد , بەهیوام بەشداریەك بێت لەو ئەرکە ڕۆشنبیریەی کە لەسەر شانی هەریەکەمانە .

وەرگێڕ







www.pertwk.com

PDF4Kurd

# لەمۆدێرنەو پاش مۆدێرنەدا
# چارەنوسەکانی مۆدێرنە

ئالان تۆرین





بیرۆکەی مۆدێرنە بەسەرهزری مرۆڤایەتیدا زاڵ نەبوو تەنها پێش دروستبونی کۆمەڵگای پیشەسازی نەبێت . ئەوەبوو ململانێکانی ڕابردوو , سیستەمە کۆنەکان , بڕوا ئاینیەکان , متمانەی ڕەها بەعەقڵ , هەموویان پێکەوە هێزێکی زۆرو یەکانگیریەکی پتەویان بەخشیە فۆرمی ئەو کۆمەڵگا مۆدێرنەی کە بەخێرایی پریشکی ئاگرەکەی دەرئەچوو , ئەو کاتەی کە ئەزمونە واقعیەکان جێگەی هیوای گرتەوە . ئیتر لەوە بەدواوە کۆمەڵگای نوێ هەربەوەوە نەمایەوە کە شێوەیەکی ناکۆك بێت بۆ ئەو کۆمەڵگا کۆنەی کە دەمانویست وێرانی کەین و تێی بپەڕێنین , بەڵکو بوبەواقعێك . مێژووی مۆدێرنە مێژووی هەڵقولانی ئەو لایەنە کۆمەلایەتی و ڕۆشنبیریانەیە کە وردە وردە دورکەوتنەوە لە بڕوابونیان بەمۆدێرنە بەو واتایەی تەعریفێکی بەرجەستەبێت بۆخێرو چاکە . ئەوە بوو بەکاریگەری نیچەو فرۆید و ڕوناکبیران لەپێشی هەموولایەکەوە مۆدێرنەیان ڕەتکردەوە . بەناوبانگترین شەپۆلی فکری مۆدێرنە لە هۆرکهایمەرو هاوڕێکانیەوە لە قوتابخانەی فرانکفۆرت , تائەگاتە میشیل فۆکۆ , کەوتنە ڕەخنە گرتنێکی توندی مۆدێرنە , ئەمەش دواجار بە گۆشە گیربونێکی تەواوی ڕۆشبیران لەکۆمەڵگایەکدا کۆتایی هات کەئەوان بەسوکایەتیەوە بە (کۆمەڵگای جەماوەر ) ناودێریان کرد . شانبەشانی ئەم ڕەخنە گرتنە فکریانە و هەندێك جار تەواو دوریش لێیانەوە , نەتەوەکان و مەیلی سەربەخۆییان و ئینتمایان بۆمێژوو شوناسیان گرنگیەکی زیاتری پەیداکرد , بەڕادەیەك



www.pertwk.com

PDF4Kurd

سەدەی بیستەم بوبەسەدەی نەتەوەکان , وەکو چۆن سەدەی نۆزدەهەم سەدەی چینە کان بوو لانی کەم لە ولاّتە مۆدێرنەکاندا .

دواتر کۆمپانیا گەورەکان وەکو لایەنێکی زۆرجار بە هێزتر لە دەوڵەتە نیشتمانیەکان لەئەمریکاو یابان و ئەوروپاوە هاتنە مەیدان . ئەمانە زیاتر لەوەی کەهەر تەنها چالاکیەك بن بون بەناوەندی بڕیاردانیش . دواجار ئەوەبوو بەرخۆری (ئستهلاك )جەماوەری پێش ئەوەی لەئەوروپاو بەم دواییەش لەیابان بتەقێتەوە لەئەمریکا تەقیەوە . ئێستا بەشوێن ئەو پەیوەندیە جەماوەریەدا کە هاتۆتە ناو ژیانی گشتیەوە جیهانێکی تایبەتی خەیاڵ و ئارەزوو هاتۆتە ئاراوە , گەر زۆرساکارتر بدوێین جیهانی جەستە هاتووە — ئەوەی وا پێشتر عەقلاّنیەت ڕەتی ئەکردەوە — ئیدی ئەم جەستەیە بەسەرکوتکراوی بێت , یان بە بەندکراوی .

بەلاّم بەو ڕادەی کە عەقلّ ئامێری ( العقلانیةالاداتیة ) تۆڕی پەیوەندیەکانی خۆی ئەچنێت لەو هێزە کۆمەلاّیەتی و ڕۆشنبیریانە مۆدێرنەیش پێگەکانی خۆی ئەچەسپێنێت , ئالێرەدایە ئەتوانین قسە لەسەر کۆمەڵگای پیشەسازی بکەین , بەڵکو کۆمەڵگایەکی پشەسازی نوێ , یان سەروی کۆمەڵگایەکی پیشەسازی نوێ . کۆمەڵگا زۆر مۆدێرنەکان هەست بەوە ئەکەن تەقینەوەیەك هەڕەشەیان لێئەکات . بەلاّم گرنگی تەکنۆلۆجیا لەڕایی کردنی کارەکانیدا ڕێگەی بۆخۆش ئەکات کە هەنگاو بنێت بەرێگای تەبایکردنێك لەنێوان خۆکارامە کردنی تەکنۆلۆجی و پارێزگاری کردن لەجۆرێك زکهەڵگوشین (تقشف ). یەکێك لەفوتابخانەکان بەتوندی بەرگری لەم جۆرەکۆمەڵگانە کرد , ئەم فوتابخانە کە بەم دواییانە بەتایبەتی





لەفەرنسادا سەری هەڵدا , بەرگریکارێکی باشی عەقلاّنیەتی سەردەمی ڕۆشنگەریە , تائەو کاتەی کەلێنە برژوازیەکانیان پڕکردەوە و سەردەمی شۆڕشگێڕیان کورتکردەوە لەڕێگای حوکم ڕانیە دورودرێژەکانیانەوە .

## چ کاتێك تەقینەوەی مۆدێرنە کامل و گشتگیر بوو نەك لاوەکی ؟

ئەوکاتەی عەقڵ ئامێری بەیەکجاری دابڕا لەجیهانی لایەنە ڕۆشنبری و کۆمەلاّیەتیەکان ئەم تەقینەوە گشتگیرەی مۆدێرنە ڕویدا . ئەوەبو ئەوکات غەریزەی خۆشەویستی (ئیرۆس ) و بەرخۆری و کۆمپانیاگەورەکان و نەتەوەکانیش بەشێوەیەکی ئازاد و دور لەیەك پێکهاتن , وەك چۆن چیا سەهۆڵیەکان کاتێك لەکەنارەکانی خۆیان دائەبڕێن لێکتر دور ئەکەونەوەو بەیەکدا ئەکێشن و دواتر بەشێوەیەکی کاتی ئەلکێنەوە بەیەکەوە . بەشێوەیەکی ڕونتر ئێمە لەمۆدێرنە دەرئەچین ئەوکاتەی وازلە پێناسە کردنی ڕەوشت ئەهێنین , یان وازلە پێناسەی شێوەی ڕێکخستنی کۆمەلاّیەتی ئەهێنین لەڕێگای دانانیەوە لەتەوەری : نەریت — مۆدێرنە , یان دواکەوتن —گەشەکردن , وەك چۆن هەمووجارێك ئەو ولاّتانەی پێ ئەناسرێت کە تەواو پرۆسەی بەمۆدێرنکردنیان modernizationتیائەنجامنەدراوە . ئێمە بەشێوەیەکی هۆشیارانە و بەشێنەیی لەم چارەنوسەی مۆدێرنەدا ئەژین , لانی کەم لەساڵی 1968وە . لەسەرجۆرێك لەشیکردنەوەی واقعە کۆمەلاّیەتیەکان دەوەستین لەڕێگای دانانیەوە لەناو مێژوویەکدا کەدەکرێت مانایەك و ئاراستەیەکی هەبێت .



www.pertwk.com

بیری کۆمەلأیەتی خۆبەخۆیی (العفوی) و ئایدۆلۆجیاکان و کەم داهاتی ڕوبەڕوی هە ر سەرچاوەیەك ئەبێتەوە بەتەنیشت مێژووەوە . بەرامبەر قەیرانی هزری کلاسیکی , دەربارەی مۆدێرنەو ئایدۆلۆجیای مۆدێرنە , دوو وەلأمی گونجاومان هەیە :

یەکەم : وەلأمی پۆستمۆدێرنەکانە کە جەخت لەسەر حەتمیەتی هەلۆەشاندنەوەی ئەکەنەوە .

بەلأم دووەمیان ئەلێت : ئەتوانین و پێویستە لەسەرمان بەرگری لەمۆدێرنە بکەین , بەلکو فراوانیشیکەینەوە .. ئەمە بۆچونی هابرماز و منیشە .

بەلأم پێش تێپەڕین بەم ئاراستەدا پێویستە تا کۆتایی ڕێگاکە بڕۆین , کەلەبیرۆکەی کلاسیکی دەربارەی مۆدێرنە وە دەست پێ ئەکات تائەگاتە قەیرانەکەی و هەلۆەشاندنەوەی و دواجار پەرتەوازەبونیشی .

**بازاڕو جیتۆ** : (*)

ئەو کاتەی کۆمەلگا دورئەکەوێتەوە لەیەکێك لەپرەنسیپەکانی بەعەقلأنیکردن جگە لەکار , قەیرانی مۆدێرنە ئەگاتە ئەو پەڕی , بەهەمان شێوە بازاڕیش بەجۆرێك کاری خۆی ئەکات کە لەڕێگای شوناسە مێژوویەکەیەوە نەبێت خۆی ناناسێت , لەکاتێکدا لایەنەکان هیچیان بۆنامێنێتەوە جگە لەسەرچاوە ڕوناکبیریە هاوبەش و تاکیەکان individual . ئایا دەکرێت لێرەوە بچین بۆگفتوگۆکردن لەسەر قەیرانی مۆدێرنە ؟ قەیرانی سیستەمەکان و لایەنەکانیش؟ ئایا مێژووەکەی مێژووی ئەو کاولکاریە گشتییە نیە لەهەر پرەنسیپێك لەپرەنسیپەکانی یەکێتی نێوانیان ؟ دوای دابڕان لە ژینگەی مادی و مەعنەوی پیرۆز ,





تێگەیشتنە عەقلأنیەکان بۆجیهان کەوتنە وێران بوون . ئیتر وێنەکانی ئەو کۆمەلگایەش پەرتەوازە بوو کەبەوە دەناسرا ئەو شوێنەیە پەیوەندیەکانی نێوان دامەزراوەکان و ئەو لایەنە کۆمەلأیەتیانەی تیادروست ئەبێت کەلەڕێگای خێزان و قوتابخانەوە لەڕوی کۆمەلأیەتیەوە یەکانگیر ئەبن ( اندماج ) . هەر لەدوالیزمی مەسیحیەتەوە بۆتاکگەرایی و لەڕۆمانتیکیەتی پاش شۆڕشەوە بۆڕۆشنبیریە جیاوازەکانی لاوان بەتەواوی ناکۆکن لەگەلّ ڕۆشنبیری کۆمپانیا گەورەکان . بۆچی لێرەوە نەچینە ناو ئەوبەشە گەورەی مۆدێرنەوە وا مۆدێرنەی تیا گەشەئەکات و هەر بەخودی خۆی خۆیشی ڕەتئەکاتەوە ؟ ئێمە ماوەیەکی زۆرپەلەمان ئەکرد لەشاردنەوەی جیهانێکی یەکگرتودا , لەوڕووەوە کەمرۆڤ پێگەی خۆی داگیرئەکرد لەسروشتی خوداوەند دا ... بەلأم ئەوەی ئەمرۆ ئەمانترسێنێت داخرانی جیهانێکی زۆرچەسپیوی خاوەن یاسایی زۆرەملیّ نیە , بەلکو بەپێچەوا نەوە , ئاژاوەی کۆمەلگایەکە بەتوندی ژینگە تەکنۆلۆجی و ڕێکخەریەکانی لەگەلّ ژینگەی ئارەزوە مرۆییەکان و شوناسەکاندا توشی بەریەککەوتن بووە . هەمو ڕەوتە جیاوازەکانی پۆست مۆدێرنە لایەنە جۆربەجۆرەکانی ئەم تەقینەوە ڕۆشن ئەکەنەوە , بەلأم پێویستە لەواقعە مێژوویەکەیدا وەسف بکرێت , پێش گەڕان بەدوای ڕەنگدانەوەکانی لەو فکرانەدا کەخۆی بۆخۆی تەقیوەتەوە , وەك تەقینەوەی ئەو جیهانەی شیکاری ئەکات ( مەبەست جیهان و فکری پۆستمۆدێرنەیە / و.کوردی ).

نابێت لێرەدا لەچەمکەکانی مرۆڤەوە دەست پێبکەین , بەلکو بەپێچەوانەی ئەو فکرانەی وا پابەندی لایەنە ئابوریەکانن ڕاستی مەسەلەکە ئەوەیە



www.pertwk.com

سۆسیۆلۆجیای ڕێکخستنەکان لەم حاڵەتەدا ڕۆڵی ڕوناکبیری ناوەندی ئەگێڕێت . سۆسیۆلۆجیای ئەرکەکان , یان دامەزراوەکان بوو چەند ڕێکخستنێکی پێشکەش کرد بۆئامانجی ئابوری و کارگێڕی و کۆمەڵایەتی بەسیفەتی ئەوەی چەند بزوێنەرێکن بۆعەقڵئامێری ودواجار  توانای ئەوەیان هەیە پەیوەندیەك لەنێوان ڕێساکانی کارکردن و ڕفتارە تاکی و کۆمەڵیەکان دروستبکەن . بەلاّم سۆسیۆلۆجیای ڕێکخستنەکان ئەم وێنانەی شکاند . هەندێك جار لەڕێگای ڕەخنەی کۆمەڵایەتیەوە , بەتایبەتی ئەو کاتەی تابلۆیەکی نەدرەوشاوەی بۆ " مرۆڤی ڕێکخراو " دروست کرد وەك چۆن (و. ه . ویت whyte,w.h. ) لەزۆربەی حاڵەتەکاندا پێی وایە , ئەوکاتەی بەشێوەیەکی زۆربەپیت ئەوەی بۆدیاری کردین , کەوا ڕێساکانی ڕێکخستن , تەنانەت ڕایی بونی کارە تێبینی کراوەکان , هیچ نیە جگە لەوەی کەدابەشکردنێکی فشۆڵە و لەنێوان فشارێکی زۆر و ناچارکردندا دەگۆڕێت . هەربۆیە ڕێکخستنی چالاك ئەوە نیە وا دیارو شەفاف و ئاشکرایە , بەڵکو ئەوڕێکخستنەیە وا ئەزانێت ئاڵۆزی و ململانێ و گۆڕانکاریەکان ببات بەڕێوە . ئالێرەدا بیرۆکەی ستراتیجیەت شوێنی بیرۆکەی بەڕێوبردنی پرۆژە ئەگرێتەوە . بیتر دروکەر p. drucker بەشێوەیەکی دیار هەستا بەدارشتنی ئەم کودەتایە . ئەوەبوو کتێبەکانی هربرت سیمۆن و جیمس مارتش لەولاّتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا و هەروەها کتێبەکانی میشیل کروزیە لەفەرەنسا  لەئاستێکی تیۆری گەورەتردا قەیرانی نەزعەی عەقلئامێری بۆدیاری نەکردین , بەپێچەوانەوە ڕادەی تازەبونەوەی نیشاندایین , بەمەرجی دابڕانی لەهەر سەرچاوەیەکی پابەند





بە سیستەمی کۆمەڵایەتی و سەرچاوەی کۆمەڵگا . ئەم عەقڵانیەتە بەتەواوی پەیوەندی دارە بەبابەتی گۆڕانکاری کۆمەڵایەتیەوە . بەم جۆرە کۆمپانیا وازی لەوە هێناوە ڕۆڵی بنەڕەتی هەبێت بۆکۆمەڵگای پیشەسازی مۆدێرن , بەڵکو لێرە بەدواوە ئەو جەنگاوەرەیە کە  بەناوی کۆمەڵگای نیشتمانی , یان بەناوی خودی خۆیەوە , لەبازاڕە جیهانیەکاندا  شەڕی گواستنەوەی تەکنۆلۆجیا ی تازە ئەکات بۆبەرهەمهێنان . هەروەها بۆخۆگونجاندنیشی لەگەڵ دەورو بەرەکەیدا بەردەوام گۆڕانکاری و خۆنوێکردنەوە ئەکات کە زۆربەکەمی پێشبینی ئەکەین . سیمۆن قسەی لەسەر عەقلاّنیەتێکی سنوردار کرد و کرۆزییەش لەسەر سانسۆری شتەناموتڵەقەکان  . ئەم شیکردنەوە کۆمپانیامان نیشان ئەدات بەسیفەتە ستراتیجیەکەی ( شارەزا لەکارو باری ستراتیجیدا ) کەئاسۆیەکی ڕونی هەیە لەڕێکخستندا بەو سیفەتەی ڕێکخستنێکی زانستیە بۆکار , بەلاّم هاوکات ستراتیجیەتێکی کراوەیە بەسەر جیهانی دەرەکی و مەسەلە مرۆییە ناوخۆییەکان بۆڕێکخستنێکی ئاڵۆز . دوای ملکەچکردن بۆسیستەمی بەهێزوو سانا ,  ستایشکردن و بەدواداچونی ڕێکخستنێکی لاوازو نەرم و ئاڵۆز دەستی پێکرد . لەهەمان کاتدا ئەم چەمکە دەوڵەمەند ترە لەو تازەگەریە وەزیفیەی وا شوێنی ئەگرێتەوە و زۆر لەویش خاکی ترە , چونکە ئەوەی قبوڵکرد وازبهێنێت لە پرەنسیپێکی سەرەکی کۆمەڵناسی کلاسیکی و پەیوەندیەکانی ڕێسای دامەزراوەیی و ڕفتارەکان . ئەم ستراتیجیەتە ئەتوانێت پشت ببەستێت بە بەکارهێنانی شێوازە یابانیەکە بەرامبەر ئەو کۆمپانیانە ی وا لەسەر بنەمای پەیوەندیەکانی هاوبەشی



www.pertwk.com

PDF4Kurd

کردن و دەسلاتگەرایی پێکەوە دروست بووە . بەهەمانشێوە ئەتوانێت هەربەوەوە وازبهێنێت کەکۆت و بەندەکانی بازاڕ و قەدەغەکانی بێنێتە ناو کۆمپانیاکانەوە , ئەم نموزەجەیش ناونراوە "silicon valle" .

دەکرێت وێنای ستراتیجیەتی تەواو جیاوازی کۆمپانیا بکەین , ستراتیجیەتێك کەئەزانێت چۆن تەماهی بکات لە نێوان لکاندنی کۆمپانیاکە بە هاندانی پرۆژە کەسیەِ پیشەییەکانەوە . دواجار کۆمپانیاکەیش ئەتوانێت بەدوای فراوان ترین ڕێژەی هاوبەشی ئەندامەکانیدا بگەڕێت لەبواری کارکردنیدا و لەخۆگونجاندنیدا لەگەڵ بازاڕدا .تێگەیشتنەکانی ئەم کۆمپانیا بەشێوەیەکی دیار بەرەو دەرەوە ئەڕوات , سەرەڕایی بایەخە بەردەوامەکانی بۆ سازکردنی سەرچاوە مرۆیی و تەکنۆلۆجیەکانی .

گەر بێتو چەمکی کۆمپانیا فراوان کەینەوە بۆئەوەی هەمووکۆمەلگا بگرێتەوە , ئەوا دەمان بات بۆگوتنی ئەو ڕاستیەی کەوا ئێمە لەکۆمەلگایەکی پیشەسازیدا ناژین کەچەند ململانێیەکی کۆمەلایەتی ناوەندی زاڵ بۆتە سەریا , بەلکو لەبەریانێکی گۆڕانکاری بەردەوامداین . ئەمە بەرەو دەریایەك , یان ڕوبارێکی ترسناك هەلێگرتوین , خستوینیەتیە بەردەم وەلام دانەوەی خێرای چەند ڕوداوێکی چاوەڕوان نەکراو کەلەبەشێکی زۆریا برێکمان پێشبڕکێکە ئەبەینەوەو ئەوانی ترمان غەرق ئەبین . بیرۆکەی بازاڕ چووە شوێن بیرۆکەی کۆمەلگا , ئەم گۆڕانکاریە لەگەڵ داڕوخانی سیستەمە کۆمۆنیستیەکاندا شێوەیەکی درامی وەرگرت , چونکە ئەنجام گیری بەرپرسە سەرەکیەکانی ئەو ولاتانە ئەوە بوو کەوا : سیستەمەکانیان قابیلی چاکسازی نیە , هەر بۆیە دەکرێت فڕێ بدرێتە سەر





شەپۆلەکانی ئەو ڕوبارە نەناسراو و هەڵەشەوە , هەرچەندە ئەمە لەخراپترین بارودۆخیشدا بێت , ئەوە بوو هەولیاندا بۆ تازەکردنەوەی ئابوری بازاڕ بەهەر نرخێك بێت . ئەوەتا ئێستا ئێمە , لەخۆرهەلات و لەخۆرئاوا لەگەڵ تەوژمی ئەو شەپۆلانەی کۆمەلگادا مەلەوانی ئەکەین کەوا لەسێ کۆمەڵە پێکهاتووە : کۆمەڵەی ڕابەرە کەشتیەوانەکان , ئەمانە پێکهاتون لەو کۆمەڵە کەمەی وا سەرکردایەتیناکرێن , بەلکو ئەوانەی واوەلام دەرەوەی ئاگادارکردنەوەکانی بازاڕ و بارودۆخن بەگشتی , ئەمانە گەشتیارە بەرخۆرەکانن , لەهەمان کاتدا ئەندامی ستافەکانیشن , ئەوپاشماوانەن وا زریانەکە لەگەڵ خۆیدا هەڵی گرتون و فڕێی داوەنەتە دەریاوە , وەکو پێرێك کەهیچ کەلکێکی نیەو قورساییەکی زیادەیشی هەیە . ئەم کۆمەلگا لیبرالیەی وا جێگەی کۆمەلگای چینە کانی گرتۆتەوە , لەڕوی کۆمەلایەتیەوە ئامادەباش کراوە بۆ ئەوەی چاودێریەکی خوداوەندانەی هەبێت و – دیمۆکراسیەت وشێوەکانی تری دەوڵەتیش – کۆیلەیەتی تیایدا شوێنی ئستغلال ( خراپ بەکارهێنان ) بگرێتەوە . هەروەها بەشێوەیەکی تایبەت تێگەیشتنی پاشکۆیەتی شوێنی تێگەیشتنی هاوشانی و هاوکاری بگرێتەوە .

ئەم وێنە لیبرالیەی کۆمەلگا زیاتر ئەو کەسانە سەرسام ئەکات کەوا لە کاری سیاسی ئیرادەگەری و شۆڕشگێڕانەدا نائومێد بوون , هەر ئەمەیشە تەفسیری ئەو نەشئەمان بۆئەکات کەهەندێك لەچەپە کۆنەکانی گرتۆتەوە , (**)ئەوان یەکسەر ئەچنە ناولیبرالیەتێکی توندڕەوانەوە و ئەکەونە پیاهەڵدان بەکەلێن و بۆشاییەکانی سیستەمە کۆنەکەوە , لەگەڵ ئەو



www.pertwk.com
PDF4Kurd

ئازادیەی ژیانی تایبەتی و دەرچوون لەو کۆت و بەندانەی وا نموزەجە ئیداریەکانی کۆمەڵگا دەیسەپاند . لەسەر ئەم پێشکەوتنەی وائەمریکیەکان بەلیبرالیەتی ئاژاوەگێڕی ناویان ئەبرد , ئەم کۆمەڵگا تەسك بۆتەوە بەس بۆکۆمەڵگایەکی ئامێری , یان ستراتیجیەتێك کەڕابەرایەتی ئەکات و ئەیگۆڕێت . نابێت ئەوەمان لەبیربچێت کە ئەویش دیسانەوە کۆمەڵگایەکی دڕندەیە کە وردە وردە چانس و دەرفەتی خەڵکە فەرامۆشکراوو نەخوازراوەکانی تیا کەم ئەبێتەوە بۆچونە ناو پێشبڕکێکەوە . لەم ڕووەوە جیاوازیە کۆمەڵایەتیەکان فراوان ئەبنەوە , لەگەڵ ئەوەی کەچینی ناوەند هەر لەزیادبوندایە و هیچیشیان لێ دور ناخرێتەوە جگە لەکولتورە کەمینەییەکەی خۆیان کەوا پەیوەندیەکی زمانەوانی دوولایەنەی ناهاوسەنگ گرێی ئەدات کولتوری زۆرینەوە ؟ ناکۆکی ئەم کەمینانە لەگەڵ زۆرینەدا وای کرد لەگەورە پیاوانی بەرهەمهێنان و بەرخۆری و کەرتی پەیوەندیەکان مانایەکی تازە بدەنە ڕوبەڕو بونەوەی نێوان ڕاسترەو و چەپڕەوەکان . لێرەوە ئیتر ڕاسترەوەکان بەرگری ناکەن لە بالأیی چینێك , بەڵکو بەرگری لەو خەڵکانە ئەکەن والەپێشی پێشەوەن و بڕوایان بەستراتیجە باشەکان هەیە بۆ کەم کردنەوەی تێچوونە کۆمەڵایەتیەکانی گۆڕانکاری . لەلایەکی ترەوە چەپەکان بەرگری لەخەڵکە دورخراوەو پەراوێزکراوەکان ئەکەن زیاتر لەوەی کەبەرگری لەچەوساوەکان بکەن . ئێستا بەجۆرێك کارئەکەن کەزۆر هەستیارن بەرامبەر نایەکسانی گەورەی نێوان باکورو باشور و ئەو مەترسیانەی وا هەڕەشە لەگۆی زەوی ئەکات , هەروەها بەرامبەر گۆشەگیرکردنی هەندێك توێژی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری





فەرامۆشکراو . تائێستایش ڕۆحیەتی چەپڕەوانە لەگەڵ زۆر کێشەی سەختدا توشی بەریەك کەوتن ئەبێت , چونکە ئەوان ئێستا بەناوی کەمینەیەکەوە قسە ئەکەن نەك زۆرینە . هەر بۆیە دەبینین ئێستاحیزبی دیموکراتی ئەمریکی هەوڵ و ڕەنجێکی زۆرئەدات بۆئەوەی لەم دیاری کردنە تەقلیدیە دەربازبێت کەوا حەتمەن توشی شکستی ئەکات .

ئەم لیبرالیزمە توندەڕەوە پیشەوای نەزعەی بەمۆدێرنە کردنە ( التحديث ), بەڵام لەهەمانکاتدا تێی ئەپەڕێنێت و ڕەوتێکی کۆمەڵگای ئابوری دروست ئەکات کەدەبێتە زەمینەی پێگەیاندنی ڕۆشنبیری پۆست مۆدێرنە. ئەمە شێوازی باڵادەستی کارگێڕیە لەکۆمەڵگای کۆتاییەکانی سەدەی بیستەمدا .

هەرکاتێك کۆمەڵگا وردە وردە لەگەڵ بازاڕدا تەماهی کرد لەڕوی گرەوە ئایدۆلۆژی و سیاسیەکانەوە وەك ئەوە دەرئەکەوێت کەون بووە , ئەو کات ئیتر هیچی تر نامێنێتەوە جگە لەململانێ لەپێناوی پارە و سامان و گەڕان بەدوای شوناسدا . ئێستاکێشە ناکۆمەڵایەتیەکان شوێنی کێشەکۆمەڵایەتیەکانی گرتۆتەوە , نمونەی کێشەکانی تاکەکەس و گۆیی زەوی کەوا زاڵ بۆتە سەربواری کۆمەڵایەتی و سیاسیدا لەئاستی سەرەوەو خوارەوە و تاڕادەیەك لەهەموو ناوەڕۆکێك بەتاڵی کردونەتەوە . ئەم کۆمەڵگایە هەنگاوی فراوانبون نانێت تەنها دوای ئەوە نەبێت بەتەواوی بیری لێئەکاتەوە , بەڵام بەوریایشەوە زۆرلە فکرە مەزنەکان و گوتارەقورسەکان ئەترسێت , ئەوانەی تێکەڵیەکی سەخت لەنێوان نەزعە بیانوگەراییەکەیان و خەونەکانیان ئەکەن . هێزی گەورەی ئەم بیرو ڕا لیبرالیە لەوەدایە کەوەك جێگیرترین پاسەوان دەرئەکەوێت دژی گشت ئەو



www.pertwk.com
PDF4Kurd

هەوڵانەی بۆ وەرگرتنەوەی دەسەڵات لەگروپە دەسەڵاتدارەکان ئەدرێت , بەتایبەتی ئەوانەی وا بەناوی مرۆڤ و کۆمەڵگاوە قسە ئەکەن . یەکەم وادیارە ئابوری لەبەرامبەر توندی و درندەیی سەرکردەکان زۆرهێمن ترە , چونکە کەمتر خودییە , لەکاتێکدا پیاوە خاوەن بیرو باوەڕە چەسپیوەکان , ئەوانەی واهەڵگری پرۆژەی گەورەن هەمیشە لەهەوڵی سەپاندنی بڕواو دەسڵاتی خۆیاندان .

ئەو رەخنەی وائەم بیروڕا بانگەشەی بۆئەکات قوربانی دەستی ئەو ئامێریبونەی تایبەت بەخۆیەتی , ئەمە وای کردووە کۆمەڵگا ڕووت و ئەبستراکت بێت , بازاڕێکی درێژی بێ کۆتایی بێت لەگۆڕانکاری , بەڵام هیچ بایەخێك نادات بەو ڕفتارانەی کەدەرئەچن لەبازنەی ئەم نەزعە تەسکە . ئەمە گەڕانە بەرگریکارەکان تەفسیرناکات دەربارەی شوناس و بەڕێوەبردنی هاوسەنگیەکان . هەروەها لەمەیلی نیشتمان پەروەری و ڕۆشنبیری خەڵکە پەراوێزکەوتوەکان ناگات , بەکورتی ئەمە ئایدۆلۆژیای ئەوانەیە وا گۆڕانەکان بەڕێوە ئەبەن و هەست بە شایستەیی خۆیان ئەکەن لە ( یاریەکەدا ) , بۆئەوەی جوڵانەوە لە ناکارایی بەباشتر بزانرێت و هێرش کردنیش لەبەرگری . بەڵام هاوکات کەسایەتی سیستەمەکانی پەیوەندی لەخودگەرایی بەباشتر نازانێت , ئەمانە دەستەبژێرێکن ناتوانین توانایان لەبەرچاو نەگرین بۆڕاکێشانی زۆرینە بێدەنگەکان بەدوای خۆیاندا .

نەزعەی لیبرالیەت بەهیچ شتێکەوە پێوەست نابێت تەنها بەڕوخسارێك لەڕوخسارە تەقیوەکانی مۆدێرنەوە نەبێت , ئەویش مۆدێرنەی کارو گۆڕانکاریە . کەئەمەیش بەدابڕاوی لەڕوخسارەکەی تری , کە مۆدێرنەی





شوناسێکی هەڵقوڵاوە لەهەموو کارەکۆمەڵایەتیەکان . دەربارەی خودێتی شوناسە خنکێنەرەکان , جیتۆکان و مافیا دژوارەکان , یان ئەو شوناسانەی کەوا لەسەر دیوارەکان و ئۆتۆمبیلە نەفەر هەڵگرەکان ئەنوسرێن , شوناسێك ئەنوسن بەڕاستی ناتوانرێت کۆدەکانی هەڵوەشێنرێتەوە و بخوێنرێتەوە , ئەمەیە شوناسێکی فەرامۆشبوو .

لێرەدا هیچ کۆمەڵگایەکمان نیە کەهەر بازاڕێك بێت بەتەنها , جگەلەو وڵاتانەی وادەکرێت بازاڕ تیایدا دراوسێی جیتۆبێت و لەڕویی گۆڕانکاری و جوڵانەوەوە خەڵکێکی پەراوێزخراوی تیاکۆبوبێتەوە . ماوەیەکی زۆرە وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا نمونەی دیارو ڕون و ترسناکی خۆی پێشکەش کردووە لەبواری کۆمەڵگا تەقیوەکانەوە . وڵاتە ئەوروپیەکانیش بەشێوەیەکی خێرا لێی نزیك ئەبنەوە سەرەڕای ڕاگەیاندنە ئاشکراکانیان دەربارەی نزیکخستنەوەی یەکانگیری کۆماری و ئاسایشی کۆمەڵایەتی و تێکۆشانی پێویست دژبە نایەکسانی . بەڵام تێکۆشان چەند شێوازێکی زیاتر دراماتیکیان وەرگرت لەو ڕووەوە کەشۆڕشێکی مەزنمان نیە ڕێگە بۆهەموو هەژاران خۆشبکات بژین و هەندێك جاریش لەجیتۆکە دەربچن . وڵاتە دواکەوتوەکان و تەنانەت ئەو وڵاتانەیش کەوا پێگەیەکی مام ناوەندیان هەیە وەك زۆربەی وڵاتانی ئەمریکای لاتینی بەخێرایی بەرەو دوالیزمێك ئەبرێن کە هەژاران لەزیادبونێکی بەردەوامدان و وردە وردە لەو توێژانە دورئەکەونەوە کەبەشدارن لەسیستەمی ئابوری جیهانیدا . ئایا ئەکرێت دەربارەی نمونەی ئەم کۆمەڵگانە قسەبکەین تەنها بەبەکارهێنانیگوزارەکانی پزیشکی ناوەکی کۆمەڵایەتی نەبێت , لەگەڵ ڕەچاوکردنی ئەو ڕاستیەی



www.pertwk.com

PDF4Kurd

کەئەوەی وا جیای ئەکاتەوە دوو ئەوەندەی هێزە پوچەڵکراوەکەیەتی لە کاریگەری کردن لەسەرخۆی , تائەو ڕادەی کەمەسەلەکە ئیتر پێوەست نیە بە واقعی سیستەمە کۆمەڵایەتیەکانەوە , بەڵکو بەو کۆمەڵگانەی بەسەرخۆیدا دابەشبووە بەتایبەتی لە و ڕووەوە کە هەژارەکان لەجیهانی دەوڵەمەندەکاندا ئەژین , هەر ئەمەیشە پێکەوەژیانی کۆمەڵە مرۆییە داخراوەکان و ناوچەکانی کرانەوە بەڕوی ئابوری جیهانیدا وێران ئەکات , یان هەر توانایەکی بەشداریکردنی سیاسی و ناڕەزایی کۆمەڵایەتی ئەڕوخێنێت .

ئێمە ناتوانین تەماشای کۆمەڵگای خاوەن جوڵە بکەین لەبەرامبەر نمونەی عەقلانیەتی سەرەتاکانی سەردەمی مۆدێرندا , ئەو سەردەمەی وا تێگەیشتنێکی گشتگیری پێکئەهێنا . تەنانەت لەو کاتانەیش وامۆدێرنە لەقەیرانێکدا بوو کەهەوڵی هەڵوەشاندنەوەی خۆی ئەدا . بەپێچەوانەوە ئەم بیروڕا لیبرالیە تەنها بەشێك لەکۆمەڵگا وەسف ئەکات , وەك ئەو دەلیلەی کەناتبات بۆزیاتر لەبەشێکی شار , گەربمانەوێت گوزارشەکەمان ڕونتر دیاربێت ئەوا دەڵێین ( هەر گەڕەکە جوانەکانمان نیشان ئەدات ) , هەر بۆیە هەمان ڕەخنە خۆی دژی تێگەیشتنی ژیانی کۆمەڵایەتی جیتۆکان و کۆمەڵە پەراوێزکەوتوەکان پیادە ئەکرێت .

ئەوپەراوێزکەوتوانەی والە بزوتنەوە هەمیشەییەکەی تازەگەری وبڕیارەکانیدا دورخرابونەوە ئێستا پشت بەڕۆشنبیریەکی چینایەتی , یان ناوەندێکی کرێکاری جەماوەری نابەستن . ئەوانە ئێستا بەوکارانە دیاری ناکرێن کەپێی هەڵئەسن , بەڵکو بەوکارانەوە ئەناسرێن کە پێی هەڵناسن ,





یان بەپێوەری بێکاری و پەراوێز کەوتوییان . ئەم کۆمەڵگای گۆڕانکاریە کۆمەڵگای ناکارایی و چەقبەستنە . ئەم دورخراوانە هەندێك جار ئەکەونە داوی ئاژاوەگێریی و هەندێك جاری تر کەتن و تاوان کاری , هەر بۆیە بەتێپەڕینی کات ئامێزان ئەبن لەکۆمەڵگا ڕەگەزی و هاونەتەوییەکاندا . ئێمە لەماوەیەکی زۆر بەرلەئێستاوە ئەم حاڵەتە لە ئەمریکاو بەرەیتانیادا ئەبینین . ئەوانەی ئەمڕۆ بەگوێرەی چالاکیەکانیان دیاری ناکرێن یەکسەر ئەچن شوناسێك بۆخۆیان دروست ئەکەن , یان جارێکی تر شوناسەکانیان تازەئەکەنەوە بەگوێرەی بناغەی ڕەسەنایەتیان .

ئەم دیاردەیە گرنگیەکی زیاتر وەرئەگرێت ئەوکاتەی لەئاستی جیهانیدا تەماشای ئەکەین , بەلاَم لێرەدا بواری قسەکانمان دیاری ئەکەین بۆئەو کۆمەڵگا پیشەسازیانەی وا بەکۆمەڵگای پۆست مۆدێرن ناوئەبرێن . ئەمانە کۆمەڵگای دینامیکی و لیبرالین چونکە لەو گۆڕانکاریەوە دێن کەهەمیشە شێوەژیانی کۆمەڵگاو مۆدێرنە تیایدا لەئاڵو گۆڕدان . ئەمەش دیسانەوە کۆمەڵگای کۆمەڵە مرۆییەکان و جیتۆکانە , بەتایبەتی ئەو کاتەی لایەنە کۆمەڵایەتیەکان بەس لایەنێکە و هیچی تر , لێرەدا بێکارەکان و پەنابەران و خوێندکارانی ئامادەیی بەتەواوی نیگەرانن بەرامبەر دوارۆژی خۆیان , تەواو دابڕاون لەسیستەمەکان و لایەنەکانیش . بابەتی بونی بازاڕو گەڕانی خودی بەدوای شوناسدا , لێرە بەدواوە شوناسێکی کۆمەڵایەتی – پیشەیی نیە , جوتیارێك یان کرێکارێك نیە کەپێکەوە کۆببنەوە . ئەم دوالیزمە لەناخەوە و زیاتر لەلایەن ئابوریەکی (خاوەن خێرایی )ەوە گورزی بەرئەکەوێت , ئەمە هاوشێوەی ئەو ئابوریەیە کەلە وڵاتە



www.pertwk.com

PDF4Kurd

پیشەسازیەکان ئیدانە کراوە , زیاتر لەئیدانە کردنی لەولأتانی جیهانی سێیەم .

لەئەوروپای بەپیشەسازی کراودا لەم چەند ساڵەی دوایدا کۆتایی بزوتنەوەی کرێکاریمان بینی , ئەوانەیان واتوشی گەندەڵی بوون بەهۆی بەشداریکردنیان لەگەڵ نەزعەی تۆتالیتاریزمی کۆمۆنیزمیدا , یان لەبەر ئەوەی هاتنە ناو سیستەمەکانی بڕیارە ئابوری و کۆمەلأیەتیەکانەوە و دواجار تەسك بونەوە بۆئەوەی کە لە" هاوبەشێکی کۆمەلأیەتی " زیاتر نەبن , ئەم مەسەلەیە بوو کە ڕۆڵێکی گرنگی پێبەخشی لەکۆسیستەمی سیاسیدا , بەلأم نەك لەگفتوگۆ ناوەندیەکانی پەیوەست بەئاراستە کۆمەلأیەتیەکان . گەر لێرەوە تەماشای ژیانی کۆمەلأیەتی بکەین وەك پێشبڕکێیەك , ئەوادەبینین هەندێك تێ ئەکۆشن بۆبردنەوەی پێشبڕکێکە , خەڵکانێکی زۆرتریش هەوڵ ئەدەن بەس لەناو پێشبڕکێکەراندا بمێننەوە , هەندێکی تریش ترسی خۆیان ناشارنەوە لەوەی جێ بمێنن , یان لەماندوویێتیدا بکەونە سەرزەویەکەو واز لەپێشبڕکێکە بهێنن .

ئێمە لەململانێ کۆمەلأیەتیەکانەوە گواستومانەتەوە بۆئەو هیواو بێ ئومێدیەی گرێدراوە بە وەرچەرخانە خێراکانەوە , لەکێشە بونیادیە کۆمەلأیەتیەکانەوە بۆکێشە کانی شێوازی گۆڕانەکان . بزوتنەوەکانی لاوان , هاوشێوەی ئەوانەی فەرنسا ساڵی 1968 بەخۆوەی بینی باشترین نمونەی ئەم ڕوانگە کۆمەلأیەتیە تازەیە . گەر خوێندکارانی دواناوەندی , بەتایبەت خوێندکارانی شارە کەناریەکان خۆپیشاندان بکەن , بەتایبەتی ئەوانەیان لەشوێنگەلێکی واوە هاتبون لەڕوی خوێندن و فێربونەوە نەگەیشتبونە





هەمان ئاستی ئەوەی پێشتری پەنابەران لەناو کۆچبەرەکاندا , گەربێتوو ئەوانە خۆپیشاندانێك بکەن لەبەر ئەو ترسەیان کەهەیانە لەدواکەوتنیان لەچونە ڕیزی فراوانی بەرخۆرە مەدەنیەکان . لەگەڵ ئەمەشدا هەندێکی تر لەلاوان کە لە گەڕەکە تازەکانی لیۆن و پاریسدا ئەژین بوون بەهۆی چەند ڕوداوێکی ترسناك , ئەوکاتەی چەند شوێنێکی بازرگانیان تالأن کرد و برێك ئۆتۆمبیلیان سوتاند , بەتایبەتی لەوکاتەدا کەدەستتێوەردانی درندانەی پۆلیس بوبەهۆی کوشتنی یەکێکیان . ئەوانە هیوای یەکانگیری کۆمەلأیەتیان لەدەست دابوو , ئەوەی وا خوێندکارانی دواناوەندیەکان لێی بەهرەمەند بون . بەلأم ئەو ئاگرەی وائەیجولأندن گوزارش لەمەحاڵی ئەو یەکانگیریە کۆمەلأیەتیە ئەکات کەزیاد لەحەدی خۆی ڕەتئەکرایەوە (★★★).

بەلأم کام لەم دووکاردانەوە خاڵی دەرچونمان پێشکەش ناکەن بۆ هەستان بەبزوتنەوەیەکی کۆمەلأیەتی تازە , وەکو چۆن لەسەدەی نۆزدەهەمدا بە کارە ترسناکەکانی چینی کرێکاران ئەوترا لانکەیەك بۆ بزوتنەوەیەکی کۆمەلأیەتی پێك دێنێت . ئەم چینانە دەلالەت لە بەقەیرانکردنی کۆسیستەمێك ئەکەن کەکار لەسەر چەند ڕەهەندێکی کاری کۆمەڵەیی ئەکات زیاتر لەوەی بۆنارەزای دەربڕین هانیان بدات . هەروەها هەمان شتمان لەئەوروپا و پێش ماوەیەکیش لەولأتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا بینی , ئەم دوورکەوتنەوەیە لەجیهانی بەرهەمهێنان و بەرخۆری ڕەگەز پەرستی پێباشە , یان هۆشیاربون بەشوناسی ڕگەز ئەکاتە جێی بایەخ و گرنگی پێدانی .



www.pertwk.com

PDF4Kurd

ئەوانەی وا لەرێگای کارەکەیانەوە ناتوانرێت دیاری بکرێن لەبەر ئەوەی کە بێکارن , یان بەو بنەڕەتە دیاری ئەکرێن کەلەسەری ئەڕۆن , دواجار زۆربەیان لەرێگای ئینتما ڕەگەزیەکەیانەوە پۆلێن ئەکرێن . ئەم ڕۆشنبیریە دژکاریە کەلەرێگای کاسێتی ( وێنەکان وهەندێك جار شتی تریش ) دیاری ئەکرێن , یان لەگەڵ ئەوتەعبیرە مۆسیقیانەی واسەرچاوەیەکی بەهێزی نەتەوەییان هەیە ئەبێتە چەند خاڵێك بۆ پشت پێبەستنی دانیشتوانە پەراوێزکەوتوەکان , بەڵام لەناخی خۆیشیاندا ئارەزووی چونە ناو ئەو جیهانەیان پاراستووە کە پێشتر ڕەتیکردنەوە . ئەوەی والەهەندێك گەڕەکی نیۆرك و لەندەندا ئەیبینین , یان بەشێوەیەکی تەسکتر لەپاریسیش , جیاواز نیە لەو دابڕانەی هەمووساڵێك بەشێوەیەکی گەورە لەنێوان نەتەوە دەوڵەمەندەکان و هەژارەکاندا ئەیبینین . ئەو سەردەمە تێپەڕی مرۆڤ بەو میللەتە هەژارانە بڵێت جیهانی سێیەم , لەکاتێکدا ئاواتی ئەو دەوڵەتی سێیەمەی بۆئەخوازرێت لەفەرەنسا سیستەمی کۆنی ژێرو بان کرد .

ئێمە کەئێستا قسە لەبارەی جیهانی چوارەمەوە ئەکەین , لەبەر ئەو نائومێدیەیە شوێنی هیوای گرتۆتەوە , یان ئەو پەراوێز بونەی شوێنی هیوا ی چونە ناوپرۆسەی بەرهەمهێنان و بەرخۆری مۆدێرنی گرتۆتەوە . ئەم مەسەلەیش ئەبێتە هۆی هەڵوەشاندنەوەی کاری دەستە جەمعی , کەوا لێرە بەدواوە توانای ناڕەزای دەربڕینی نیە دژی مولکداریێتی کۆمەلایەتی بۆدەزگاکانی بەرهەمهێنان . ئەوانەی وا لەنێوان چەقبەستن لەسەر شوناسێك کە هەتادێت ئەفسانەییتر دەبێت و گەشانەوە و دڵخۆش بوون بە ڕوناکیە ساختەکانی بەرخۆریی تێکشکان.





## نەزعە پۆست مۆدێرنەکان

جیابوونەوەی نێوان عەقڵئامێری کە ئێستا بووە بەستراتیجی بازاڕە ناجێگیرو خاوەن جوڵەکان و ئەو کۆمەڵە مرۆییانەی لەجیاوازیەکانی خۆیاندا داخراون دۆخی پۆستمۆدێرنەمان بۆدیاری ئەکات . نەزعەی مۆدێرنە جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کەوا پێشکەوتنی عەقلانیەت هەر ئەوە نیە کە ئەنجامە خراپەکانی وەك ڕیشەکێش کردنی لایەنە باشەکانی بیرو باوەڕ و نەریت و شتەباشەکانی دەربارەی ڕابردوو لێ ئەکەوێتەوە , بەڵکو ناوەڕۆکی ڕۆشنبیری تازەیشی بەرهەم هێنا . وەهەر بەم جۆرە بوو نەزعەی بەمۆدێرنکردن جەختی لەسەر یەکترتەواو کردنی عەقڵ و چێژ کردەوە بەشێوەیەکی ئاژاوە گێڕانەی ئەرستۆکراتیانە لەسەدەی هەژدەهەمدا و , بورجوازیانە لەسەدەی نۆزدەهەمدا , جەماوەریش لەسەدەی بیستەمدا , ئەمەش بەهۆی بەرزبونەوەی ئاستی ژیانەوە بوو . دوای ئەوەی مرۆڤی مۆدێرن لەو گرێی هەست بەگوناهکردنە قوتار بوو کەلە ئاینەکانەوە بۆی مابوەوە , ئیتر لەو کاتەوە توانای ئەوەی پەیدا کرد کە پێکەوە گونجانێك دروست بکات لەنێوان چێژی جەستەو چێژی ڕۆحیدا , تەنانەت هەڵچونە دەرونیەکانیشدا , هەر بۆیە ئیتر ئەم مرۆڤە ناچار بوو هەستیارو لێزان بێت بەرادەی زیرەکیەکەی . وێنەی (kalos kagathos) ( چاك و جوان ) وەك ئەوەی یۆنانیەکان ئەیانوت , بەهیچ جۆرێك ئێستا جێی ڕەزا مەندی نیە . چونکە بەڕاستی دەلالەت لە چەند دەربەستیەکی بیزارکەر



www.pertwk.com

PDF4Kurd

ئەکات بەرامبەر هەلومەرجە واقعیەکانی ژیانی زۆرینە . بەڵام بیرۆکەی پێکەوەگرێدانی ڕاستەوخۆی نێوان هزری بە عەقڵانیکردن و نەزعەی تاك گەرایی نەخرایە بەردەم گومانەوە جگە لەچەند حاڵەتێکی دەگمەن , لەوانە ڕەخنەگرتن لە جیاوازی کۆمەڵایەتیی و خراپ بەکارهێنانی ئابوری , لێرەدایە کە ئێمە داوای ئەوە ئەکەین هەموان بێنە ناو جیهانی مۆدێرنەوە , یان جیهانێکی لیبرالی و بەرهەمهێنەر و بەختەوەر لەهەمان کاندا . ئەم وێنە گشتگیرەی مۆدێرنە بوو تێکشکا دوای ئەوەی لەنیوەی دووەمی سەدی نۆزدەهەمەوە هەندێك بیریار بیری مۆدێرنەیان خستە بەردەم ڕەخنەو دۆخی بەقەیران کردنەوە .

بارودۆخی گەشەکردنی ئابوری و ئازادی سیاسی و بەختەوەری تاکەکەس لێرە بەدواوە پێکەوە گرێدراو و تیۆریزەکراو نیە . هەربۆیە ستراتیجە ئابوریەکان جیاکرایەوە لە بونیاتنانی ڕۆشنبیریەك و کەسایەتیەکی جیاواز و ڕەوتێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو , هەمووئەمانە بەشێوەیەکی زۆرخێرا ڕویاندا , هەر ئەم جیاکاریەشە ناونراوە بیری پۆست مۆدێرنە و دواجار تایبەتمەندیەکانیشی دیاری ئەکات .

ئەگەر مۆدێرنە پێشکەوتن و کولتور پێکەوە گرێبدات , لەهەمانکاتدا کولتورو و کۆمەڵگا تەقلیدیەکان لە بەرامبەر کۆمەڵگا و کولتورە مۆدێرنەکان دائەنێت , ئیتر بەم پێودانگەیش هەموو واقعە ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتیەکان لە ڕێگەی پێگەو شوێنگەیەوە لەتەوەری : نەریت – مۆدێرندا شیکارئەکات. بەڵام پۆستمۆدێرنە هەموو شتە هاوبەشەکان لەیەك جیائەکاتەوە . گەر بێتو سەرکەوتن گونجاو نەبێت بۆعەقڵانیەتی





ئەندازیارێك بەڵکو گونجاوتر بوو بۆ واقعیەتی ستراتیجێك , یاخود گەر یەکێك نەریتی ڕەوشتە پرۆتستانتیەکانی نەزانی , ئیدی ئەمە لە ئەنجامی بلیمەتی دابینکەری بوجەکەوە بێت ( بازرگانەکە ) , یان زیرەکی یاریزانەکە بێت ( بەومانایەی والەتیۆری یاریەکاندا قسەی لەسەرئەکەین ) ئەوا دەکریێت ئێمە واز لەکەلەپورەکەی ماکس فیبەر و( کۆندۆرس )ە کەیشی بهێنین , ئیتر لەمەو لایش تەعریفی ڕۆشنبیری بکەین بەبێ گەڕانەوە بۆ پێشکەوتنی بەعەقڵانیکردن , دواجاریش دەرچوون لەبواری کاری مێژوویی .

جیانی ڤاتیمۆ ئاماژە بۆدوو گۆڕانکاری بنەڕەتی ئەکات لەدیاری کردنی پۆست مۆدێرنەدا : کۆتای هەژموونی ئەوروپیەکان بەسەر هەمووجیهاندا , لەگەڵ پێشکەوتنی دەزگاکانی ڕاگەیاندن کەوا گوێڕایەڵی دەنگی ڕۆشنبیریە ناوچەییەکان و کەمینەکان بوو . بەم جۆرە لەناکاتێکدا بەجیهانی کردن ( Globalization ) هاتە ئاراوە و بایەخی ناوەندی خۆی دا بەبزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکان , ئەوانەی وا ئەوروپای سەدەی هەژدەهەم و نۆزدەهەم بەدوو جۆر تەماشایان ئەکردن , کە یان ئەوەتا لەپێناوی عەقل و پێشکەوتنا تێئەکۆشن , یان لەدژیدا . سەرەڕای ئەمەش کۆمەڵگا ئەو یەکێتیەی نەماوە کەوا هیچ کەسایەتیەك , یان هەر توێژێکی کۆمەڵایەتی , یان هەر گوتارێك بتوانێت بەتەنها ماناکان بۆخۆی قۆرغ کات , ئەم مەسەلەیش بوە بەهۆی ڕۆشنبیربونێکی فرەلایەن کەبەزۆرکار و ئامرازی جیاجیا بەرگری لێئەکرێت . لەلایەکی ترەوە , ئەو دڵەڕاوکێی واپێشتر ئاماژەمان بۆکرد لەڕوی لێکجیا کردنەوەی ڕفتارەکانی بەرهەم هێنان و



www.pertwk.com

PDF4Kurd

بەرخۆری ژیانی سیاسیەوە , دواجاریش لەبەرامبەر ئەو ناکاتیبونەی کۆمەڵگاوە وابیری خۆرئاوایی وێنای ئەکات , ئەم دڵەڕاوکێ ئەگاتە ڕادەی ئاگاداربون و هۆشیاربون بە ونبونی هێزە دروستەکەرەکانی مێژوو . لەگەڵ ئەمەشدا کارەکتەری تاك خۆی هەڵئەوەشێنێتەوە تائەوڕادەی ( ئیرفینگ گوفمان )دەیگەڕێنێتەوە بۆزنجیرەیەك نمایشی خودی کەلەڕێگای کۆنتێکستەکانیەوە ( سیاق )دیاری ئەکرێت , یان لەڕێگای کارە ئاڵوگۆڕکراوەکانەوە نەك لەڕێگای ئاراستەکردنیان بۆ کارو پرۆژەدیاریکراوەکان , ئەمەیش مەسەلەیەکە خود کورت ئەکاتەوە بۆبڕێکی هەژار .

لەکۆتایی ئەم سەدەی بیستەمەدا دەرکەوت کەوا تێکشکانی (من )و (کۆمەڵگا )و( ئاین ) ئەوەی وا نیچەو فرۆید دەستیان پێکرد گەیشتە ئەو پەڕی . ئەم داڕوخانە بەهزری نیکلاس لومان بەهێز تر بوو , کەوا هەردوو بیرۆکەی خود و لایەنی کۆمەڵایەتی دورخستەوە , وەك ئەوەی لە هزری ئەرکخوازی ( وظیفیة ) ی تالکوت بارسونز دا دەرکەوتوە , ئەمەیش هەر لەڕێگای چڕکردنەوەی شیکردنەوەکان لەسەر هەمان کۆسیستەم , هەروەها لەسەر ئەو جیاوازیە زۆرەی سیستەمە لاوەکیەکانی , ئەوەی وا ئەوانی تر بەلایەوە لە چوارچێوەیەك زیاتر هیچی تر نین , هەروەها ژیانی کۆمەڵایەتیش بەلایانەوە هیچ نیە جگە لەوەی چوارچێوەیەکە بۆسیستەمە سیاسیەکان .

شتێکی ئاسانە ڕەخنە لەو فرەواتاییە ی پۆست مۆدێرنە بگیرێت , بەڵام ئەم ڕەخنە گرتنانە ناگاتە شتە بنەڕەتیەکان . نەزعەی پۆست مۆدێرنە وەك





ئەوەی پێشتر تەعریفم کرد و ئێستایش وەسفی ئاراستە بنەڕەتیەکانی ئەکەم , زۆر لەوە زیاترە کە هەر ئاراستەیەکی فکری بێت بەتەنها , بەڵکو ڕاستەوخۆ ئەبێتە تەواوکەری ئەو ڕەخنە ڕوخێنەرەی کەلەعەقلانیەت ئەگێراو مارکس و نیچەو فرۆید بانگەشەیان بۆئەکرد . ئەمە ئەنجامی بزوتنەوەیەکی دورودرێژی فکریە . ئەم بزوتنەوەیە بەدرێژای سەدەی نۆزدەهەم بەشێوەیەکی هەمیشەیی ڕوبەڕوی بەمۆدێرنکردنی تەکنۆلۆجیاو ئابوری ئەبوەوە , ئەوەبوو هیچ نوسەرێکی گەورەی سەدەی نۆزدەهەم ئەم دیاردەی شینەکردەوە جگە لەکارەکانی جۆن دێوی کەوا بیروباوەڕەکانی خۆی لەنەزعەی داریۆنیزمەوە بەهێزئەکرد . چۆن ئەتوانین ئەو ڕاستیە نەبینین کەوا نەزعەی پۆستمۆدێرنە لەرێگای ئەم ئیشکالیەتە جیاوازانەیەوە ناگونجێت لەگەڵ شتە بنەڕەتیەکانی ئەو هزرە کۆمەڵایەتیەی وا لەهەردوو سەدەی نۆزدەو هەژدەهەمەوە بەمیرات بۆمان جێماوە , بەتایبەتی بەبوونی هەندێك چەمکی وەك مێژووگەرایی , بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی , بکەری کۆمەڵایەتی . من بەرگری لەم چەمکانە ئەکەم سەڕای هەمووشتێك دژی ئەم بیری پۆست مۆدێرنیزمە .

ئەم هزرە لانی کەم چوار ڕەوتی فکری تیا کۆبۆتەوە کەهەر یەکەیان جۆرێك لەجۆرەکانی دابڕانە لەگەڵ ئایدۆلۆژیای بەمۆدێرن کردن :

1- ڕەوتی یەکەم :

نەزعەی پۆست مۆدێرنەمان بۆ دیاری ئەکات لەسەر ئەو بنەمای کە ئەودیوی مۆدێرنەیە ( یان مۆدێرنەی زیادەڕۆیە ), وەك چۆن دانیال



www.pertwk.com

PDF4Kurd

بیل کۆمەلگای پۆست پیشەسازی تەعریف ئەکات بەو جۆرەیکە کۆمەلگایەکی ئەودیوی پیشەسازیە . مادام بزوتنەوەی مۆدێرنە دەست لەخێراییەکەی خۆی هەڵناگرێت ئەوا پێشرەوی کردنی شتێکی ئێستاییە . بەرهەمهێنانی ڕۆشنبیری , وەك ئەوەی ژان فرانسۆ لیوتار ئەڵێت لەپێشینەی هەمووشتەکانە بەهۆی ئەو بەرخۆریەی بۆزمان و نیشانەکان هەیە . مۆدێرنە خۆی بەخۆی ڕەت ئەکاتەوە . لەکاتێکدا بۆدلێر تەعریفی کرد بەوەی کە ئامادەییەکی نەمرە لەئێستایدا , ئەمەیش ناکۆك نیە لەگەڵ ئایدیالیستی ئەو ڕۆشنبیریانەی واپابەندن بەپاك کردنەوەی هزرە نەمرەکان لەشێواندن و ڕایی کردنێکی ژیانی کارەکی و هەستەکان تیایدا , ئەم مۆدێرنە دوای یەك سەدە بوبە زیندانی یەکێك لەساتەکانی خۆی و ناچاربوو بەشێوەیەکی پلەبەند ماناکان ڕەت کاتەوە . ئەمەش ڕۆشنبیریەکی فەرامۆشکاریە , بەلاّم واز لەمۆدێرنە ناهێنێت , بەڵکو دەیگێڕێتەوە بەس بۆ بونیادنانی چەند ڕێکخستنێکی تەکنۆلۆجی کەوا ئیتر سەرنج ڕاکێش نیە , تەنها مەگەر لەڕێگای جدیەتی کاریگەریە تەکنۆلۆجیەکانی , کە بەخێرایی تێئەپەڕێنرێت .

2- ڕەخنەی مۆدێرنەی کۆمەلاّیەتی و سیاسی تەواوکەری ڕەخنە ی مۆدێرنەی تەکنۆلۆجیە هەرچەندە جیاوازیشە لێی .





مۆدێرنەی کۆمەلاّیەتی و سیاسی نموزەجێکی کۆمەلاّیەتی ناکۆکی داهێنا , جێ بەجێبونی ئەمەیش پێویستی بە دەستتێوەردانی ئەو دەسلاّتە موتڵەقە هەبوو کەوا دابڕانێکی گشتگیری لەگەڵ نموزەجە کۆنەکاندا سەپاند . من لە سەرەتاوە وتم بیرۆکەی شۆرش لەوەتەی هەبووە گرێدراوبووە بە بیری مۆدێرنەوە . سەرکەوتنە کانی بیری پۆست مۆدێرنە لەکۆتایی حەفتاکاندا ئەنجامی ئەو قەیرانە بوو وا ڕەوتە چەپە شۆڕش گێڕەکان تیا ئەژیان . ئەو لیبرالیزمە نوێیەی وا لەهەشتاکاندا سەرکەوتنی بەدەست هێنا لەژیانی ئابوری و سیاسیدا , هەروەها بیری پۆست مۆدێرنەی ڕۆشنبیریش , هەمووی ئەنجامی هەڵوەشاندنەوەکانی ڕەوتی چەپ بوون , ئەمانەش شێوازێکی توندڕەوی مۆدێرنە بون , بەتایبەتی ئەو ترۆتسکیانەی وا لەسەرەتای شۆڕشی سۆڤێتیەوە بایەخیان بە وەهمی ( ئامێری ناوەندی ) ئەدا , کە بوبە پلانێکی ناوەندی و پێش ماوەیەکی کەمیش گۆڕا بۆکۆمپیوتەرێکی ناوەندی کەئەیتوانی حکومەتی مرۆڤ بکاتە بەڕێوبەرایەتی شتەکان , دواجاریش ئازاد کردنی هەموو ئەوانە لە کۆت و بەندی ئەو نەزعە خودی و سیاسیانەی کەهەمان شێوازی ستالینیەت و هیتلەری هەبوو . لەفەرنسایش ئەوە جان بۆدرلیار بوو کەوا بەنەخشەیەکی مەزن لەڕەخنەی چەپی توندڕەووەوە گواستیەوە بۆڕەخنەی پۆست مۆدێرنە ی چەپی توندڕەو , یان ڕەتکردنەوەیفاکتەری کۆمەلاّیەتی .

ئایا ئەمە بەمانای ئەوە دێت کەوا چوینەتە ناو سەردەمی توانەوەی فاکتەری کۆمەلاّیەتیەوە , زۆربەی بیریارەکان لەبۆدریارەوە بۆلیبۆفتسکی , وەها ئەم ماناقوڵەی هەڵوەشاندنەوە ئەبینن کە هزری پۆست مۆدێرنەی تیا



www.pertwk.com

PDF4Kurd

نابیننەوە جگە لەدابڕان لە نەریتێکی فکری یان ڕۆشنبیری دیاری کراو . دۆخی پۆست — کۆمەلأیەتی بەرهەمی جیاکاریەکی تەواوی نێوان ڕەوتی ئامێری و ماناکانە : ڕەوتی ئامێری لەلایەن چەند پرۆژەیەکی ئابوری و سیاسی کێبەرکێکار (منافس )لەنێوان خۆیاندا و لەناو بازاڕدا بەڕێوە ئەبرێت , بەلأم ( وتا ) ئێستا بووە بەواتایەکی تایبەتی و خودی , هەربۆیە ئیتر هیچ پرەنسیپێك نەماوەتەوە بۆڕێکخستنی ژیانی کۆمەلأیەتی جگە لەلێکبوردن . لیبوفتسکی لەکتێبەکەیدا :" سەردەمی بۆشاییەکان " — ل — 46— ئەلێت : هەموو چێژێك و هەموو ڕفتارێکیش بەگشتی ئەتوانن پێکەوە هەلبکەن بەبێ ئەوەی لەسەر حسابی یەکتر دورخستنەوە بێت . دەکرێت هەمووشتێك بەهێمنی بخوازین گەرتوانیمان ژیانێکی ساکار هەلبژێرین — وەك ئەوەی کۆمەلە ژینگە پارێزەکان داوای ئەکەن —یان ژیانێکی زۆرئالۆز لەزەمەنێکدا کەهەستیاریەکەی نەهێلراوە :. وەك چۆن لێکجیاکردنەوەی شتە تایبەتیەکان لە گشتیەکان کۆمەلە شتێکی تیادیارە بۆئاراستەکەمان . سیاسەت ئیتر قسە لەتوانای " گۆڕینی ژیان " ناکات , وەك چۆن پەرلەمانەکان ڕۆلی خۆیان لەدەستداوە لەنوێنەرایەتی کردنی داواکاریە کۆمەلأیەتیەکان . ئیترئەوانە هیچی تر نین جگە لەوەی کەچەند شوێنێکن ( بەجۆرێك کەبیانووگەراییەکەی هەمووڕۆژێك زیاتر دەرئەکەوێت ) زیاتر وەك بنکەیەکی پشتگیریکردنی دەسەلأتی جێبەجێکردنە . لایەنەکان لەوە وەستاون کە کۆمەلأیەتی بن , بەلکو بەسەرخۆیاندا داخراون بەئاراستەی گەڕانێکی نەرجسیانە بەدوای شوناسی خۆیاندا , بەتایبەتی ئەو کاتانەی ناتوانن یەکانگیربوون دروست کەن لەنێو





چینی ناوەندا کەزیاتر بەپیشەکانیان و بەرخۆریەکی زیاتر ئەناسرێن تا ئەوەی کەلەڕێگای چەند پێوەرێکی ڕفتاریەوە بناسرێن . لەکاتێکدا کە کۆمەلە خەلکێك هەیە , منیش یەکێکم لەوان , وەها بیرئەکەنەوە کە ئایاری 1968 , یان لەناو ئەو بزوتنەوە کۆمەلأیەتیانەی لەوسەردەمەدا لەدروستبوندا بوون , بانگەشەیەك بەدی ئەکرا لەبارەی دروستبونی جیهانێکی کۆمەلأیەتی نوێوە لەلایەن ڕەوتە کۆمەلأیەتیەکانەوە , ئەمانە گرەوەکانیان و ململانێکانیان زیاتر یەکگرتوو ناوەندی بوو لەگرەو و ناکۆکیەکانی کۆمەلگای پیشەسازی , هەر ئەمەیش بوو بزوتنەوەیەکی قولتری پێك هێنا لە پرۆسەی سڕینەوەی ئایدۆلۆژیادا . دواجار ئەلێین , ئەم مەسەلە کۆمەلأیەتیە , دوای دەرکەوتنی گەردوون بەو جۆرەی کە کێشەکانی پیس بوونی ژینگە و زۆربونی تەکنۆلۆجیایەکی دابڕاو لەهەموو شێوەکانی ئامێزانبونی کۆمەلأیەتی و ڕۆشنبیری هەڕەشەی لێئەکەن .

لەسەروی ئەمەیشەوە هەر سێ ئاراستە گەورەکەی سەردەمی ئێستامان : سەرکەوتنی جۆرێك لەئامێرگەرایی ( الاداتیە ) کە وەك شێوەیەك لەکاری ستراتیجی لێهاتووە , بەسەرخۆدا داخران بەرەو ژیانی تایبەتی , گشتاندنی بانگەشەکانی ژینگەپارێزەکان بۆئەو مەسەلانەی وا تەکنۆلۆجیا ئەیخاتە بەردەممان . هەموئەمانە پێکەوە بواری پۆست - کۆمەلأیەتی پێك دێنێت , لەو ڕووەوە کەپەیوەندیە کۆمەلأیەتیە ڕوتەکان , ئەوەی وائاراستە کراوە بەرەو لایەنە کۆمەلأیەتیە کانی تر جیائەکاتەوە , وەك پەیوەندی لەگەل خودو لەگەل سروشتیش . سۆسیۆلۆجەکان خۆیان واهەست ئەکەن وشەی کۆمەلأیەتی سەرسامی کردوون , وەك ئەوەی کەدەلالەت لەهەموو کێشەکانی



www.pertwk.com

PDF4Kurd

ئاسایی کردنەوە بکات , لەتێکۆشان دژی مادە سڕکەرەکان و( جیتۆکان ) , یان دژی هەژاری و ڕەگەزپەرستی , وەك ئەوەی تازەبونەوەی چەند هەستێکی باش و زیندوبونەوەی چەند دەسڵاتێکی بچوك بێت , یان هۆشیاریەکی نوێی چینی ناوەڕاست بێت کەوا لەدەرەوەی خۆیدا هێزێکی نا کۆمەڵایەتی بلاو ئەکاتەوە بەپێی ئەو هێزەی هەیانە , هەرئەمە یشە , توانای گۆڕینی ڕفتارەکان و سازکردنە کۆمەڵایەتیەکانی هەیە . بالێرەدا بپرسین چەندە سەردەمیانەیە ئەو بانگەشانەی واداوای ئامێزان بوون و هاوکاری کۆمەڵایەتی ئەکەن , لەکاتێکدا کەلەهەموولایەکەوە و بەهەنگاوی گەورەگەورە ژیانی کۆمەڵایەتی هەڵئەوشێتەوە و دەبێتە هۆی ئاژاوەو توندو تیژی لەهەژارترین و فشۆڵترین ناوچەکانی جیهاندا . بەڵام ئەم هەڵوەشاندنەوە هەندێك تیا ئەژین وەك ئەوەی تێرو پڕی یەکی خۆش بێت , یان لاواز بونی ڕێساو کۆت و بەندەکانی کۆمەڵگا زۆردەوڵەمەندەکان بێت . هەروەك ئەوەی کەمبونەوەی تەرکیزکردنی یاساو توندبونەوەی جێ بەجێبونی بسەپێنێت , کەئەمەش بوار بەکۆمەڵگایەکی دەوڵەمەند ئەدات کە لەڕێگای خۆڕێکخستنەوە پێشبکەوێت , بەبێ هیچ دەستتێوەردانێکی ناوەندی .

هەر چەندە گرانیش لەسەرم بکەوێت , چاودێری کردنی ئەم بێزاریەی کەبووە بەهۆی دروست بونی ئەم تێگەیشتنە لە لام تەواو دورە لە بارو دۆخێکەوە کە قابیلی چاودێری کردن بێت , من دان بەوەدا ئەنێم کەئەم هەزرە پاش - کۆمەڵایەتیە , ئەو کاتەی ئایدۆلۆژیاکانی مۆدێرنە تێکشکا ئازادی کردین لەو مژدە خۆشانەی کەوا دەسڵاتە پێشکەوتن خوازەکان پێی





ئەبەخشین , تەنانەت ئەو دەسڵاتانەیشیان کە زۆر سەرکوتکاربون بەرامبەر بڕێك لەو ڕۆشنبیرانەی ئەیانویست ئازادیە تایبەتیەکانی خۆیان لەدەست نەدەن .

3- ئەم دوو هەوڵدانە : سەرو مۆدێرنە , یان مۆدێرنەی دژکار , لەتواناییاندایە دەرچن لەبواری مۆدێرنە , بەڵام دەکرێت دەرچونەکەیان بەدوو ئاراستەی ڕوو لەیەکتر بێت .

ئەو ئاراستەیان کە بەزۆری جێگیردەبێت بریتیە لە : دابڕان لە مێژووگەرایی , داواجاریش ئاڵو گۆڕکردنی شێوازە ڕۆشنبیریە بەدوایەکدا هاتوەکان بە شێوازی ئێستایان . ئەوکارەی وا بەدەلالەتە ئاینی و کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگافورس ئەکات , ئەو کۆمەڵگای کە زۆرجیاوازنیە و پێویستە لەخەیاڵگەماندا و لە مۆزەخانەکاندا دابنرێت لەگەڵ ڕێکخستنێکی جوانی شێوازەکانی , یاخود کارێك کەهەڵگری مانایەکی بازرگانی یان سیاسی بێت. ئەمە نەك لەبەر ئەوەی هەمووی بەرەو بیروباوەڕێکی ئەبەدیمان ئەبات , بەڵکو لەبەر ئەوەی لێرەدا هیچ شتێك نیە ڕێگەمان پێبدات لەنێوان ئەو ئەزمونانەی کە شتێك لەڕەسەنایەتی تیادایە پێویستە قبوڵی بکەین وەك ئەوەی هابرماس ئەڵێت . ئەم پلورالیزمیە ڕۆشنبیریە و گەڕانەوە بۆ بیرورایەکی هاو جوت لەگەڵ بێ ئیمانیدا ئائەو پەڕی پاڵی نا بە بیرۆکەکەی ماکس ڤیبەرەوە کەپێشتر لەکانتی وەرگرتبوو , ئەیوت : مۆدێرنە پشت بەلێکجیا کردنەوەی شتە جەوهەری و ڕواڵەتیەکان ئەبەستێت , هەر بۆیە کاری تەکنۆلۆجی و زانستی بەس دەکەوێتە بواری



www.pertwk.com

PDF4Kurd

دووەمی ئەو دووئاستەی مۆدێرنەوە , ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی بواری ڕۆشنبیری و سیاسیمان حەتمەن بوارێکی فرە بڕوایی بێت ,(بڕوابەفرە خودایی ) , چونکە تاکایەتی شیکردنەوەی عەقلانی بۆدیاردەکان جیاوازە لەجیهانی خوداکان , کەوا لێرە بەدواوە لەهیچ کام لەپرەنسیپەکانی یەکبون بەهرەمەند نابن . ئیتر لێرەدا پۆست مۆدێرنە هەر هەمان پۆست - مێژووگەراییە کەمانا بنەڕەتیەکەی خۆی و گرنگیەکەیشی هەر لەوەوە وەرئەگرێت . ئەم پۆست مۆدێرنە گرێدراوی ئەزمونی ئەوانەیە وا لەچەرخی خۆماندا ئەژین , ئەوانەی وا بەهەموو شوێن و کاتێکدا تێئەپەڕن بەهۆی کۆچ و سەردانی مۆزەخانەکان و , خوێندنەوەی کتێب و هونەر , هەر وەها کەڵك وەرگرتن لەو کاسێت و شریتە تۆمارکراوانەی وائەبێتە هۆی ئەوەی بەهەستیاریەوە هەڵسوکەوت لە گەڵ ئەو کارانەدا بکات کەلەڕوی مادیەوە لێیەوە نزیکن , کەچی بەپێچەوانەیشەوە چەندین سەدە , یان هەزاران کیلۆمەتر لێیەوە دوورن . ئەوەبوو جان کازنۆف بابەتە کەی ئیرنست بلۆخی هێنایەوە دەربارەی ئێستایی بونی نا ئێستا , لەپەیوندیدا بەتەلەفزیۆنەوە پێداگری کرد لەسەر توانای ئەم ئامێرە لەنزیك کردنەوەو ئێستایکردنی ( وای لێبکرێت لەئێستادابێت ) ئەوانەی وا لەڕوی شوێن و کاتەوە دوورن . بەمجۆرە بیرۆکەی یەکێتی ڕۆشنبیری تێکشکا هەرچەندە تائێستایش بەدیاری و ناوداری ماوەتەوە , چونکە بیرۆکەی فرەیی ڕۆشنبیری بەهیز بوو , ئەوەی وا کلۆد لیڤی شتراوس زیرەکانەلەبارەیەوە وتی : جۆرێك لەبەرگری داخراوانە هەیە لەناو هەموورۆشنبیریەکدا کەئەبێتە هۆی تەسك بونەوەی , ئەمەیش دەبێە هۆی داڕوخانی ئەو ڕۆشنبیریانە





درەنگ و زووبێت , ئیتر یان بەهۆی دەزگایەکی ڕۆشنبیری بالأدەستەوە بێت , یان بەهۆی دەزگایەکی تەکنۆلۆجی و ئامێری بیرۆکراتیەوە , دواجار ئەمە لەجیهانی ڕۆشنبیریەوە دوورە , پۆست مۆدێرنە ڕاستەوخۆ ڕێبازی تایبەتی بونی ڕۆشنبیری , یان ژینگەیی بونی ڕۆشنبیری بەهێز ئەکات , کەئەمە بۆخۆی ناکۆکە لەگەڵ جیهانی بونی ئایدۆلۆژیاکانی مۆدێرنەدا . بەتایبەتی لەقۆناخە دیارەکەیدا و لەو ولأتانەی وا تێهەڵکێش بوون لەگەڵ مۆدێرنەدا . بۆنمونە لە گەڵ ئەو بەها جیهانیەی کەلەسەردەمی شۆڕشدا لەفەرنسادا هەبوو , یان لەولأتە یەکگرتوەکانی ئەمریکایش لەو سەردەمە توندەی کەماوەی بالأدەستی ئەوانی پێکئەهێنا .

4- بەلأم ئەگەر کارە ڕۆشنبیریەکان لەو شوێنگە مێژووییە دابڕین وا تیادەرکەوتوە , ئەوا ناکرێت بەهاکەی دیاری بکرێت تەنها لەڕێگەی بازاڕەوە نەبێت .

لێرەدا گرنگیەکی تازە هەیە کەبازاڕی هونەر بەدەستی دێنێت , لەکاتێکدا کارە {هونەری و ئەدەبیەکان } بۆماوەیەکی دورو درێژ تەنها لەلایەن سەرکردەکانەوە , یان لەلایەن خوێندکارە ئارەزو مەندە بۆرجوازو ئەرستۆکراتەکانەوە ئەخوازران . هەر ئەو مەسەلەیش ئەمانبات بۆشیکردنەوەی کۆمەڵگالیبرالیەکەی ئێستامان کە دوو لایەنی پەرتەوازەی کۆمەڵگا تیایدا سەرئەکەوێت بەسەرهەمولایەنە کانی تری مۆدێرنەدا , ئەم دولایەنەش کۆمپانیاو بەرخۆرین (الاستهلاك) و زاڵ ئەبن



www.pertwk.com

PDF4Kurd

بەسەرهەردوو بەشی ئیرۆس و نەتەوەدا , دواجاریش سەركەوتنی بزوتنەوە و گۆڕان بەسەر بوندا .

ئەمەیە پاڵ ئەنێت بە فكری پۆست مۆدێرنەوە تابگاتە ئەو پەڕی كاولكاری بەرامبەر نوێنەرایەتیە مۆدێرنە كانی جیهان , لێرەشەوە نكۆڵی لەجیاكاریە وەزیفیەكان ئەكات لەنێو بوارەكانی ژیانی كۆمەڵایەتیدا وەك – هونەر , ئابوری , سیاسەت و هەموو بوارەكانی تر وا تەواوكەریانن . ئەمەیش خۆی بۆخۆی بریتیە لە بەكارهێنانی عەقڵ ئامێری لەهەر یەك لەم بوارانەدا . بەمەش جیاوازی لە نێوان ڕۆشنبیریەكی سیاسی بالاْ و بواری كۆمەڵایەتیدا ئەكات , وەك چۆن ئەو ڕۆشنبیرە ستاتیكیە ڕەت ئەكاتەوە كە ئەگەڕێتەوە بۆچەند دابینكەرێكی سەروی كۆمەڵایەتی كە پابەندن بە سیستەمەكانی : كۆمەڵایەتی –عەقڵ , مێژوو , تازەكردنەوی چینی كرێكاران و ئازادكردنیان – ڕۆشنبیری جەماوەر . ئالێرەدایە دروشمی " دژبەزانستی جوانناسی " كەوا فریدریك جیمسۆن پێداگیری لەسەر كرد ( بەتایبەتی لەو كتێبەی وا هال فۆستەر سەرپەرشتی ئەكرد ( the Anti-Aestetic ) . ئەو جۆرە وێنانەی وادەربارەی جیهان پێكهێنرابون دیسان بەشێوەیەكی قوڵتر ڕەتكرایەوە , ئەمە گەر هات و ئەو وشەیەمان هێنایەوە كە هایدگەر بە مۆدێرنترین وشەی دائەنا لەڕوی دەلالیەوە . بیری پۆست مۆدێرنە ئیتر ئەوە قبوڵ ناكات مرۆڤ بكرێتەوە قوتبی بەرامبەر جیهان , بەڵكو چاوێكی پیائەخشێنێتەوەو جارێكی تر بەشێوەی چەند وێنەیەكی تر بەرهەمی دێنێتەوە , چونكە ئەم هزرە مرۆڤ ئەخاتە ناو جیهانەوە و هیچ لێی دورناخاتەوە , یان گەر دوریەكیش لەئارادا بێت كە بە دروستكردنی تۆڕێك





لەپەیوەندی و بونێكی پێشوەخت بۆهەموو شتەكان دێتە ئاراوە ئەوا ئەم هزرە نایهێڵێت , دواجاریش زمانێك ئەدۆزێتەوە وەك زمانی هاوبەش لەنێوان وێنەكێش و ئەندازیاری بیناسازی و نوسەر لەلایەك و شتەكانی تر لەلایەك .وەك چۆن جاندیبیفی وێنەكێش پەنائەبات بۆ ڕوپۆش كردنی واقعی بونیادە دروستكراوەكانی ڕۆشنبیری .

كۆی قسەكان ئەوەیە كەوا عەقڵمان توانای هەستكردنی هیچی نیە جگە لە شتە تەنیا كراوەكان , یان شێوەكان , دواتر ئەم شێوانە بەكاردێنێت هەر وەك ئەوەی كە یاری وەرەقە ئەكات , تێكەڵی یەكیان ئەكات و هەزاران هەمەڕەنگی و ئاوێتەیان لێپێك دێنێت , ئەمە هەمان حاڵی مۆسیقارەكانیشە كەلەپشتی ئامێری پیانۆوە دائەنیشن و هەر دوانزە نیشانە مۆسیقیەكانیان لەلای خۆیاندا داناوە . دیسانەوە , ناوەڕۆكی شتەكان , جەوهەری شتەكان لەموتلەقدا جیاوازن لەشێوەكان ( ئەو شێوانەی وا لەپێشچاومانە و ئەیبینین ) . لێرەدا هیچ شتێك نیە بەڕەهایی , هەمووشتەكان لەڕێگای ڕوخساریەوەیە , ڕوخسارەكەیشی بەتەواوی لەڕێ لادراوە ( چەند نامەیەك بۆ ج . ب . لاپەڕە 228-229 )

پۆست مۆدێرنە لەگەڵ ئەم عەقڵەدا بێت یان هەر عەقڵێكی تر , هۆكارە سروشتیەكانی ڕێبازێكی دژ بەمرۆڤی دۆزیەوە كە تەواو ناكۆكە لەگەڵ فەلسەفەی ڕۆشنگەری و بیری جۆن لۆك بەشێوەیەكی تایبەتی , ئەم هەڵوێستە زۆر بەتوندی گوتارە ئایدۆلۆژیەكان و ویژدانی زیندوی شارستانیەتەكان ڕەتئەكاتەوە . هەر ئەمە بوو لەوتە بەناوبانگەكەی جان فرانسۆ لیوتاردا ڕەنگی دایەوە دەربارەی كۆتایی چیرۆكە مەزنەكان , ( یان



www.pertwk.com

PDF4Kurd

گێڕانەوە مەزنەکان ) : ئێمە چەمکی گێڕانەوە بۆئەزمونی مرۆڤایەتی نەك هەر ناوەڕۆکە ئایدۆلۆجیەکەی بەڵکو بەتەواوەتی ڕەتی ئەکەینەوە , هەرلێرەیشەوە هۆکارەکانی پاشەکشەکردنی بیرۆکەی بکەری کۆمەڵایەتی دەستپێئەکات .

لێرەدا هیچ بکەرێك بەمانا هیگڵیەکەی نەماوەتەوە , دواڕۆژی جیهان و هەروەها مۆدێرنەیش لە بکەرێکی عەقلانی ئازاد لە باوەڕە تەقلیدیەکانەوە سەرچاوە ناگرێت . ئێستا نە : ( من ) , نە ( ڕۆشنبیری ) یەکێتیەکی تایبەتی نیە . ئەو قسەی لە ڕۆشنبیریخۆرئاوایدا دەربارەی یەکێتی و گشتگیری ئەکرا , هەروەها بابەتی ڕاناو و کۆجیتۆی ( من بیرئەکەمەوە کەواتە من هەم ) بەگوزارەی ئەوەی داهێنەری ( من )ە پێویستە ڕەتبکرێتەوە . جیسمۆن شیکردنەوە ڕەخنە گرانەکەی دورتر لەمە برد , ئەو کاتەی پێناسەی ڕۆشنبیری پۆست مۆدێرنەی کرد بەوەی کە ڕۆشنبیری حەکایەتبێژی PASTICHE , و دوفاقبونی کەسایەتیە . گوتی حەکایەتبێژی لەبەرئەوەی ونبونی یەکێتی لەهەرڕۆشنبیریەکی دیاریکراودا ئەبێتە هۆی جارێکی تر بەرهەم هێنانەوەی شێوازە کۆنەکان : ئایا ناتوانین بڵێین , بە تایبەتی , کۆتاییەکانی سەدەی بیتسەم هەموو پەیوەندیەکانی خۆی لەمۆدێرنەی هەردوو سەدەی نۆزدەیەم و بیستەم دابریوە و ئێستا حکایەتەکانی سەدەی هەژدەهەممان بۆئەگێڕێتەوە , بەتایبەتی لەوخاڵەدا وا پەیوەندی بە دنیا خوازیە ئەرستۆکراتیەکەیەوە هەیە , یان گەشەکردنە زیادەڕۆییەکەی و چەمکە لیبرالیە - ئاژاوەگێڕەکەی دەربارەی ڕەخنەکردنی دەسلات ؟ یان ئەو دابەشبونی کەسایەتیەی واهەندێك کەس بە





نەرجسیەت ناویان ئەبرد . چونکە داخران لەئێستایەکی ئەبەدیدا ئەبێتە هۆی ڕەتکردنەوەی ئەوشوێنەی کەڕێگە بە دروستکردنی یەکێتی ڕۆشنبیری ئەدات .

نەزعەی پۆست مۆدێرنە کۆتای ئەو بەشەمان بۆدیاری ئەکات وا نیچە قسەی لەسەر کرد , ئەویش ڕوخاندنی هەژمونی تەکنۆلۆجیاو عەقڵئامێریە . ئەزمون و زمان چووە شوێنی پرۆژەکان و بەهاکان , کاری دەستەجەمعیش تەواو فەرامۆشکرا , وەك چۆن مێژوویش مانای خۆی لەدەستدا . نەزعەی پۆست مۆدێرنە ئەوەی بۆڕون کردینەوە کە ئەو پرۆسەی پاش بە پیشەسازیکردنەی ئێستا هەیە نابێتە هۆی دروستبونی کۆمەڵگایەکی پاش پیشەسازی . بەڵکو بەپێچەوانەوە بەرەو پەرتەوازەکردنی ژینگە ڕۆشنبیری و تەکنۆلۆجیەکەی ئێستای ئەبات . هەرئەمەیە ئەو بیرۆکە دائەڕوخێنێت کەتا ئێستا کۆمەڵناسی پشتی پێبەستبوو , ئەویش بیرۆکەی پێکەوە گرێدانی ئاڵوگۆڕی نێوان ئابوری و سیاسەت و ڕۆشنبیری " مۆدێرن " . وادیارە هیچ شتێك توانای گرد کردنەوەی ئەوەی نیە والەسەدەی ڕابردووەوە لێکجیاکراوەتەوە . بۆیە ئایدۆلۆجیا سیاسی و کۆمەلایەتیەکان توشی لادان بون و هیچیشیان پێنەگۆڕا جگە لە ڕاگەیاندنە ڕێنماییکارەکانیان بۆجولاندنی ناخی تاکەکان بۆتەنها ساتێك , بەلام هەرزوو ئامانجە کاتیەکانیان دەرکەوت , دووروویی وهەڵخەڵەتێنەرییان ئاشکرابوو . مەسەلەی وێران بوونی ئەم ئایدۆلۆجیا مۆدێرنانە , لەوکاتەدا وا دیعایەکارەکان خەریکی ئاهەنگی یادی دووسەد ساڵەی شۆڕشی فەرەنسی بوون ئەو یادە هەموو مانایەکی لەدەستداو بو بەیادێکی کۆنی بەسەرچوو ,



www.pertwk.com

PDF4Kurd

ئیتر دەرکەوت ئەم کێشەیە گەیشتۆتە ئەو پەڕی . ئەوانەیش واداوای گەڕانەوە بۆدۆزە گەورە و بەهامەزنەکانیان ئەکرد و ئەیانویست مانایەك بەمێژوو ببەخشن , تەنانەت شوناسی ولاٌتەکەیان وەك , فەرەنسا , ولاٌتە یەکگرتەوکانی ئەمریکا یان هەرولاٌتێکی تر , تەماهی بکەن بەم ئاراستەیە , یان بەپرەنسیپەگشتگیرەکان , ئەوکاتە وەك ئایدۆلۆجیە ڕەسمیە دواکەوتوەکان دەرکەوتن بەرامبەر بە کەمبونەوەی بایەخی ئەو ئاهەنگە , ئەمەیش ئەنجامی ڕۆشنبیریەکی جەماوەریە کەناوەڕۆکێکی هەمە ڕەنگی هەیە و بەخێرایی تازە ئەبێتەوە , وەك خێرایی تازەبونەوەی بەرنامە تەلەفزیۆنیەکان .

فرەیی پێناسە و شێواندنی زۆربەی ئەو شیکردنەوانەی دەربارەی پۆست مۆدێرنە پێش کەش ئەکرێت بیانوی پێویست نیە بۆ ڕەتکردنەوەی بیری پۆست مۆدێرنە , چونکە هەموو ئەو گروپانەی وا مێژوی کولتورەکان دانی بەگرنگیاندا ناوە هەر لەڕۆمانتیکیەتەوە تائەگاتە بونیادگەری بەشێوەیەکی زۆر ڕۆشن و زۆرسەقامگیر دیاری نەکراون . بەلاٌم لەحالٌەتی پۆست مۆدێرنەدا مەترسیەکی ترسناکترهەیە پێویستە تێیبپەڕێنین , ناوی پۆست مۆدێنە خۆی بۆخۆی ناکۆکیەکی سەیری هەلٌگرتووە , چونکە بۆناسینی پەنائەبرێت بۆپێناسەیەکی مێژوویی – پاش – بۆناولێنانی بزوتنەوەیەکی ڕۆشنبیری کەهەولٌئەدات لەگەلٌ مێژووگەرایدا دابڕانێك دروست بکات . هەر ئەمەیشە وای کردووە کە لە یەکێك لەحالٌەتەکاندا کۆمەلٌگا بەدوای تەفسیرێکیاندا بگەڕێت کە : کۆمەلٌەیەکی ڕۆشنبیرین و هەولٌ ئەدەن خۆیان وەك ( دەقێك ) پێناسە بکەن . گرنگ گواستنەوە نیە لەکۆمەلٌگایەکەوە





کەلەسەربنەمای عەقلاٌنیەتی بەرهەمهێنان و زك هەلٌگوشین و باوەڕبون بەپێشکەوتن پێکهاتووە بۆ کۆمەلٌگای بەرخۆری , لەم ڕووەوە تاك بەشداری لەڕایکردنی سیستەمەکاندا ئەکات نەك لەڕێگای کارو بیرو باوەڕەکەیەوە , بەلٌکو لەڕێگای ئەو ئارەزوو پێداویستیانەیەوە کە بەرخۆریەکەی ئاراستە ئەکات , ئیتر لێرەبەدواوە هیچ کام لەم خەسلٌەتانە تایبەتمەندی پێگەو مەکانەتی نین لەکۆسیستەمی بەرهەمهێناندا . هەر ئەمەیە پەیوەندی نێوان مرۆڤ و کۆمەلٌگا سەرو ژێرئەکات , پێشترمرۆڤ لەپێگەیەکی داهێنەرانەی بەرهەمهێنەری مێژووگەرایدا بوو , بەلاٌم ئێستا ئەوەتا ئەبینین نەك هەر لەبەردەم ئەو سروشتەی کەبەئامێرەکانی خۆی ئەیویست بیگۆڕێت چۆکی داداوە , بەلٌکو لەهەمانکاتدا تەواو یەکانگیر بووە لەگەلٌ جیهانێکی ڕۆشنبیریدا کە لەناو کۆمەلٌێك نیشانەو زماندایە کەسەرچاوە مێژوویەکەی خۆیان لەدەست داوە . ئێستا وادیارە بەتەواوی ئەیەوێت بیرۆکەی بکەری مرۆڤانە بتەقێنێتەوە کەوا هەمیشە بە پابەندی بیرۆکەی داهێنان و زۆرجاریش بیرۆکەی کاری عەقلاٌنی ماوەتەوە . هەر بۆیە هەموو شتەکان بەرەو پارچەپارچە بوون ئەچن , هەرلەکەسایەتی مرۆڤەوە تائەگاتە ژیانی کۆمەلاٌیەتی .

ئەم بیرۆکەیە ئەو هزرە کۆمەلاٌیەتیە کلاسیکیە وێران ئەکات کەپێی وابوو سەرکەوتنی عەقلٌ ڕێگە خۆشکەرە بۆ سەپاندنی پەیوەندیەك لەنێوان پێوەرەکانی کۆسیستەمی کۆمەلاٌیەتی و پالٌنەری لایەنەکان , ئەمە گەیشتە ڕادەی ئەوەیکە بونەوەری مرۆیی پێش هەمووشتێك هاوولاٌتیەك و کرێکارێك بێت . بەلاٌم لێرەبەدواوە لێك جیابونەوەیەك دروست بوو لە



www.pertwk.com

PDF4Kurd

نێوان کۆسستەمی کۆمەڵایەتی و لایەنە کۆمەڵایەتیەکان . بەمەیش ئەو ماوە دورودرێژە کۆتای هات کە سەرکەوتنی هزرە مۆدێرنەکانی بەخۆوە بینی , ئەوانەی وازاڵ بوون بەسەر بیری خۆرئاوادا هەر لەفەلسەفەی سەردەمی رۆشنگەریەوە تائەگاتە فەلسەفەکانی پێشکەوتن و ڕەوتی کۆمەڵناسی . بەڵام سەرکەوتنی ڕەخنەی پۆست مۆدێرنە وامان لێناکات واز لەگەڕان بێنین بەدوای پێناسەیەکی تازەی مۆدێرنەدا , پێناسەیەك پشت بەسەربەخۆی زاتی ڕێژەیی ببەستێت بۆکۆمەڵگا و بۆ لایەنەکانیش . چونکە مەحاڵە بەئاسانی ئەوە قبوڵ بکەین کەجیاوازی نێوانیان جیاوازیەکی یەکجارەکیە , ئەو پێکەوە ژیانەی لەکۆتایی سەدەی بیستەمدا لەنێوان لیبرالیزمی نوێ و پۆست مۆدێرنەکاندا ئەیبینین ئەوەمان نیشان ئەدەن کە یەکەمیان کۆمەڵگایەکمان بۆ پێشنیار ئەکات کەهیچی تر نیە جگە لەبازاڕێکی خاڵی لە لایەنەکان ( لەم ڕووەوە ئەکرێت چاوەڕێی ڕفتارەکانیان بکەین بەدەرچونیان لەیاساکانی ئازادی هەڵبژاردنەوە ) , وێناکردنی دووەم ئامادەیی لایەنە کانە بێ کۆسیستەم , ئەمانەیش چەندلایەنێکی زیندانی ناو خەیاڵ و یادەوەریەکانی خۆیانن .

دابڕانێکی تەواوەتی بەم جۆرە چەند ئەنجامێکی درامی تری بەدوادا دێت زیاد لەوەی واپێشتر وتمان .چ لایەنێك هەیە ئێمە بیناسین و لەدەرەوەی سەرچاوەکانی کاری عەقلآنی بێت ؟ ئەو لایەنانەی کەتوشی ئەم دابڕانە بوون بەشوناسەکەی خۆیانەوە سڕبوون و هیچ لەئەوانی تری جیاوازدا نابینن جگە لەو جیاوازیانەی لەیەکتر دوریان ئەخاتەوە . لەم جۆرە کۆمەڵگادا کە هیچی ترنیە جگە لەوەی بازاڕێکەو مرۆڤەکانی ناوی هەموو





هەوڵێکیان بۆخۆدورگرتنە لەئەوانی تر , یان ئەزمونی پێکەوە ژیانیان هەر بەئاڵوگۆڕکردنی کالآکانیانەوە وەستاوەو تەواو , لەهەمان کاتدا ئەوی تر زۆربەسادەی وەك هەڕەشەیەکی ڕەها دەرئەکەوێت لەجۆری ( یان ئەو یان من ) , یاخود ئەو بۆچونانەی کە ئەڵێن : ئەمە خاکەکەم داگیرئەکات و ڕۆشنبیریەکەم وێران ئەکات و بەرژەوەندی و ڕفتارو نەریتە کانی خۆیمان بەسەردا ئەسەپێنێت کە جیاوازە لە بەرژەوەندی و ڕفتاری ئێمە و وەك مەترسیەکیش وایە لەسەرمان . ئەم نەزعەیە بۆجیاوازی موتڵەق و ئەم پلورالیزمیە ڕۆشنبیریەی کەهیچ سنورێکی نیە , وەك ئەوەی کەلە چەند بەشێکی فراوانی جیهاندا ئەیبینین و گەلێك جارو بەتایبەت لە باشترین زانکۆکانی ئەمریکادا , فشارێکی ئایدۆلۆجی پێك دێنن و بانگەشەی پلورالیزمێکی ڕۆشنبیری ڕەها ئەکەن کە ئەیانەوێت بیسەپەێنن بەسەر خەڵکانی جیاواز لەخۆیان , ئەم نەزعەیە لەهەناوی خۆیدا ئارەزوی ڕەگەزپەرستی و و شەڕی ئاینی هەڵگرتووە . ئەمانە ئێستا کۆمەڵگایان گۆڕیوە بۆ مەیدانێکی جەنگ کە جەنگاوەرەکانی لەنێوان ڕۆشنبیریە جیاوازەکاندا یە , وەك ڕەشپێست و سپیەکان , پیاوان و ژنان , هەڵگرانی ئەم بڕوای ئاینی یان ئەوی‌تریان , یاخود عیلمانیەکان , هەمووئەمانە ئێستا دوژمنی یەکن . ئەو ململانێ کۆمەڵایەتیانەی والەسەدەکانی پێشتردا ڕویان ئەدا سنوردار‌بوون , چونکە چینە کۆمەڵایەتیەکان بون هەڵئەسان بەو ململانیانە و ئەوانیش هەمویان هەرهەمان بەهای کۆمەڵایەتیان قبوڵ ئەکرد و جەنگی نێوانیشیان بۆئەوە بوو لەئاستی کۆمەڵایەتیدا پیادەی بکەن , ئەم ململانیانە ئێستا گۆڕاوە بەشەڕە ڕۆشنبیریەکان . ئەم شەڕانە



www.pertwk.com

PDF4Kurd

لەتوندو تیژیدا گەیشتە ڕادەی ئەوەی کەئەم فانۆسە ڕۆشنبیریە جادوویە توشی بەریەك کەوتن بوو لەگەڵ هێزی دەزگایەکی بالأدەستی ساردا کە هیچ کەسایەتیەکی نیە . ئەم دەزگا وەکو ئەو کەشتیە فەزاییانە وایە کە مێرد منداڵەکان لەفیلمی یاریە ڤیدۆییەکاندا تەماشای ئەکەن و چەند سیستەمێکی کۆمپیوتەری و ئیرادەیەکی سەرسوڕهێنەری هێز لێی ئەخوڕن . لایەنە کۆمەڵایەتیەکان لەڕۆشنبیریە تایبەتەکەیاندا خۆیانیان زیندانی کرد بەرامبەر بە هێزەبەرهەمهێنەرە مەدەنیەکان و ئەوسەربازانەی بەهێزی خۆیان خۆپارێزی ئەکەن : لێرە بەدواوە جەنگی نێوان ئەم دوولایەنە زەنگی مەترسی لێئەدات .

## لەنێوان ئەم دوانەدا :

قەیرانی فکری مۆدێرنە لەسەرەتای ڕەتکردنەوەکانی نیچەو فرۆیدەوە لەدایك بوو , بە دوای ئەوانیشدا چەند گروپێکی کۆمەڵایەتی تر هات . ئەم ڕەتکردنەوانە بریتی بوو لە قبوڵنەکردنی بەرتەسکبونەوەی ژیانی کۆمەڵایەتی و مێژووی کۆمەڵگا مۆدێرنەکان بەتەنها بۆسەرکەوتنەکانی عەقڵ , هەتا ئەو کاتەی ئەم عەقڵە هەوڵی پێوەستبوون بەنەزعەی تاکگەرایی ئەدا . ئەم جۆرە ڕەتکردنەوەیە بەترسان لەدەسڵات بەهێز کرا , ئیدی ئەو دەسڵاتە هەر جۆرێك بێت , دەسڵاتی سەرکوتکارێك بێت , یان دەسڵاتی کۆمەڵگای جەماوەری خۆی بێت , ئەم دەسڵاتە لەگەڵ عەقڵانیەتدا کەوتە ڕێکەوتن و هاوجوت بونەوە , هەموو ئەو لایەنە





کۆمەڵایەتیانەی وابەناعەقڵانی دای ئەنان سەرکوتیکردن و پەراوێزی خستن و بەشێوەی خراپ بەکاریهێنان . دواجارهەموو ئەو شتانەی بەقازانج بۆی ناگەڕێتەوە , یان ئەرکێك جێبەجێ ناکەن لە بەهێزکردنی دەسڵاتی عەقڵانیەتەکەیدا لەژیانی تاکەکەس و کۆمەڵایەتی دەری ئەکات . ئەم ڕەتکردنەوەیە لەلایەکی ترەوە بەرەخنەیەکی زۆرهێرشکەرانەی دژ بە لایەنەکانی تری مۆدێرنە خۆی بەهێزکرا , لەورووەوە پەنای بردەوە بۆخودی ژیان , یان بۆپێداویستیەکانی نەتەوە و ئەو کۆمپانیانەی کەناکرێت هیچ شتێك لەناویا بگێڕێتەوە بۆڕوخسارێك لە ڕوخسارەکانی عەقڵانیەت . بەڕادەی خێرابون و زیادکردنی پرۆسەکانی بەمۆدێرنکردن modernization , وادیارە مەحاڵە پێناسەی ئەولایەنانە بکەین لەسەر ئەوەی کەچەند لایەنێکن خۆبەخۆیی لەدایك ئەبن , یان ناوهێنانیان بەوەی ئەنجامێکی کارەکانی مۆدێرنە خۆین . ئەمانە لەهەمووشوێنێکدا هەن ,لە دەوڵەت , لە بزوتنەوە نیشتمانیەکان , لە ئارەزوی قازانج لای پرۆژەکان , لە دەسڵاتی ئەو داگیرکەرانەی کە پرۆژەیەکی بەمۆدێرنکردن پیادەئەکەن ئامادەن , هەرگیز تەکنۆلۆجیەکان بەتەنها بەم جۆرە پرۆژانە هەڵنە ساون .

ئەو جیهانە هاوچەرخەی کە وەك سەرکەوتنێك بۆعەقڵانیەت خۆیمان پێشکەشئەکات , وادیارە بەپێچەوانەوە جێگەی داڕوخانیەتی . لەسەرتاکانەوە بیرۆکەی عەقڵی بابەتی لەهزری یۆنانی و مەسیحیەتدا سەرکەوت کە زیاتر لەئەرەستۆوە سەرچاوەی ئەگرت . ئەم هزرە دڵنیا بوو لەوەی کە خواوەند بەشێوەیەکی عەقڵانیانە ئەم جیهانەی ئەفراندووە , ئەم



www.pertwk.com

PDF4Kurd

مەسەلەیەش بوو بواری كرانەوەی ڕۆحی و زانستی ڕەخساند . پێی وابوو كۆمەڵگا خۆی لەبنەڕەتدا لەسەر بنەمای كۆمەڵێك بڕیاری عەقڵانیانەی ئازاد بونیادنراوە , وەك ئەوەی كە هۆبزو ڕۆسۆ ئەڵێن . لێرەداو بەڕادەی دروستبونی كۆمەڵگای مۆدێرن لەدەرەوەی هزری مۆدێرنە , ئەم سەركەوتنەی عەقڵ جێگەی خۆی چۆڵ كرد بۆ گواستنەوە لە عەقڵانیەتی مەبەستەكانەوە بۆعەقڵانیەتی ئامرازەكان , ئەم پەیوەندیەیش خۆی بۆخۆی ئەبێتە تەكنۆلۆجیا نەك شتێكی تر , ئەم مەسەلەیە بوو بۆشاییەكی دروست كرد لەبەهاكاندا , كەهەندێك كەس ئەمە وەك ئازادیەك بۆ ژیانی ڕۆژانە ئەبینن . بەڵام خەڵكانێكی زۆر وای ئەبینن ئێستا ئەم بۆشاییە پڕكراوەتەوە , ئەمەیش یان بەودەسەڵاتە كۆمەڵایەتیەی كەفریای هەموو لایەنە كۆمەڵایەتیەكان ئەكەوێت , یان لەڕێگای بانگەشە چەواشەكارەكانەوە , یان لەڕێگەی هەڵقولانی نەتەوایەتی و ئاینەوە , یان دواجار لەڕێگای توندو تیژی و نەبونی سیستەمەوە .

چۆن ئەتوانین بەقەناعەتەوە ڕوبەڕوی ئەم ڕەخنە عەقڵانیانەی مۆدێرنە نەبینەوە ؟ ئەمڕۆ چەند لاواز بووە ئەو زمانەی كەلەڕەقانە بەرگری ئەكرد , بەڵام بەبێ كاریگەری دانان لەسەر وێنەی فریادڕەسانەی عەقڵانیەتی مۆدێرنە ! ئەمە لەبەرئەوەی كۆمەڵگا ڕاستەقینەكان تەواو دورە لەوەوە كە هەر كۆمپانیایەك بێت , یان چەند خزمەتگوزاریەكی گشتی بێت و بەشێوەیەكی عەقڵانیانە بەڕێوە ببرێت . لێرەدا عەقڵانیەت هەرتەنها بە خوێندنگاوە وەستا بەبێ ئەوەی جدیەتی پێوە دیار بێت , چونكە ئەو فشارانەیش لەسەری زیادی كرد كەدەبوایە تێبكۆشێت



بۆدۆزینەوەی پەروەردەیەك ڕێنماییكەر بێت لەگەڵ كەسایەتی منداڵدا بەهەموو پەیوەندیە خێزانیەكانەوە , ئەو پەیوەندیانەی وا لەڕۆشنبیریەوە هەڵقوڵاون , خەسڵەتە تایبەتەكانیان , هەروەها مێژووی ژیانی تایبەتیشیان . لەوانەیە هەندێك لە كادیرەكانی بواری پەروەردەو فێركردن بەهۆی كەم بونەوەی شایستەییە پیشەییەكانیان لەكۆمەڵگایەكدا كەئاستی زانستی و فێربونی لەپلەیەكی باڵادایە , بەرگری‌لەخۆیان بكەن بەرامبەر ئەو بزوتنەوانەی وا بانگەشەئەكەن بۆپەروەردەو فێركردنێكی نوێ , لەهەمان كاتدا دژی بزوتنەوەكانی مافی مرۆڤ و فشارەكانی خوێندكارەكانی خۆیشیان , ئەوانەیان كەحەزلەمانەوە ئەكەن , یان ئەیانەوێت ببنە ڕاهبێك , یان ڕاسپاردەی نێوان خوێندكاران و ئەوانەیان ئەیانەوێت عەقڵێك پێك بێنن , بەگشتی ئەمانە داوایان لێكراوە منداڵان دەربكەن لەژێركاریگەری كەس و كارو خانەوادەكانیان و دواجاریش كاریگەری ناوەندە كۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریە خۆماڵیەكەیان . ئەمەش بەمەبەستی بەشداری پێكردنیان لەچەند بیروباوەڕێكی بیركاریانەو چەند كارێكی ڕۆشنبیری مەزن . بەڵام ئەم هەوڵە ملكەچی زمانە ئەرستۆكراتەكەی نابێت بۆئەوەی لاوازیەكەی داپۆشێت , چونكە ئەركێك بەسەر خوێندنگاكاندا ئەسەپێنێت كە ڕۆژلە دوای ڕۆژ سەركوتكاریەكەی زیاترئەبێت و هەمیشە جیاوازیەكان گەورەتر ئەكات , هەربۆیە لێرەدا مەسەلەكە پەیوەندی بەجیاكردنەوەی شتە گشتیەكان لەشتەتایبەتیەكان هەیە , وەك چۆن دانەوێڵە لەخەرماندا پاك ئەكرێتەوە .



www.pertwk.com
PDF4Kurd

ئەم چەمکە بەس ئەبێتە هۆی جیاکردنەوەیەکی سەرچاوە گرتوو لەنەزعەی ئامێرگەراییەوە – مەبەست لێرەدا بواری تاقیکردنەوەو وتاربێژیە – دەربارەی کەسایەتی منداڵ , یان دەربارەی ئەو گەنجانەی کە لە ژیاندا هەر داوای ڕەخساندنی دەرفەتی کارکردن و شوناسی ڕۆشنبیری و ئاینی و نیشتمانی ئەکەن لەگەڵ ڕۆشنبیریەکی تایبەت بەلاوان . ئایا ئەتوانین قسە لە سەرکەوتنی قوتابخانە بکەین لەدۆخێکدا کە بەم شێوەی ئێستای دابەشبوەتە سەر هەردوو بەشی :- لەلایەك ئەو مامۆستایانەی کەرۆڵەکەیان بەس بریتیە لە گواستنەوەی مەعریفە ڕێگە پێدراوەکان لەپێناوی بەرژەوەندیە کۆمەڵایەتیەکانیخۆیان , لەلایەکی تریشەوە ئەو منداڵ و گەنجانەی کە لە ژینگەیەکی ڕۆشنبیریدا ئەژین بە تەواوی جیاوازە لەژینگەی پەروەردەو فێرکردن ؟ خۆش بەختانە زۆرلەمامۆستاکان ئەم تێگەیشتنە ڕەت ئەکەنەوە , ئەوان کارەکەی خۆیان بەشێوەیەکی تایبەتی جێ بەجێ ئەکەن , بەلاٚم زۆربەی ئەوکاتانەی کۆئەبنەوە بەرگری لەم تێگەیشتنە ئەکەن .

بەلاٚم تێکشکانی ئەم گوتارە قوتابخانەییە ڕوخانی ئەو نەزعە عەقلاٚنیەی بۆدەرخستین کەبەڕاستی پێویستە ڕەتبکرێتەوە : لەبەرئەوەی ئەبێتە ڕوپۆشێك بۆئەودەسەلاٚتەی کەوا دەستەبژێرێك لەعەقلاٚنیەکان پێکی ئەهێنن , ئێستا ئەم گوتارە ڕەتکراوەتەوە لەلایەن هەموو ئەوانەی ڕقیان لێی بوو , یان بەکەم تەماشایان ئەکرد , ئەم ڕەتکردنەوەیە ئەمڕۆ بەتەواوی بوەتە هەڵوێستی باوی مێژووی کۆمەڵایەتی و تاکەکەسی . دواجاردەکرێت گوێ لە بەشداریکردنی عەقڵێکی ئازاد بگرین , ئەوانەیش وائامادەنین





گوێبگرن ڕۆژێك دێت بگەنە قۆناخێك کەسیش گوێ لەئەوان نەگرێت .

ئەو تێگەیشتنە کلاسیکیەی مۆدێرنە کە تەماهیبونی لەنێوان مۆدێرنە و سەرکەوتنەکانی عەقڵ و ڕەتکردنەوەی نەزعە تایبەتیەکانی وەك یادەوەری و هەڵچونەکان ئەکرد , تائەو ڕادەیە کۆن و بێمتمانە بووە کە ئیتر هەڵگری هیچ کام لەپرەنسیپەکانی یەکبون نیە بۆئەم جیهانەی ئێستامان کە تیایدا هەمووئاراستەکان لەڕوبەڕوبونەوەو بەریەك کەوتندان , وەك ڕوبەڕوبونەوەی تەسەوفێکی ئاینی و تەکنۆلۆجیەکی مۆدێرنە , یان زانستە بنەڕەتیەکان بەرامبەر دیعایەو ڕیکلام , یان دەسلاٚت بەرامبەر سیاسەتەکانی بەپیشەسازی کردنی خێرا .

سەدەی بیستەم سەدەی داڕوخانی مۆدێرنەیە , لەکاتێکدا گەربڵێین سەدەی سەرکەوتنە کانی تەکنۆلۆجیایە . ژیانی فکری ئەمڕۆ ملکەچی دەسلاٚتی ڕەتکردنەوەیە – ڕەتکردنەوەیەکی بەجێماوو توندوتیژ – بۆئەو نموزەجە کۆمۆنیزمیەی – کە دەکرێت بپرسین ئایا تا ئێستایش قابیلی بیرکەوتنەوەن ؟- کە هیوای گەورەی ئەم سەدەیە بوو نەك هەربەلای کرێکارە تێکۆشەرەکانەوە , یان کۆمەڵە نەیارەکانی کۆلۆنیالیزم , بەڵکو بەلای زۆربەی ڕۆشنبیرانیشەوە . هەروەها تایبەتمەندە بەڕەتکردنەوەی هەر بیرێکی مێژوییەوە , یان هەر شیکردنەوەیەکی لایەنەمێژوییەکان و پرۆژە و ململانێ و بارودۆخ و بەریەککەوتنە دیموکراسیەکانیان .

جیهانی خۆرئاوایی , دوای سەرکەوتنە سیاسیی و ئایدۆلۆژیەکانیان نەشئەی خۆیان وەرگرتوەو بوون بەلیبڕالی و بەرەو لێکدورخستنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگا لەیەکتری ئەڕۆن , یان بەرەو چەند پرەنسیپێکی جیهانی



www.pertwk.com
PDF4Kurd

بۆڕێکخستن , ئەوەی وا ئێمە ناومانناون بەرژەوەندی و بازاڕ , یان عەقڵ , کە لە ئاستی پەروەدەیی و چالاکیە پیشەیەکاندا بەرپرسەکان لێی بەهرەمەندن . ئێستا ژیانی فکری و سیاسیشمان دابەشبووە لەنێوان ئەوانەی وا تێئەکۆشن بۆدیاری کردنی لایەنە تازەکان و گرەوە تازەکانیان و , ئەوکۆمەڵگانەیش کەدەکرێت ناویان بنێین کۆمەڵگا پاش پیشەسازیەکان , یان کۆمەڵگا گەشەکردوەکان , لەلایەکی ترەوە ئەوانەیش بانگەشەی ئازادی نێگەتیڤ ئەکەن , وەك ڕێسا دامەزراوەییەکان و ڕێبازە ئابوریەکان کەوا ڕێگە بەمرۆڤ ئەدات خۆی بپارێزێت بەرامبەر چەوساندنەوەکانی دەسلآت .
هەندێکیان بڕوایان وایە ئەم ڕەتکردنەوەیە بۆ سۆسیۆلۆجیایەکی دیاریکراو , یان بۆ گەرموگوڕیەکی کۆمەڵەیی کە جۆری گەڕاندنەوە بۆنەزعەی تاکگەراییەکی ئابوری وەرئەگرێت , ئەیانەوێت ئەوە ڕاگەیەنن کە تاکەکان پێش هەمووشتێك بۆبەدەست هێنانی بەرژەوەندیە تایبەتیەکانی خۆیان تێ ئەکۆشن , هەربۆیە پێیانوایە کاری دەستەجەمعی ئامرازێکی پێویستە بۆبەرگری کردن لەو بەرژەوەندیە تایبەتانە , ئیتر لێرەوە کاری دەستە جەمعی بۆخۆی ئەبێتە ئامانجێك , هەرەئەمەیش بوو نزیکەی سەدەیەك پێش ئێستا ڕۆبەرتۆمیتشلز ڕای گەیاند . خەڵکانێکی تر هەیە وای ئەبینن ئەم ڕەتکردنەوەیە وەك بانگەشەیەکە بۆکوت و بەندەکانی عەقڵ و بەڵگە کانی , کە ئەمە تەنها پرەنسیپی پتەویەتی کە یەکێتی کۆمەلأیەتی لەسەرپێك ئەهێنرێت و تەنها ڕوناکیەکی چالاکیشە دژی فشاری کەنیسەکان و تائیفەو کەمینەو نەزعە ناعەقلآنیەکان .





ئەمە هەڵوێستێکی زۆربەرگری کارانەیە , سەرەڕایی سەرکەوتنی خۆرئاوا بەسەر سیستەمە کۆمۆنیزمیەکان , بەلأم هێشتا هەر هەست بەهەڕەشەی فشارێکی دانیشتوانی و سیاسی ئەکەن کەلەجیهانی سێیەمەوە بۆیان دێت . هەرچەندە وێنەزاڵەکە چەند هەڵمەتێکی خێری دڵنیاکەرە , ئەمە لەکاتێکدایە کەجیهانی سێیەم لەگەڕەکێکی دراوسێماندایە , یان لەکۆمەڵگاکانی نیشتەجێبوندا ئامادەیە و وەك ئەوانە ئەژی کەوا هەست بەئینتما بۆ کۆمەڵگا خۆرئاواییەکان ئەکات , هەربۆیە ڕەتکردنەوە بەرۆشنی و بە بێ هیچ تەم و مژێك دیارە . جاری وا هەیە ڕەتکردنەوەکان شێوەی ڕاستەوخۆ وەرئەگرێت لای ئەوانەی کەهەست بەهەڕەشەو مەترسی ئەکەن , بۆنمونە سپی پێسە بچوکەکانی باشوری ولأتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا لەکاتی جەنگی جیابونەوە خوازیدا حاڵەتێکی وایان هەبوو . ڕەتکردنەوە لێرەدا ڕاستەو خۆ بوو بەشێوەیەکی کۆمەلأیەتی و سیاسی گوزارشی لێئەکرا . بەلأم ئەوانەی واپەروەردەکەیان و ئاستی ژیانیان جۆرێك پاراستنیان بۆدروست ئەکات لەم زەفەرپێبردنە ئەوا ڕەتکردنەوەکەیان شێوەیەکی بالأتر وەرئەگرێت , ئەم شێوازەیش جەخت لەسەرئەوە ئەکاتەوە کە کۆمەڵگای خۆرئاوایی بەجۆرێك لەجۆرەکان لەبەجیهانی کردن (globalization ) دڵنیابوە , هەروەها پێویستە لەسەری و بەرژەوەندیشی لەوەدایە کە بەرگری لەخۆی بکات دژی هەموو جۆرەکانی تایبەتمەندێتی .
ئەگەرچی لەماوەی ئەم سەدەیەدا هەڵمەتە یەك لەدوای یەکەکانی بانگەشەکردن هەبووە بۆ مافەکانی ئەم توێژی کۆمەلأیەتی , یان ئەوی



www.pertwk.com

PDF4Kurd

تریان , بەلاّم ئەم بانگەشانە ئەمڕۆ گومان و ترس ئەوروژێنێت زیاتر لەوەی کە پشتگیری بەدەست بێنێ . لەم ڕووەوە کۆمەلگای خۆرئاوایی وا هەست ناکات هێندە توانای ئامێزان بونی پێویستی هەیە کە بتوانێت پارێزگاری ئەو کرانەوەیە بکات کەپێشتر ڕێگەی دا بەبەریتانیای مەزن و فەرنسا لەسەدەی نۆزدەهەمدا ببنە دوو کۆمەلگای فرەڕەگەز ( کۆزمۆپۆلیت ) , یان خاکی میوان داری و پەناگەیەك بۆئەوانەی وا ڕویان تێئەکات . ئەم کۆمەلگایە واهەست ئەکات لەلایەن ئەو دوژمن و نامۆ و هەژارانەوە یان ئەوانەی ڕۆشنبیریەکی زۆرجیاوازیان هەیە غەرق ئەبێت و کەلێنی نێوان ئەوانەی وا لە دەرەوە هاتون و ئەوانەیش واخاوەن مالّن فراوانتر ئەبێت , ئەوەبوو توێژی یەکەمیان ڕۆژ لەدوای ڕۆژ توشی بێزاری و دلّەڕاوکێیان کردن .

لە ئەبستراکت ترین ئاستیدا ڕەتکردنەوەی سۆسیۆلۆجی هەیە کە هەمیشە بریتی بووە لە شیکردنەوەی ئەو نیگەرانی و ڕەخنانەی لەمەڕ مۆدێرنە هەیە , بەلاّم لەبەرامبەردا هەر بە پۆزەتیڤی ماوەتەوە , نەك هەر لای دۆرکهایم و فیبەر , بەلّکو لای تۆکفیل و مارکسیش هەبوو , هەروەها لای براسۆنز و قوتابخانەی شیکاگۆیش . ئەوەبوو سۆسیۆلۆجیا کەوتە گفتوگۆکردن لەسەر بەپیشەسازی کردن و چینە کۆمەلاّیەتیەکان و دامەزراوە سیاسیەکان و ململانێ کۆمەلاّیەتیەکان , سۆسیۆلۆجیا پرسیاری لەو شێوازە کرد کە لەڕێگای تازەگەری ئابوری و بەشداریکردنی ژمارەیەکی زیاتر لەئەنجامی گەشەکردن و کەرەستەکانیەوە پێك دێت . بەلاّم ئەمڕۆ مەسەلەکە وادەرئەکەوێت کەزۆر لەسەری ڕۆیشتوین , هەر مەسەلەی





بەڕێوە بردنی گەشەکردن نیە بەلّکو مەسەلەی تێکۆشانە دژی سەرکوتکاری و توندو تیژی و هەروەها پارێزگاری کردنیش لەڕۆحی لێبوردەیی و دانان بەئەوی تری جیاوازدا . من یەکێکم لەو کەسانەی کە بڕوایان بەو وەلاّمانە هەیە کەلەسەر گرەوە ڕۆشنبیریەکان و لایەنە کۆمەلاّ یەتیەکان پێك هاتووە , من دان بەوەدا ئەنێم , پێش ئەوەی بچمە ناو بیرکردنەوەی تایبەتیەوە , وەلاّمی لیبرالیەت دژ بە زیانەکانی نەزعەی تۆتالیتاریەت وەلاّمێکی ڕازیکەرترە لەو وەلاّمانەی کەئێمە بەرامبەریان ڕامان گرتووە , یان لەلایەکی ترەوە هێزی بزوتنەوە کۆمەلاّیەتیەکان بە تایبەتی ئەو کاتەی پشت بەئیمانێکی ئاینی ئەبەستێت , یان هۆشیاریەکی نەتەوەیی .

ئەکرێت چاوەڕوانی ئەگەری ئەم شەوە درێژەی فکری کۆمەلاّیەتی بکەین , هەر وەها ئەکرێت ماوەیەکی درێژتر چاوەڕێی بکەین دوای سەرکەوتنی بورجوازیەتی دارایی و کالاّیی و پێکهێنانی بزوتنەوەیەکی کرێکاری . هەروەها پێویستە چاوەڕێی دان نان بە بایەخی ناوەندی " بزوتنەوەی کۆمەلاّیەتی " و دەرکەوتنی نیشانە سەرەتاییەکانی دیموکراسیەتی پیشەسازی بکەین , ئێمە لەکۆتای سەدەیەکی پڕلەنائومێدی و هەروەها گەشەکردنیشداین ( مەبەست سەدەی بیستەمە . و کوردی ). ئێستا چارەکە سەدەیەك تێپەڕیوە بەسەر دەرکەوتنی کتابە سەرەتاییەکاندا , هەروەها کتابەکانی منیش دەربارەی کۆمەلگای پاش پیشەسازی . زۆر زەحمەت بوو وەك پێویست ئاگاداری بدەین دەربارەی وێنەی گواستنەوە یەکی هەلّەشانە لەکۆمەلگایەکەوە بۆکۆمەلگایەکی تر , هەروەکو ئەوەی کۆمەلگای دووەم کۆتایی بەکۆمەلگای یەکەم بێنێت لەو ساتەوەی کە تێی ئەپەڕێنێت . بەلاّم



www.pertwk.com
PDF4Kurd

ئەمڕۆ ئێمە بەپێچە وانەوە ئەزانین کەوا ناکرێت گواستنەوە لەزنجیرە چیایەکەوە بۆزنجیرە چیایەکی تر بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بکرێت. ئەوکات ئەکەوینە دۆڵێکەوە و ئەبێت بە تەپۆلکەکاندا سەرکەوینەوە , بەلأم لوتکەی داهاتو لەبەرچاومان ون ئەبێت . ئەو مەترسیەی واهەڕەشەمان لێئەکان مەترسی بڕوابون نیە بەبەردەوامی ئێستا , بەڵکو بەپێچەوانەوە لەو بیرکردنەوەوە سەرچاوەی گرتووە کەچیایەکمان لەپێشە نابینرێت , یان ئەوەی کەناچارین لێرەدا بوەستین . من قبوڵمە بەبێ خۆپارێزی ڕەتکردنەی مێژووگەرایی , یان قەیرانی سۆسیۆلۆجیاکانی پێشکەوتن , بەڵام پێم وایە مەترسی وازهێنان لەئارەزوی شوناسی تاك یان دەستە جەمعی هاوتایە لەگەڵ مەترسی دابەزین بەرەو ئسولێەتێکی عەقلانیانە .

باجارێکی تریش ئەوە بزانین کەتێگەیشتنی ماتریالیزمی بۆ مۆدێرنە تائێستایش فەزیلەتە ئازادیخوازیەکەی خۆی ئەپارێزێت , بەتایبەتی لەزەمەنی گەشەکردنی " فەندەمینتالیزمەکاندا , بەلأم توانای ڕێکخستنی هەندێك ڕۆشنبیری و کۆمەڵگای دیاری کراوی تایبەتی لەدەست داوە , هەر بۆیە هەڵوەشاندنەوی هزری مۆدێرنە کەوا بابەتی ناوەندی ئەم بەشی دوەمەیە , ئەمان بات بۆچەند ناکۆکیەك کە مەترسیەکانی وردە وردە زیاد ئەکات . ژیانی تایبەتی جیائەبێتەوە لەژیانی گشتی و کایەی پەیوەندیە کۆمەلأیەتیەکان هەڵئەوەشێتەوە , بەهەمان شێوە واز لە شوناسە تایبەتیەکانیش دێنێت بۆئەوەی ڕوبەڕوی هەڵقولأنە جیهانیە ڕۆشنبیریەکان ببنەوە و بکەونە ئاڵوگۆڕەوە لەگەڵیا . هەموو مرۆڤێك خۆی لەخودێتی خۆیدا زیندان ئەکات , ئەمە لەباشترین حاڵەتدا ئەبێتە هۆی لەبیرکردنی





ئەوانی تر , ئەم خۆزیندانی کردنە زۆربەی جارەکان لەڕێگای ڕەتکردنەوەی بیانیە کانەوە بەرجەستە ئەبێت . ئەمە لەلایەکەوە , لەلایەکی تریشەوە , هەڵقولأنی ئاڵوگۆڕەکان بەبەردەوامی ولأت وگروپە کۆمەلأیەتیە ناوەندیەکان بەهێزترئەکەن , بەمەش دوالیزمێك قوڵئەکەنەوە لەسەر ئاستی نیشتمانی هاوشێوەی ئەو دوالیزمەی لەسەر ئاستی باشورو باکوری جیهان هەیە . ئەو ململانێ کۆمەلأیەتیانەی لەسەر ئاستی جیهانی کۆمەڵگای پیشەسازی پەرتەوازە کرد لە چەند ناکۆکیەکی قوڵترپێك دێت. ژیانی سێکسی , بەرخۆری , کۆمپانیاکان , نەتەوەکان , وردە وردە خەریکە چەند جیهانێکی لەیەك جیاوازی دورلەیەك پێك دێنن و هەمویان توشی بەریەك کەوتنی یەکتر ئەبنەوە . یان لەجیاتی ئەوەی گفتوگۆی یەکتر بکەن یەکتری فەرامۆش ئەکەن , لەم نیوەشدا فەزای گشتی بەتاڵ ئەبێتەوە , یان هەر دەبێتە خاکێکی بۆش کە کۆمەڵە مافیایەکی ڕکابەر لەسەری ئەکەونە شەڕەوەو لەهەناوی ئەمانەشدا توندوتیژی لەدایك ئەبێت .

چ ڕێگەیەك هەیە بۆ چاکسازی کردنی هەڵوەشاندنەوەی تێگەیشتنی عەقلانەیتی کلاسیکی , کەئێمە ئەزانین هەڵوەشاندنەوەی شتێکی دڵنیایەو بەڵکو ئازادی خوازانەیشە لەگەڵ پرەنسیپەکانی ژیانی کۆمەلأیەیتدا , گەر ئەوە نەبوایە هەم ئازادیمان نە ئەبوو هەم عەدالەتیش مەحاڵ بوو .؟ ئایا لێرەدا ڕێگەیەك هەیە بۆهەڵهاتن لە تۆتالیتاریەیتی بالأدەست و پلورالیزمی ڕۆشنبیری قورسبوو بەجیاکاری ڕەگەزی و جیاوازی قوڵ ؟ چۆن خۆمان لەکاول کاریەکانی (بکەری مرۆیی) دەربازکەین کەبۆخۆی ئەبێتە هۆی



www.pertwk.com

PDF4Kurd

بالآدەستی بەرژەوەندی و هێز , بەهەمان شێوە دیکتاتۆریەتی خودی (زاتی) کەوا ژمارەیەکی زۆری سیستەمی تۆتالیتاریەتی بەسەرا سەپاندین .

جیهانی ئەمڕۆ کەهەندێك کەسی هەڵەشە پێیان وایە بەرەو یەکگرتنەوە ئەڕوات لەدەوری بەهاکانی " خۆرئاوا " بەسەر فاشیەتدا سەرکەوت , هەروەها بەسەر کۆمۆنیزم و نەزعەی ناسیۆنالیزم ولآتانی جیهانی سێیەمیش , کەئەمە لەڕاستیدا جیهانێکی دارِزاوە لەنێو جیهانی بابەتی و جیهانی خود , لەنێوان کۆسیستەم و لایەنەکانیشدا , ئەمڕۆ ئەوە دەبینین کەچۆن لۆژیکی بازاڕی جیهانی بەرامبەر لۆژیکی ئەو دەسلآتانە ئەوەستێت کەبەناوی شوناسێکی ڕۆشنبیریەوە ئەدوێن . جیهانی ئەمڕۆمان لەلایەکەوە تۆتالیتاریانە دەرئەکەوێت و لەلایەکی تریشەوە پلورالیزمێکی بێسنوری ڕۆشنبیریە . چۆن ئەتوانین ئێمە لەم دارِزانە تەواوەدا هەڕەشەی دوولایەنەی هەسارەکەمان نەبینین ؟ لەکاتێکدا یاسای بازاڕەکان بەپاکتاوکردنی کۆمەڵگاکان و ڕۆشنبیریەکان و بزوتنەوە کۆمەلآیەتیەکان هەڵئەسن , لێرەدا ئارەزوی شوناس وابەستەی ئەو هەڕمەکیە سیاسیە یە کە گەیشتۆتە ڕادەی تۆتالیتاریەتێکی وەها کە لەڕێگەی سەرکوتکاری و دەمارگیریەوە نەبێت هەڵسەنگاندنی مەحاڵە . هەر بەتەنها بیرکردنەوە دەربارەی مێژووی هزرەکان نیە کەهانمان ئەدات جارێکی تر پێناسەی مێژووی مۆدێرنە بکەینەوە , بەڵکو ئەو ڕوبەڕوبونەوە ئاشکرای نێوان هەردووڕۆشنبیریەکە یە , بەجۆرێکی تر بڵێین نێوان دوو ڕەوت لەڕەوتەکانی دەسلآت کە ناچارمان ئەکات تاجارێکی تر ئەو شتانە کۆکەینەوە وا پەرتەوازە بوون , بەلآم بەبێ وازهێنانمان لەسۆزی





یەکگرتنەوەی جیهانە لەدەستدراوەکەمان . گەر نەگەیشتینە دیاری کردنی تێگەیشتنێکی تر بۆمۆدێرنە کەوا کەمتر سەرەڕۆ بێت لە تێگەیشتنەکەی سەردەمی ڕۆشنگەری و هەروەها بەتواناتریش بێت لەبەرگری کردندا لە فرەڕەنگی موتڵەق بۆڕۆشنبیریەکان و بۆتاکە کەسەکان , ئەوا ئێمە ئەچینە ناو چەند گەردەلولێکی توند تر لەوەی کە لەکاتی ڕوخاندنی سیستەمە کۆنەکان و پرۆسەی بەپیشەسازی کردندا هات .

سەرچاوە : پێگەی المرایا . وەرگێڕانی بۆعەرەبی / قاسم مقداد و محمود موعد / گۆڤاری الکرمل پایزی 1998ژمارە /57 /لاپەڕە 75 - 94-
www. Maraya.net

.........................................................................

(⋆) جیتۆ : ناوی ئەو ژینگە پەراوێزخراوانە , یان ئەو کۆمەڵە پەراوێزخراوانەیە کەبەدەست مادە سڕکەرەکان و کێشەکانی هەژاری و بێکاریەوە ئەناڵێنن .( و.کوردی )

⋆⋆ نوسەر لەم بۆچونەیدا باسی گۆڕانی چەپەکانی ئەوروپا ئەکات , بەلآم چەپەکانی کوردستانیش زۆریان هەربەهەمان شێوە توشی ئەو خۆشبینیە ساویلکەی تێرمەکانی لیبرالیزمی نوێ بوون . (و .کوردی )



www.pertwk.com

PDF4Kurd

★★★ ڕێكەوت وابوو بەوەرگێڕانی ئەم بابەتەوە خەریك بووم ئەو كاتەی نارەزایی و خۆپیشاندانەكانی  پاریس سەری هەڵدا , ڕوداوەكە زیاتر وەك خۆدوبارەكردنەوەیەكی مێژوو دەرەئەكەوێت بەلەبەرچاوگرتنی ڕوداوەكانی ساڵی 1968, لەگەڵ ئەوەشدا وەك گەواهیەك وایە بۆهەستیاری بۆچونەكەی ئالان تۆرین . زۆربەی ئەوانەی ئەو ڕوداوانەیان شیكردەوە هەر هەمان هۆكاری كۆمەڵایەتی و ئابوریان ئەبینی لەپشتی ڕودانیەوە كە نوسەردیاری ئەكات , ئەگەر چی نوسینەكە نزیكەی 10ساڵ پێش ئەم ڕوداوانە نوسراوە .(و. كوردی ).





# ئەفسانەكانی جیهانی مۆدێرن



www.pertwk.com
PDF4Kurd

## میرسیا ئیلیاد

لە سەرەتای لێكۆڵینەوەكەماندا ئەپرسین ,ئەفسانە لەحەقیقەتی خۆیدا چیە ؟

بەگوێرەی ئەو زمانەی لە سەدەی نۆزدەهەمدا داهێنرا ,ئەفسانە بریتیە لەهەمووئەو شتانەی بەواقع ناكۆكە .هەموو ئەوانەی لەسەرمرۆڤ ئەوترێت بەشێوەیەكی چاوەڕواننەكراو ,یان نەبینراو بەئەفسانە دائەنرێت .مێژووی ئەو جیهانەی واخێڵەكانی زولو (1)نەوەكانی ئەو خوداوەندانەی كەواهزیۆد قسەی لەبارەیانەوە ئەكرد ئەگەڕێتەوە بۆبواری ئەفسانە .

ئەمە بەشی زۆری ئەو قسانەیە كەلەلایەن ئەوانەوە ئەكرێت واخاوەنی ڕێبازی ئیشراقن , (3)یان ڕێبازی پۆزەتیڤیزم كەبونیاد و پێكهاتێكی مەسیحیانەی هەیە .هەربۆیە بەلای مەسیحیەتی سەرەتاییەوە هەر كردەو ڕوداوێك پاساوو دانپیانانی خۆی لەسەردەمە كۆنەكان و سەردەمی ئێستایش نەدۆزێتەوە ئەواهەڵبەستراوو و بوختانە ,یاخود بریتیە لەخەیاڵبازی و وەهم .بەڵام لێكۆڵینەوەكانی زانایانی ڕەگەزی مرۆیی ناچاری كردین چاو بەئەو كەلەپورەدا بخشێنینەوە كەلەدەلالەت و مانا ئەفسانەییەكانەوە وەرمان گرتبوو .ئەویش بریتی بوو لەپاشماوەكانی ئەو هێرشە توندەی





وامەسیحیەت دژبە جیهانی كۆنی بێبڕوایی بەرپای كردبوو .

دواجار ویستمان لەبەهای ئەفسانە تێبگەین و بیناسین وەك ئەوەی لای كۆمەڵگا سەرەتاییەكان هەبووە .یان ئەو نەتەوانەی لەسەر دەمە كۆنەكاندا ژیاون ,مەبەست لەوكۆمەڵگا مرۆییانەی ئەفسانە لەلایان بناغەیەك بووە بۆژیانی ڕۆشنبیری وكۆمەڵایەتییان .بەڵام هەر لەسەرەتاوە مەسەلەیەك هەیە زۆر سەرنجمان ڕائەكێشێت كەبەم جۆرە باسی ئەكەین :

لەو كۆمەڵگانەدا وەهاپێویست بووە ئەفسانە تەعبیر لەحەقیقەتێكی موتڵەق بكات ,چونكە مێژوویەكی پیرۆزی بۆئەگێڕاینەوە ,یان پەیامێكی بۆئاشكرا ئەكردین سنوری مرۆڤی تێئەپەڕاند و ئەگەڕایەوە بۆبەربەیانی سەردەمێكی مەزن ,كە سەردەمی سەرەتا پیرۆزەكانە )هەمان سەردەمی كۆن (5) (ئیترلەبەرئەوەی ئەفسانە واقعی و پیرۆزیش بوو ,كرایە نمونەیەك ,بووبە پێشڕەوێك و هەمیشە دووبارە ئەكرایەوە ,پاساوی بۆهەمووئەو كردەوانە ئەهێنایەوە كەمرۆڤ ئەنجامی ئەدا .بەمانایەكی تر ئەفسانە دەلالەت لەو مێژووە ڕاستەقینە ئەكات كەڕوداوەكانی لەسەرەتای زەمەنەوە ڕویداوەو دەكرێت وەك نمونەیەك بۆڕفتاری مرۆڤ وەری بگرین .

مرۆڤ لەكۆمەڵگا دێرینەكاندا بەلاسایی كردنەوەی كارە نمونەیەكانی خوداوەندێك ,یان پاڵەوانێكی ئەفسانەیی ,یان كاتێك سەرەڕۆییەكانی خۆی ئەگێڕێتەوە خۆی لەزەمەنی جیهانی دائەبڕێت ,زەمەنێك كەبەتاڵە لەپیرۆزی ,هەربۆیە بەشێوەیەكی جادووگەرانە خۆی گرێئەدات بەزەمەنی مەزنەوە ,كە زەمەنی پیرۆزە .

وەك ئەوەی كەدەبینین مەسەلەكە وەرگەڕانێكی گشتگیر دروست ئەكات لە



www.pertwk.com

PDF4Kurd

بەهاکاندا .لەکاتێکدا کەزمانی باو تێکەڵی لەنێوان ئەفسانەو وەهم و خەیاڵبازیدا ئەکات ,ئەوا تەواو بەپێچەوانەوە مرۆڤی کۆمەڵگا کۆنەکان ئەو تەنها ئاماژەیان تیا بەدی ئەکرد کە ڕاست بێت بۆشیکردنەوەی واقع .

زۆردوانەکەوتین لەپوختە کردنەوەی ئەم ئەنجامانەی لەو دۆزینەوانەوە وەرمانگرت ,دواتر بەشێوەیەکی پلەبەند بەسوری و پێداگیری نەماینەوە لەسەر ئەو بۆچونەی کەپێی وایە ئەفسانە قسە لەسەر دۆزە مەحاڵ و ئاستەمەکان ئەکات ,یان ئەوانەی لەواقعەوە دورن .ئێمە هەر بەو بۆچونەوە وەستاین کەئەڵێت ئەفسانە ڕەوتێکی بیرکردنەوە پێك دێنێت جیاوازە لەبیرکردنەوەی خۆمان .بەهەر حاڵ نابێت حوکمی پێشوەختی لەسەر بدەین ,نابێت وەها هەڵسو کەوتی لەگەڵ بکەین وەك ئەوەی لادان و ناوێزەییە .بەڵکو دورتر لەمە ڕۆیشتین ,هەوڵماندا ئەفسانە بهێنینە ڕیزی مێژووی گشتی فکری مرۆڤایەتیەوە ,بەو پێیەی کەشێوازێکی زۆر ڕاستگۆی گوزارشکەری هزری بەکۆمەڵە .هەر بۆیە هزری کۆمەڵەیی کەلەکەبوی هەڵگیراو قەت بەتەواوی ناسڕێتەوە لەکۆمەڵگادا ,چەندە پێشکەوتوویش بێت ئەو کۆمەڵگایە —ئەمە ئەوەمان بیرئەخاتەوە کەجیهانی مۆدێرن تائێستایش بەشێك لەڕەوتی هەڵسوکەوتی ئەفسانەیی تیا ماوەتەوە . بۆنمونە ئەبینین خەڵکی کۆمەڵگای مۆدێرن بەشداری هەندێك سیمبوڵی ئەفسانەیی ئەکەن کەوەك بەشێك لەپاشماوەکانی سەردەمە کۆنەکان تەماشائەکرێت .

ئەتوانین ئەوە بسەلمێنین کەئەرکی ئالآی نیشتمانی لەگەڵ ئەو هەمووئەزمونەهەستیانەی لەخۆی گرتووە ,بەهیچ جۆرێك جیاواز نیە لەو





سیمبولأنەی لەکۆمەڵگا کۆنەکاندا بەکارئەهێنرا .بەم جۆرە بەرەو ئەو بۆچونە ئەڕۆین کەئەڵێت مەسەلەی بەردەوام بوون لەنێوان جیهانی کۆن و جیهانی مۆدێرندا مەسەلەی بەرباس نیە لەسەر ئاستی ژیانی کۆمەلأیەتی , لەکاتێکدا جیاوازی گەورەی نێوان کۆن و تازە لەلای زۆرینەی ئەو هاوولأتیانەی کۆمەڵگای مۆدێرن پێك دێنن لەبیرکردنەوەی تایبەتیاندایە , لەکاتێکدا ئەم جۆرە بیرکردنەوە نائامادە و تاڕادەیەکیش سنوردار بوو لای خەڵکی کۆمەڵگا نەریتی و پێشینیەکان .

لێرەدانامانەوێت هزری کۆمەڵەیی و ئەو بۆچونانەی دەربارەی هەیە نیشان دەین ,کێشەکە زۆر لەوە خاکی ترو سادە ترە .بەم جۆرە ڕونی ئەکەینەوە :کە ئەفسانە داهێنانێکی بێناوەڕۆك نیەو لادانێك نیە لەواقعیەتی مەئلوفی مرۆڤی سەرەتایی ,بەڵکو گوزارش لەشێوازێکی ژیان ئەکات لەجیهاندا . ئەتوانین لەبارەی ئەو چارەنوسە بپرسینەوە کەوا ئەفسانەکان لەجیهانی مۆدێرندا توشی هاتن ؟ یان وردتر بلێین ئەو شوێنگە گرنگەی ئەفسانە لەکۆمەڵگا مۆدێرنەکاندا هەیبوو ئێستا بەچی پڕکراوەتەوە ؟

بێگومان هەندێك بەشداری لەجیهانی ئەفسانەکان و سیمبوڵە کۆمەڵەییەکاندا )الجمعیە (تائێستالەجیهانی مۆدێرندا هەر کاری خۆی ئەکات .بەلأم ئەو ڕۆڵە سەنترالەی نەماوە کە ئەفسانە لەکۆمەڵگاکۆنەکاندا هەیبوو .کۆمەڵگای مۆدێرن گەر بەراوردی کەین بەکۆمەڵگای سەردەمە دێرینەکان وادەرئەکەوێت بەتاڵە لەئەفسانە .زیاتر لەمەیش هەندێك لەلێکۆڵیارەکان سورن لەسەرئەوەی کەوا ئەو دڵە ڕاوکێ و کەشتەنگیەی ) چیق (کۆمەڵگای مۆدێرنی گرتۆتەوە ,هەمووئەو قەیرانانەی توشی دێت ,





PDF4Kurd

دەگەڕێتەوە بۆنەبوونی ئەفسانەیەکی تایبەت بەخۆیان .

ئەو کاتەی کارل یۆنغ یەکێك لەکتێبەکانی ناونا "مرۆڤی هەوڵدەر بۆدۆزینەوەی خودی خۆی" مەبەستی ئەوە بوو جیهانی مۆدێرن – کەلەقەیراندایە لەوکاتەوەی بەقوڵی لەمەسیحیەت دابڕاوە – بەدوای ئەفسانەیەکی نوێدا ئەگەڕێت کەتەنها بوار بەخۆی بدات سەرچاوەیەکی نوێی ڕۆحی بدۆزێتەوە ,ئەفسانەیەك لەئێستایدا هێزی داهێنەرانەی بۆبگەڕێنێتەوە (6).

لەڕاستیدا جیهانی مۆدێرن بەئەفسانە دەوڵەمەند نیە ,لانی کەم لەڕووە دیارەکەیەوە ,بۆنمونە ئەمرۆ قسە لەسەر ئەو مانگرتنەگشتیانە ئەکرێت کەجەماوەر ئەبزوێنێت ,وەك ئەوەی یەکێك بێت لەو ئەفسانە دەگمەنانەی کەخۆرئاوای مۆدێرن دای هێنانەوە ,لەکاتێکدا مەسەلەکە پەیوەندی بەخراپ تێگەیشتنێکەوە هەیە بۆئەم دیاردەیە .ئەو بۆچونە گەشەی کرد کەپێی وایە مادام ئەم دیاردەیە ئەگاتە جەماوەرێکی فراوان دەکرێت بگۆڕێت بۆئەفسانە ,هەر لەبەر ئەوەی لەسیاقی مێژوودا جێبەجێ ئەبێت و دواتریش بەسەر دوارۆژدا دائەبڕێت .لەڕاستیدا بەم جۆرە میتۆدانە ئەفسانە پێك ناهێنرێت .لەوانەیە مانگرتنی گشتی یەکێك بێت لەئامرازەکانی تێکۆشانی سیاسی ,بەلاّم ئەمە پێشینەی ئەفسانەیی نیە , ئیتر ئەوەندە بەسە بۆئەوەی لەچوارچێوەی میتۆلۆجیای دوورخەینەوە .

بەلاّم کۆمۆنیزمی مارکسیەت شتێکی جیاوازترە ,باقسە لەسەر چارەنوسە مێژوویەکەی نەکەین و وازیش لەو پشتیوانیە فەلسەفیەی مارکسیەت بهێنین .بەڵکو لای بونیادی ئەفسانەیی کۆمۆنیزم بوەستین ,لای





ڕێبازەکەیی و ئەو دوارۆژ و کۆتاییە توندەی نیشانی ئە داین ,لای ئەو بەڵینانەی پێشکەشی ئەکردین و توشی ڕەواجێکی جەماوەری فراوان ئەبووەوە .بەبێ ڕەچاوکردنی بۆچونمان لەسەر مەبەستە زانستیەکانی مارکس ,شتێکی دیارە خاوەنی مانفێستی کۆمۆنیزمی یەکێك لەئەفسانە گەورەکانی پەیوەندیدار بە دوارۆژو کۆتای هاتن دێنێتەوە کەلەئەفسانەکانی ئاسیای ناوینە .ئەمە ئەوئەفسانەیە کەتایبەتە بەو دەورە فریادڕەسیەی کە دادپەروەر ,یان پغەمبەران ,یان پیاوی ئاینی پیرۆز و مژدەدەری بێ گۆناه ..لەڕۆژگاری ئەمرۆیشماندا پرۆرلیتاریا ,پێی هەڵئەسێت .هەر بۆیە ئەو فریادڕەسەی بانگ ئەکرێت بۆئەوەی گۆڕان لەبونیادی ئەنتۆلۆجی جیهاندا بکات توشی ئازاروو نەهامەتیەکی زۆرئەبێت .لەڕاستیدا ئەو کۆمەڵگا بێچینەی مارکس بانگەشەی بۆئەکرد و ئەوەیشی لێیەوە بەئەنجام ئەهات لەنەهێشتنی گرژیە مێژوویەکان ,ئێمە نمونەیەکی پێشوەختی باشتری ئەدۆزینەوە لە ئەفسانەی سەردەمی زێڕیندا کەوا بەپێی –کەلەپوری هەندێك میللەت –سەرەتاو کۆتایی مێژوویشی هەژمارکردبوو .

مارکس ئەو ئەفسانە بەناوبانگەی دەوڵەمەند کردبوو بەکەڵك وەرگرتنی لەئایدۆلۆجیایەکی بەڵێندەر بەسەرفرازی لەهەر یەك لەمەسیحیەت و جولەکە دا .لەلایەنی یەکەمەوە ڕۆڵێکی پێغەمبەرانەو فریادڕەسانەمان هەیە کەئەدرێتە پرۆلیتاریا ,لەلایەکی تریشەوە ململانێیەکی بێکۆتایی نێوان خێرو شەڕمان هەیە ,کە ئەتوانین بەراوردی کەین بەڕوداوی مەسیح و دەجال کەخۆی ئەکات بەمەسیحی درۆینە .

ئاماژەیەکی تری مارکس دەبینین بۆخاتری ڕێبازەکەی بەکاری هێنا ,



www.pertwk.com

PDF4Kurd

ئەویش ئەو هیوایە کە پێشتر مەسیحیەت و جولەکە بۆخۆیان دروستیانکرد دەربارەی ئەوکۆتاییە توندەی وەك دوادوایی بۆیان دیاریکراوە .لەم بوارەدا مارکس جیاوازە لەزۆربەی فەیلەسوفەکانی تر کەخاوەنی ڕێبازی مێژوو گەراین (7).وەکو :کروشی , (8)ئاور تیجائی کاسی (9)ئەوانەی کەبڕوایان وایە ئەو گرژی و ئاڵۆزیانەی مێژوو پێشکەشمان ئەکات بەناوەڕۆك پێویستە بۆڕەوشی مرۆڤایەتی ,دواجاریش ناکرێت بەتەواوی بڕەوێتەوە و پەرتەوازە بێت .

ئەو ئەفسانەی وا سۆشیالیستی نیشتمانی –مەبەست نازیەکانە –بەکاریان ئەهێنا جۆرێك لە کرچ و کاڵی پێوە دیاربوو کە هەر باسناکرێت بەبەراورد بە مەزنی ئەو گەشبینیە فراوانەی ئەفسانەی کۆمۆنیزم لای شوێن کەوتوانی دروستی ئەکرد .ئەو حاڵەتەی نازیەکان ناگەڕێتەوە بۆسنورداری ئەفسانەی ڕەگەزپەرستی بەتەنها ,کەبەشێکی زۆری ئەوروپا خۆبەخۆیی قبوڵیان نەکرد ,بەڵکو ئەگەڕێتەوە بۆلاوازی میتۆلۆجیای جێرمەنی بەشێوەیەکی تایبەت ,دەگەڕێتەوە بۆئەو نەزعە ڕەشبینیەی کەلەبنەڕەتەوە تیایەتی .لەگەڵ ئەمەشدا ئەمە کەوتۆتە سەر سۆشیالیستی نیشتمانی کەرەنجی پێویست بدات لەپێناو ژیاندنەوەی میتۆلۆجیای کۆنی جێرمانیدا ,لەم پێناوەیشدا کاری ئەکرد بۆ نەهێشتنی بەها مەسیحیەکان بە مەبەستی هەڵگرتنەوەی ئسوڵە ڕۆحیەکانی ڕەگەزی جێرمەنی کەبریتیە لەو بێ بڕواییەی لە سەردەمەکۆنەکاندا لەباکوری ئەوروپادا هەبوو .

لەڕوانگەی دەرونزانی قوڵەوە هەوڵێکی وەك ئەم هەوڵی گەڕانەوە بۆئسوڵی





ڕەگەزی جێرمانی وەکو بانگەشەی خۆکوشتنێکی دەستە جەمعی وایە .کە ئەمەیش دوادواییەکی توندی ئەبێت و پێشتر لەلایەن پێشینانی جێرمەنەوە وەك کاولبونی یەکجارەکی چاوەڕێ ئەکرا .

ڕاینارۆك , Rignarokیان ئەوەی کەکۆتایی جیهان بە کارەساتێك ئەبینێت .ئەو دوادواییە یە کە پێویستی بەشەڕێکە لە نێوان خوداوەندەکان و شەیتانەکاندا دروست ببێت و بەمردنی هەمووخوداوەندەکان و پاڵەوانەکان کۆتایی بێت ,جیهانیش بەرەو لێڵی و هەرەمەکی بون ئەبات .دواتر جیهانێکی نوێ ئەژێتەوە لەنێوان شوێنەوارەکاولەکانی جیهانی کۆندا و جارێکی تر ئەگەڕێتەوە بۆژیانێکی نوێ .بەم جۆرە دەبینین پێشینانی جێرمەن لای خۆیانەوە ئاگاییان هەبووە بەرامبەر ئەو ڕێبازەی کەدان بەخولی گەردونی و ئەفسانەی خولقاندنی جیهان وکاول کردنی بەشێوەیەکی بەردەوامدا ئەنێت .

هەربۆیە جێگیربوونی میتۆلۆجیای کۆنی ئەوروپای باکور لەشوێنی مەسحیەت ,بۆ پشتبەستنە بەدوادواییەکی ڕەشبینانە لەشوێنی ئەو دوادواییەی کەمەسیحیەت بەمژدەو بەڵێنی گەشبینانە دەوڵەمەندی کردبوو ,کۆتایی جیهان بەلای مەسیحیەتەوە بەمانای تەواو بوونی مێژوو جارێکی تر ژیاندنەوەی لەهەمان کاتدا دێت .

ئەم هەڵوێستە بەمانا سیاسیەکەی لای ئەندامێکی شۆسیالیستی نیشتمانی بەم جۆرە دێت :

دووربکەوەرەوە لەمێژووی کۆنی مەسیحی و "جولەکەی کۆن , "کاربکە بۆژیاندنەوەی باوەڕ لەقولایی دەرونتدا بەباپیرانی جێرمەن و پێشینانیان .



www.pertwk.com

PDF4Kurd

دواتر خۆت ئامادە بکە بۆجەنگێکی یەکلاکەرەوەی مەزن لەنێوان خوداوەندەکانی جێرمەن و ئەهریمەنەکاندا ,لەو شەڕەدا کەوا پێشبینیەکۆنەکان قسەی لەسەر ئەکەن ,خوداوەندەکانی جێرمەن و پاڵەوانەکان دەمرن ,ئێمەیش لەگەڵیاندا .ئەوکاتە کاولبونی یەکجارەکی و گشتگیری دێت .بەڵام جیهانێکی نوێ دوای کارەساتەکە لەدایك ئەبێت .

ئێستا ئەپرسین ئەم بۆچونە تائەم ڕادەیە ڕەشبین بووە چۆن توانیویەتی مەسەلەیی کۆتایی مێژوو لەخۆی بگرێت و لانی کەم هەستی تویژێکی فراوانی خەڵکی ئەڵمان گەرمکات .ئەم جۆرە پرسیارانە گەلێك گرنگن , هەر ئەوە بەسنیە پرسیارەکان بخەینە بەردەم زانا دەرونیەکان و لێیگەڕێین .

لەبواری سیاسیدا لەدەرەوەی ئەم دووئەفسانەوە ,کۆمۆنیزم و سۆشیالیستی نیشتمانی ,دەبینین کۆمەڵگا هاوچەرخەکان هیچ ئەفسانەیەکی تری نەبینیوە بەم جۆرە بلاْوبێتەوە .لەگەڵ ئەم جۆرە بۆچونەدا بەرەو ئەوە ئەڕۆین کە وەك ڕفتارێکی مرۆیی ئەفسانە ببینین ,لەهەمانکاتیشدا ڕەگەزێکی شارستانیەتی گەلانە ,یاخود وەك ئەوە تەماشای ئەکەین کەلە کۆمەڵگا نەریتیەکاندا هەبووە .لەڕاستیدا ئەفسانە لەسەرئاستی ئەزمونی تاکەکەسی ون نەبووە ,بەڵکو لەڕێگای خەونەکانەوە یان خەیاڵاتەوە خۆی دەر ئەخاتەوە ,لەڕێگای ئارەزو و سۆزەوە بۆشتە تێپەڕەکان ,دواجار بەرهەمە ئەدەبیە کان بەو فراوانیەی خۆیەوە بواری ئەوەی پێ بەخشین بچین بۆدۆزینەوەی میتۆلۆجیای —گەورەو بچوك —لەچالاکیە نەستیو نیوە هەستیەکاندا لای تاکەکەس .





بەڵام زۆرگرنگە بەلامانەوە بزانین ئەو بابەتانە چیە لەکۆمەڵگای مۆدێرندا ئەو شوێنە سەنتراڵەی گرتۆتەوە کەئەفسانە لەکۆمەڵگا نەریتیەکاندا کاری تیا ئەکرد .بەواتایەکی تر لەگەڵ داننانمان بەو ڕاستیەی کەوا بابەتە ئەفسانەییە گەورەکان هەروا لەکاری خۆی بەردەوامە لەقوڵاییە تاریکەکانی دەروندا .دەکرێت ئەم پرسیارانەی خوارەوە پێشچاو خەین .

ئایا ئەفسانە بەوماناییەی نمونەیەکی ئایدیالی ڕفتاری مرۆییە تائێستا بەشێوەیەکی ژێرەوانکیْ ماوە تەوە لەسەردەمی ئێستاماندا .بۆ وەڵامی ئەم پرسیارەیش ئەڵێین .

وادیارە ئەفسانەیش وەکو سیمبوڵەکانی تر وایە ,هەریگز لەبواری چالاکیە دەرونیەکان ون نابێت ,بەڵکو تەنها شێوەو ڕوخسارەکەی ئەگۆڕێت و والەخۆی ئەکات ئەرکەکانی تەمومژاوی و نادیاربێت ,هەر بۆیە دەستکردنمان بەلێکۆڵینەوە و بەدواداچونی ئەو تەم و مژانەی بەئەفسانەکانەوە ئەلکێن لەسەرئاستی کۆمەڵایەتی لەوانەیە زۆربەکەڵك بێت بۆ زیاتر تێگەیشتن .

لەم بوارەدا چەند نمونەیەکمان لەبەردەستدایە :ڕون و ئاشکرایە کەوا هەندێك لەجەژنەکان لەجیهانی مۆدێرندا دنیاین و لەدەرەوەی هەم و کەشێکی پیرۆزیەکانن ,ئەم جەژنانە تائێستایش بونیادو ئەرکە ئەفسانەییەکانیان پاراستووە ,لێرەدا ئاماژە بۆئەو دڵشادیانە ئەکەین کەلەگەڵ هاتنی سەری ساڵە نوێیەکاندا هەمووان دەگرێتەوە ,یان ئەودڵخۆشیەی دوای لەدایك بوونی منداڵ و دوای پێك هێنانی ماڵ و خانوو دروست ئەبێت ,هەموو ئەمانە پێداویستیەکمان بۆئاشکرائەکەن بەوەی کە



www.pertwk.com

مرۆڤ سەرەتایەکی ڕەهای ئەوێت بۆئەوەی تیایدا هەستێکی نارۆشن دروست بکات ,تاژیانێکی نوێ دەست پێئەکاتەوە ( 11 )و بگاتە ئەو حاڵەتەی بەتەواوی ئەژێتەوە .

جیاوازی نێوان ئەم دڵخۆشیانەو نمونە ئەفسانەییە کۆنەکەی هەرچەند بێت –کەوا ئەمانگەڕێنێتەوە بۆ دوبارە بونەوە دەوریەکەی خولڵقاندن –گومان ناکەین لەوەی کەمرۆڤ هەست بەپێداویستی ئێستایی کردنەوەی ئەو دراما کۆنانە ناکات بەشێوەیەکی هەمیشەیی ئەگەرچی زۆرلەپیرۆزیەکانیشی لەدەست دابێت .ناتوانین ئەوە دیاری بکەین تاچ ڕادەیەك مرۆڤی هاوچەرخ هۆشیارە بە ناوەڕۆکە میتۆلۆجیەکانی ناو ئەو دڵخۆشیانە .لێرەدا مەسەلەیەکی سەرنج ڕاکێش دێتە بەردەممان کەبەم جۆرە نیشانی ئەدەین :

تائێستایش ئەو دڵخۆشیانە دەنگدانەوەیەکی تەمو مژاوی و شاراوەی هەیە لەقولاّیی بونماندا ,ئەمە تەنها چەند نمونەیەکیەتی کەلەگەڵ خۆیدا ئەمانبات ,بەلاّم ئەتوانێت کۆمەڵە بارودۆخێکمان بۆ ڕون کاتەوەکەگشتی و هەمەلایەنە .بەمجۆرە دەڵێین : هەندێك بابەتی ئەفسانەیی هەیە تارۆژگاری ئەمرۆ شمان هەر ماوەتەوە لەکۆمەڵگا مۆدێرنەکاندا و کاری خۆیان ئەکەن ، بەلاّم بەئاسانی ناناسرێنەوە بەهۆی کەوتنە ژێر کاریگەری پرۆسەی بە عیلمانی کردنی درێژخایەنەوە .ئێمە ماوەیەکی زۆرە ئاگاداری ئەم مەسەلەین .بەم جۆرە کۆمەڵگا مۆدێرنەکان دیاری دەکرێن بەسیفەتی مۆدێرن بوونیان ،چونکە هەنگاو گەلێکی دووریان بڕیوە لەبواری داماڵینی پیرۆزی لە ژیان و گەردوون .هەروەها گوزارش لە و تازە بوونەوە ئەکرێت





لەجیهانی مۆدێرندا ,لەڕێگای جارێکی تر هەڵسەنگاندەوەی ئەوەی وا پێشچاو خراوە لەسەر ئاستی دنیایی بۆ بەهاپیرۆزە کۆنەکان .

گرنگە بزانین هەموو ئەو شتە ڕۆحیانەی لە جیهانی مۆدێرندا ماونەتەوە ، تەنها بەشێوەی ڕوخسارێکی گشتی دەرئەکەوێت، بەشێوەی بەهایەك کەجارێکی تر لەسەر ئاستی ژیانی دنیایی ڕاڤە دەکرێتەوە .گەر ئەم ڕەوشە لەهەموو شوێنێك جەختی لەسەر کرایەوە ئەوا پێویستە ئەوە قبوڵ کەین کەجیهانی مۆدێرن بە شێوەیەکی بنەڕەتی ناکۆکە لەگەڵ هەموو شێوەکانی مێژوو گەرایی کە پێشتر هاتوون .بەلاّم ئامادەیی مەسیحییەت بەتەنها ئەم گریمانەیە بەدوور ئەزانێت .بۆیە مەسیحییەت بەهیچ بارێکدا قبوڵی نیە دان بە ئاسۆیەکی بێ پیرۆزیدا بنێت بۆ گەردوون ,کە ئەمەش ئاسۆیەکی تایبەتی هەموو کولتورێکی مۆدێرنە .

مەسەلەکە هەروا ئاسان نیە .ناتوانین خۆمان بە دوور بگرین لە قسە کردن لەسەر مەسیحییەت و ڕۆڵی لەبەرچاو نەگرین ,مادام تا ئەمرۆش زۆربەی جیهانی خۆرئاوا ئەڵێت من مەسیحیم .لێرەدا زۆر لەسەر ئەو ڕەگەزانەی والەڕابردوودا بەڕەگەزە ئەفسانەییەکان ئەناسران لەمەسیحیەتدا نارۆم , ئەم ڕەگەزانە هەرچۆنێك هەبن ماوەیەکی زۆرە شێوە و فۆرمێکی مەسیحیانەی وەرگرتوە ,بەهەر حاڵ پێویستە لەڕوانگەیەکی ترەوە سەیری مەسیحیەت بکرێت ,ئەوە ناشاردرێتەوە کەناوە ناوە هەندێك دەنگ بەرزئەبێتەوەو ئەڵێت ,جیهانی مۆدێرن ئیتر لەئێستاماندا مەسیحی نیە .
بەلای لێکۆڵینەوەکەمانەوە پێویست نیە خۆمان بەوانەوەخەریك کەین کەبەپێویستی ئەزانن –ئەفسانە داماڵن --لەمەسیحیەت بۆئەوەی ماهیەتە



www.pertwk.com

PDF4Kurd

ڕاستەقینە كەی بۆبگێڕنەوە .

هەندێكیان بەرێبازێكی جیاوازتردا ئەڕۆن ,بۆنمونە كارل یۆنگ پێی وایە قەیرانی جیهانی مۆدێرن ,بەلای زۆرەوە دەگەڕێتەوە بۆئەوەی مرۆڤی خۆرئاوایی بەهەموو قەوارەی خۆیەوە ( سیمبولّ و ئەفسانە ) كانی مەسیحیەت ناژێنێتەوە ,بەڵكو گۆڕاوە بۆكۆمەڵێك وشەو كردەوەی لەژیان بەتالّ و لەكۆمەڵێك قالّبی مەیشتودا دەركەوتووە كەزۆر ڕوكەشە و هیچ پەیوەندیەكی بەناخی مرۆڤەوە نیە ,دواجاریش هیچ كەڵكێكی بۆژیانی دەرونی قولّ نیە .

بەلاّم ئێمەدەمانەوێت بەجۆرێكی تر كێشەكە بخەینە ڕوو :دەپرسین لەو كۆمەڵگا مۆدێرنانەی پیرۆزی لێداماڵراوە ,یان فۆرمێكی عیلمانیانەی پێ بەخشراوە ,تاچ ڕادەیەك مەسیحیەت لە ئاسۆیەكی ڕۆحی هاوشێوەی ئاسۆی باوی كۆمەڵگای سەردەمە كۆنەكاندا ئەژی ,ئەو سەردەمانەی ئەفسانە تیایاندا زالّ بوو .بایەكسەر بڵێین مەسیحیەت ناچار نیە لەم جۆرە بەراوردە بترسێت ,چونكە تایبەتمەندیەكی دڵنیایی تیایەو گومان هەڵناگرێت .دەگەڕێینەوە بۆباوەڕ بەو مانایەی وتەزایەكە لەوتەزاكانی ئەزمونی ئاین ,بۆئەو بەهایەی كەدەیبەخشینە مێژوو .

ئەو هێرشەی مەسیحیەت كردیە سەر جیهانی ئاینی فرە خودایی ئێستا بووە بەشتێكی كۆنی بێ ناوەڕۆك لەڕویی مێژوویەوە ,چونكە مۆركی ئەو سەردەمەی هەڵگرتوە كەلێیەوە سەرچاوەی گرتووە .ئیتر مەسیحیەت سەرەڕۆیی ئەوە ناكات دەست وەرداتە هیچ ئاینێكی تر ,یان هەر ئاراستەیەكی تری لاهوتی .لەگەل ئەم جۆرە حوكمدانەشدا بە ڕەچاو





كردنی دۆزینەوە تازەكان :ئەفسانە ڕەوتێكی دیاری كراوی بوون پێك دێنێت .بەهەڵەدا ناچین گەر بڵێین :مەسیحیەت وەكو ئاینێك پێویستە لەسنوری جیهاندا ڕفتاری ئەفسانەیی بپارێزێت ,لێرەدا زەمەنی لیتورجی وەبیر دێنینەوە (12 )یان بۆڕەتكردنەوەی زەمەنی دنیایی و كاركردن بۆگەیشتنە زەمەنی مەزن ,هەمان زەمەنی كۆن بۆسەرەتاكانی بنەڕەتی مەسیحیەت .

لەبارەی مەسیحیەتەوە یەسوعی مەسیح كەسایەتیەكی ئەفسانەیی نیە , بەڵكو بەپێچەوانەوە ئەو كەسایەتیەكی مێژوویییە .مەزنی ئەو لەو مێژوویی بونە ڕەهاوە سەرچاوەی گرتووە .بۆیە مەسیح هەر ئەوە نەبوو مرۆڤێك بیت )مرۆڤ بەگشتی (بەڵكو قایل بوو بەو ڕەوشە مێژوویەی ئەو گەلەی كەلەدامێنیا لەدایك بوو .خۆیشی بەپێویستی نەزانی پەنا ببات بۆكاری سەرسوڕهێنەر بۆئەوەی خۆی لەو مێژوویی بونە دەركات ,سەرەڕای ئەو كارە سەرسوڕهێنەرانەی ئەنجامی دا لەپێناو هەموار كردنی ڕەوشی مێژوویی خەڵكانی تردا ,ئەو كاتەی ئەبرسی چاك كردەوەو كاری كرد بۆزیندو كردنەوەی ئەلی عازەر لەمردنەوە .

لەگەلّ ئەمەشدا ئەزمونی ئاینی لای مەسیح پشت بە لاسایی كردنەوەی مەسیح ئەبەستێت ,بەواتای نمونەیەك كەدەبێت بكرێتە پێشەنگ , تائەگاتە ئیلهام وەرگرتن لەرێبازەكەی لەژیانداو گەڕاندنەوەی مردن و ژیانەكەی بۆشێوەی سروشتێكی ئاینی ,لەڕێگای خواپەرستی و ڕێورەسمەكانیەوە .ئەمانە هەڵئەسن بەهاوچەرخ كردنی مەسیح و شوێن كەوتنی ئەو كارانەی كەئەو لەكاتی خۆیدا پێی هەستاوە L ILLUD



www.pertwk.com

PDF4Kurd

TEMPUSئەو زەمەنەی کەلەگەڵ لەدایکبونی لە )بیت لحم (ەوە دەست پێ ئەکات و بەبەرزبونەوەیشی بۆئاسمان کۆتایی پێ دێت .

ئێمە ئەزانین لاسایی کردنەوەی کەسی نمونەیی لەدەرەوەی توانای مرۆڤە , دوبارەکردنەوەی هەمان دراما پێشەنگ و نمونەیبالآی ئەوێت ,دروست کردنی دابڕانیش لەگەڵ زەمەنی دنیاییخاڵی لەپیرۆزی بە هۆی کرانەوەیەکەوە دەبێت بگاتەوە زەمەنی مەزن ,کە نیشانە بنەڕەتیەکانی ڕەوشتی ئەفسانەیی پێك دێنێت ,یان ڕەوشتی مرۆڤی سەردەمە تێپەڕیوەکان ,کەوا لەئەفسانەدا سەرچاوەی بونی خۆی دۆزیەوە .

مرۆڤ هەمیشە خۆی وەها ئەبینێتەوە کە لەگەڵ ئەفسانەدا ئەژی ,هەر لەبەر ئەوەی بەشێوەی زنجیرەیی ڕوداوەکان ئەبینێ ,یان لەکاتی گێڕانەوەی ئەو کارانەی کەسایەتیە ئەفسانەییەکان پێی هەستاون .هەر بەم مانایە بوو کیرکگار (13)داوای لەمەسیحیە ڕەسەنەکان ئەکرد لەگەڵ حەزرەتی مەسیحدا بن ,بەلآم تەنانەت گەر مرۆڤ مەسیحیش نەبێت بەو مانایەی کیرکگارد مەبەستیەتی هەر ئەتوانێت هاوچەرخی حەزرەتی مەسیح بێت .هەر ئەبێت بەم جۆریش بێت ,چونکە زەمەنی تایبەتی بۆخواپەرستی لەکاتی نوێژ و جێبەجێکردنی سروتە ئاینیەکان و ئەرکەکانیان ئەژێنێتەوە .بەهیچ شێوەیەك ئەمەدریژکراوەی دنیایی بوون نیە .ئەمە زەمەنی پیرۆزە تائەو پەڕی سنوری پیرۆزی ,کەتیایادا خودا بەرجەستە ئەبێت و ئەبێتەوە مرۆڤێك ,ئەمە ئەو زەمەنەیە ئنجیلەکان قسەی لەسەر ئەکات .

مەسیحی لەکاتی خزمەتی ئاینیدا ئازارەکانی مەسیح نابینێت بەتەواوی ,





وەك چۆن مرۆڤ یادی هەر ڕوداوێکی مێژوویی ئەبینێت کەهەمووساڵێك زیندوو ئەکرێتەوە .بۆنمونە 14ی تەموز یان 11ی نۆڤەمبەر ,ئەمە یادی ڕوداوەکە زیندوناکاتەوە بەڵکو ئەیەوێت نهێنیەکی ئاینی چالاك بکاتەوە و جارێکی تر ئێستایی بوونی پێ ببەخشێت ,بەلای مەسیحیەکەوە یەسوع ئەمرێت و جارێکی تریش لەبەردەمیا ئەژێتەوە ,جارێکی تر هەر لەو کات و شوێنەدا (14 )مەسیحی بەبۆنەی نهێنی ئازارەکانی مەسیحەوە یان زیندووکردنەوەی مردوەکانەوە ,زەمەنی دنیایی ڕەتئەکاتەوەو ئەکەوێتە دوای زەمەنی سەرەتایی پیرۆزەوە .

گرنگیەك لەپێداگریماندا نیە لەسەر ئەو جیاوازیانەی مەسیحیەت لەجیهانی فرەخودایی کۆن جیائەکاتەوە ,ئەمە هێندە ڕۆشنی تیایە کە ناکۆکی قبوڵ ناکات ,بەڵام ماوەتەوە قسە لەسەر چیەتی ئەو ڕفتارانە بکەین کەئاماژەمان بۆکردن .

زەمەن بەلای کەسی مەسیحیەوە وەك هەر کەسێکی تری کۆمەڵگا سەرەتاییەکان زەمەنێکی چونیەك homogeneousنیە ,بەڵکو پێك هاتووە لەکۆمەڵە دابڕانێك کەبەشێوەی دەوری هاتووە ,دابەشیان کردووە بۆدرێژبونەوەیەکی دنیایی کەدابەشکردن قبوڵناکات ,تەنها زەمەنی پیرۆز دوبارەبونەوەی بێ کۆتابی قبوڵ ئەکات .

لەم وتەدا تێگەیشتین کەدوبارە بونەوە هیچ سنورێکی نیە بێ ئەوەی واز لەخودێتی خۆی بێنێ .کاتێك جەخت ئەکەینەوە لەسەرئەوەی مەسیحیەت بەپێچەوانەی ئاینە کۆنەکان چاوەڕوانی کۆتایی زەمەن ئەکات ,ئەم قسەیە بۆدرێژبونەوەی دنیایی )بەواتای مێژوو (ڕاستە .بەلآم پاشەکشەی



www.pertwk.com

PDF4Kurd

پێناکرێت لەسەر ئەو زەمەنەی کەباوەڕدار لەجێبەجێکردنی سروتەکاندا ئەیباتە سەر ,ئەوەی لەگەڵ بەرجەستە بوونی مەسیحدا دەست پێئەکات ) , (15ئەو زەمەنەی کەبڕوای مەسیحی لەسەری ئەدوێت لەگەڵ کۆتایی مێژوودا پەرتەوازە نابێت .

ئەم مانایە ئاماژەمان بۆکرد ئەوەمان بۆدەرئەخات بەچ شێوازێك مەسیحیەت لەجیهانی مۆدێرندا هەر شوێن ڕفتارە ئەفسانەییەکان کەوتووە ,گەر ئێمە ئەرکی ئەفسانەو سروشتە ڕاستە ڤینەکەیمان لەبەر چاو گرت ئەوا وادەرناکەوێت مەسیحیەت شێوازی ژیانی مرۆڤە کۆنەکانی تێپەڕاندبێت .تواناى ئەم تێپەڕاندنە و دورکەوتنەوە لەڕفتارەکۆنەکانیشی نیە .ماوەتەوە بزانین لەسەردەمی ئێستاماندا چ شتێك جێی ئەفسانەی گرتۆتەوە لای ئەو کۆمەڵەی هیچ شتێکی لەمەسیحیەتەوە هەڵنەگرتووە جگە لەپەیامە مردووەکەی .

وادیارە مەحاڵە کۆمەڵگایەك بەوە بەهێز ببێت تەواو ئازاد بوبێت لەئەفسانە ,چونکە ئاماژەیەکی بنەڕەتی ڕفتاری ئەفسانەیی ئەوەیە کە پشت بەنمونەیەکی مەزن ئەبەستن و بەردەوام دووبارەی ئەکەنەوە ,ئەمە پێداویستیەکی قوڵی هەمووهەلومەرجی مرۆییە ,سەرەڕای نیشانە گرنگەکانی تری کەلە هەوڵ و کۆششی مرۆڤ بۆدابڕان لە پاشخانە دنیاییەکەی و کەوتنە دوای زەمەنی سەرەتایی کۆندا خۆی ئەبینێتەوە .

بەم جۆرە زۆر زەحمەت نیە ئەو ئەرکانە بناسیین وائەفسانە لەکۆمەڵگا کۆنەکاندا هەیبووە ,لەڕێگای ئەوانەی وائەمرۆ بە بەفێرکردن ,پەروەردەو فێرکردنی ڕێنمایی کار ناویان ئەبات ,ئەم ڤسانە لەبەر ئەو ئەفسانانە





ڕاست نیە وائێستا پێوەرێك پێك دێنن ,ئەو پێوەرانەی پێویستە بپارێزرێت ,یان کۆمەڵێك نەریتی لەباپیرانەوە جێماوە ,هەر وەها لەبەر ئەو پرۆسەی گواستنەوەی ئەفسانە نیە –زۆربەی جارەکان بەشێوەی نهێنی ئەبێت 16 ) -- (کە هاوتای ئەوئەرکەیە وافێرکردنی فەرمی پێی هەڵئەسێت لەکۆمەڵگای مۆدێرندا .بەڵکو لەبەر ئەوەیە هاوشێوەبونی ئەرکی ئەفسانە لە گەڵ پرۆسەی فێرکردندا بەشێوەیەکی تایبەتی ئەوە ئەسەلمێنێت ,گەر ئەسڵی شێوە نمونەییەکانی ڕفتارمان لەبەرچاوگرت کەوا پەروەردە لە ئەورووپای هاوچەرخدا ڕووبەڕوی ئەبێتەوە .

لەزەمەنی کۆندا هیچ کەلێنێك لەنێوان مێژوو زانستی ئەفسانەکاندا نەبووە .هەر بۆیە کەسایەتیە مێژوویەکان هەوڵێکی زۆریان ئەدا بۆلاسایی کردنەوەی نمونە سەرەتاییە کۆنەکە ,ئەوەی والە خوداوەندەکان و پاڵەوانەکانەوە دەست پێئەکات .هەر لێرەشەوە کردارو ژیانی ئەو پاڵەوانانە ئەبووە کۆمەڵێك پێوەر کەبۆ ئەوە بشێت مرۆڤایەتی لەسەر بنەمای لەو جۆرە ژیانی خۆی ڕێك خات .

مێژوو نوسی ڕۆمانی )تیت لیف (17) (کۆمەڵێك نمونەی دەوڵەمەندی ڕفتاری پێشکەش کرد و داوای لەگەنجانی ڕۆمانیا کرد وەریگرن و قبوڵی بکەن ,دوای ئەوەی بلوتارك ( 18 )ژیاننامەی هەندێك گەورەپیاوی نوسیەوە .بۆئەوەی ببنە نمونەو پێشەنگ بۆنەوەکانی سەردەمی ئێستا .

جێی وەبیر هێنانەوەیە کەلەلایەنی ڕفتاری و مەدەنیەوە فەزیلەت و سود و کەڵکی ئەو کەسایەتیەگرنگانە لەپێشکەشکردنی نمونەیەکی سەرکەوتوی ئەرەستۆکراتی بۆپەروەردەی ئەورووپی بەردەوام بوو ,بەتایبەتی دوای



www.pertwk.com

PDF4Kurd

سەردەمی ڕێنسانس .بەو جۆرە تاکۆتایی سەدەیی نۆزدەهەم پەروەردەی نیشتمانی کەڵکی لەڕێنماییەکانی نمونە سەرەتاییەکانی ڕفتار وەردەگرت کە دەگەڕایەوە بۆسەردەمی کلاسیك .هەروەها ئەو نمونانە ئامادەییان هەبووە لە سەردەمە کۆنەکاندا ,in illoTempore ئەو سەردەمانەی پڕبون لەئمتیازات و دەسکەوت ,کەوا دائەنرێت بەلای ئەوروپاوە هۆکارەکانی مەعریفەو زانستی تیا وەرگیراوە .لوتکەی ڕۆشنبیری یۆنانی –لاتینی .

لەڕابردوودا گەڕان بەدوای چونیەکی میتۆلۆجیاو ئەو ڕۆڵەی وا پەروەردە پێی هەڵئەسا جێگەی سەرنجی کەس نەبوو ,چونکە یەکێك لەخەسڵەتە جیاکارەکانی ئەفسانە ئەوەیە کە بەشێوەیەکی گشتی جەخت ئەکاتە سەر دۆزینەوەی نمونەیەکی ئایدیاڵی کۆمەڵگایەك کەوا فەرامۆشکراوە .ئێمە لەم لێکۆڵینەوەدا جۆرە مەیلێك ئەناسین کە بەشێوەیەکی گشتی دەشێت ناوبنرێت مەیلی مرۆڤانە .بەواتای گۆڕینی ژیانی مرۆڤ بۆپێوەرو و پێوانە ,گۆڕینی کەسایەتی مێژوویی بۆنمونەی سەرەتایی ,کەتائێستا ڕوخساری ئەم جۆرە مەیلە لای نوێنەرە بەناوبانگەکانی عەقڵی مۆدێرن ئەبینین .

ئەندریە جید (19)ڕاستی کرد ئەوکاتەی وتی ,گۆتە (20)بەتەواوی ئاگاداربوو لەو پەیامەی کەپێکهاتبوو لە پشت بەستن بەڕێبازێك لەژیاندا , تابواری ئەوەی بداتێ نمونەو پێشەنگ بێت لەهەموو کارێکدا ,هەر بۆیە هەمیشە تێ ئەکۆشا بۆدۆزینەوەی ئەو نمونەیە .ئیتر ئەوە گەر لاسایکەرەوەی ژیانی خوداوەند و پاڵەوانە ئەفسانەییەکانیش نەبووبێت لەژیانی تایبەتی خۆیدا ,لانی کەم ڕفتارەکانی ئەگێڕانەوە بەشێوەیەکی گشتی .بۆل ڤالێری (21 )دەربارەی گۆتە ساڵێ 1932وتویەتی :ئەو





بەلای ئێمەوە ,ئێمەی مرۆڤ ,یەکێك لەبالآترین هەوڵەکانە بۆ ڕۆیشتن بەئاراستەی هاوشێوەبوون لەگەڵ خوداوەندا .

جگە لەمە لاسایی کردنەوەی نمونەی کۆن هەر بە هۆی ڕۆشنبیری فێرکاریەوە لەڕێگەی قوتابخانەکانەوە نابێت .مرۆڤی هاوچەرخ ملکەچی میتۆلۆجیایەکی کاریگەری فراوان کراوە ,لاسایی کردنەوەی کۆمەڵێك نمونەی ڕفتاری خرایە بەردەست کەتەبابوو لەگەڵ پەروەردەی فەرمیدا . ئەوەی وا لەجێبەجێ کردنی ڕۆڵەکەی خۆیدا لەماوەیەکی زۆرلەپێشترەوە لەکارکەوتووە .پاڵەوانەکان -ئیتر ئایا لەجیهانی خەیاڵدا بن یان واقع – نوێنەرایەتی ئەو نمونەئەکەن ,ڕۆڵێکی دیاریش ئەگێڕن لەپێگەیاندنی نەوجوانانی ئەوروپیدا .لەکەسایەتی ناو ڕۆمانە عاشقانەکاندا ئەیانبینین , لەپاڵەوانە جەنگیەکاندا ,لەناودارانی جیهانی سینەمادا ..هتد .مرۆڤ ئەو هەستە دای ئەگریێت کەوا ئەم ئەفسانەیە لەگەڵ تێپەڕینی ساڵدا زیاتر دەوڵەمەند ئەبێت .هەروەها ئ ەو نمونە ئایدیالیەی ڕفتاریش ئاشکرا ئەکات وا ڕەواجی میللی پێکی دێنیێت بەکاریگەریە وروژێنەرە بەردەوامەکانیەوە .ڕەخنەگران بەزۆری لای کۆپیەکی نوێ و وێنەیەکی تازەی دۆن جوان و پاڵەوانی شەڕەکان وەستاون .یان لای کەسایەتیە بەناوبانگەکانی جیهانی سیاسەت ,لای عاشقە نائومێدەکان و شوێنکەوتوانی ئاینزای سەگی , (22)یان شوێنکەوتوانی ڕێبازی پوچگەرا NIHILISM (23 )یان لای شاعیرێکی بێهیوای دڵتەنگ .

بێگومان هەمووئەو نمونانە درێژکراوەی میتۆلۆژیای کۆنن , هەڵسوکەوتکردنیش لەگەڵیاندا لەئێستادا هەر دەلالەت لەڕفتارێکی



www.pertwk.com

PDF4Kurd

میتۆلۆجی کۆن ئەکات ,جێی سەرنجە کە خوێندنەوەو ڕوبەڕوبونەوەی نمونە کۆنەکان حاڵەتێك لە بێ ئۆقرەیی و بێزاریمان بۆدەرئەخات لەپێناو گەیشتن بە )زەمەنی مەزن . (ئیدی ئەو زەمەنە هەر چۆنێك بێت , ئایائەو زەمەنە ئەفسانەییەیە وا ڕەنگدانەوەی یەکەم تیا ڕویدا ,ئەوەی کەدەکەوێتە سەروی بوونەوە ؟

شیکردنەوەیەکی ڕاست دەربارەی ئەو میتۆلۆجیا فراوانەی لای مرۆڤی مۆدێرن هەیە پێویستی بەنوسینی دەیان کتێب هەیە ,چونکە ئەفسانەو وێنە ئەفسانەییەکان لەهەمووشتێکدا دەرکەوتوون ,ئەو کاتەی شێوەیەکی عیلمانی دوور لە پیرۆزی وەرگرت ,یاخود پێگە مەزنەکەی دابەزی و توشی جۆرێك لە ونبوون بوو .ئەمە هەر ئەوەندەی بەسە مرۆڤ چاوەکانی بکاتەوەەو بیانبینێت .

پێشتر ئاماژەمان بۆئەو بونیادە ئەفسانەییەی ئاهەنگ و بۆنە دڵخۆشکەرەکانی سەرەتایی ساڵ کرد ,یان دەربارەی ئەو جەژنانەی کەبۆسەرەتاکانی ساڵ دەگێڕرێت ,تائێستایش هەر ئارەزووی )حنین ( NOSTALGIAبۆهەموو سەرەتاو دەستپێکردنێك ئەبینرێت ,دواجار هیوایەك مرۆڤی گرتۆتەوە بەوەی جیهان تازە ئەبێتەوە ,یان بەتوانای دەست پێکردنەوەی مێژوو لەجیهانییێکدا کە جارێکی تر ئەژێتەوە ,لەو جیهانەدا کەبونێکی تر ئەخوڵقێنێت .

ئەتوانین نمونەو بەڵگە نامەکانمان لەم بوارەدا زیاتر بکەینەوە ,هەرچەندە ئەفسانەی فیردەوسی لەدەست چوو تائەمرۆش ماوەتەوە وەك نمونەی ناو زهنیەتمان ,لەڕێگای وێنەکانی ناو دوورگەی فیردەوسەوە ,یان نمونەکانی





بەهەشتی عەدەنەوە , .ئەمەش چەند زەمینەیەکی جیاکارە کەتیایدا هەم کات ئەسڕێتەوە و هەم ڕەوڕەوەی زەمەنیش ئەوەستێنرێت .

لەم سیاقەدا سەرنجمان بەرەو ئەمە ئەڕوات :

بەشیکردنەوەی هەڵوێستی مرۆڤی هاوچەرخ بەرامبەر زمان بەشێوەیەکی تایبەت دەتوانین ئەو ونبون و نارۆشنیە ئاشکرا کەین کەبەسەر ڕفتارە ئەفسانەییەکاندا هاتووە .نابێت لەبیرمان بچێت کەیەکێك لەئەرکە بنەڕەتیەکانی ئەفسانە بەدیاری کراوی ,ئەوەیە کەهەڵئەسێت بەکردنەوەی دەروازەیەك تامرۆڤ لێیەوە بگاتە زەمەنی مەزن .بەشێوەیەکی دەوریش ئەگاتەوە زەمەنی یەکەم ,ئەم مەسەلەیە لەو ویستەی مرۆڤدایە بۆ وازهێنانی لەزەمەنی ئێستای ,وازهێنان لەوەی وابەبارودۆخی مێژوویی ناوی ئەبەین .

نەوەکانی بۆلیزیا ,بەئازادیەکی سەرسوڕهێنەرەوە بەرەو سەرووەری ئەچن , هەولێکی بێوچان ئەدەن بۆنکۆڵی کردن لە جدیەتی ئەو گەشتەیان , دواجاریش هەموو ئەو بوارانەی بۆ ئازادیەکانی بواری هەڵسوکەوتکردن و ڕەهایی لەڕفتاردا ئەیرەخسێنن .بەڵام بەلای دەریاوانەکانەوە مەسەلەکە پەیوەندی دارە بەگەشتێکەوە کەپاڵەوانێکی ئەفسانەیی پێی هەستاوە لەزەمەنە کۆنەکاندا .بۆئەوەی مرۆڤ ڕێگایەك نیشاندا ببێتە نمونەیەك و پێشڕەوێکیش دابهێنێت بۆ ئەوانەی داوی خۆی دێت ,گەر مرۆڤ سەرەڕۆییەکی تایبەتی بکات ,بەو مانایەی هێنانەوەی داستانێکی ئەفسانەییە کەهاوتای ژیانە لەگەڵ ڕابردوو شاردنەوەی ئەوەی لەئێستادا هەیە .



www.pertwk.com
PDF4Kurd

ئەو تەنگانەیەی مرۆڤی گرتۆتەو بەرامبەر زەمەنی مێژوویی هاوڕێیە لەگەڵ ئارەزوویەکی نارۆشن لەبەشداری کردن لەزەمەنێکی سەروەردا , زەمەنێکی سەرەتایی (*)و گشتی ,هەندێك جار بەلای مێژووی ئەم ڕۆژگارەمانەوە دەلالەت لەهەوڵێکی نائومێدئەکات لەپێناو تێکشکاندنی یەکانگیربوونی زەمەن .یان لەپێناو دەرچوون لەدرێژبونەوەو گەیشتن بەزەمەنێك جیاواز بێت لەو زەمەنەی کە بوونی خۆی تیا سەرگەردان ئەبێت ,ئالێرەدا یە بۆهەر مرۆڤێك زەمەنێکی تایبەت هەیە .

لەم بوارەداو بەشێوەیەکی تایبەت و بەئاراستەیەکی باشتر مرۆڤ هەست بەوە ئەکات کە چارەنوسی ئەرکەکانی ئەفسانە لەجیهانی مۆدێرندا چی بەسەرهات .ئەتوانین بڵێین مرۆڤی مۆدێرن بەگەلێك ئامرازی چونیەك لەلای خۆیەوە تێئەکۆشێت بۆدەرچوون لە )مێژووەکەی خۆی .(هەوڵێکی زۆر ئەدات بۆئەوەی لەڕیتمێکی زەمەنیدا بژی جیاواز بێت لەگەڵ زەمەنی ئاسایدا ,گەر ئەمەی کرد ئەوا جارێکی تر ڕفتاری ئەفسانەیی ئەگەڕێنێتەوە .

ئێمە باشتر لەم قسانە ئەگەین گەر بەوردی سەیری ئەو دوو ڕێبازە سەرەکیەمان کرد کەبەرەو )هەڵهاتن و لەدەست دەرچوون (ئەڕوات . مرۆڤ ئەمڕۆ لەڕێگای نمایشە شانۆیی و سینەماییەکانەوە ,یان لەڕێگای خوێندنەوەوە ئەیانبینێت .نامەوێت لای پێشینەی ئەفسانەیی زۆربەی شانۆو فیلمەکان بوەستم ,هەروەها بنەڕەتی سروتی شەڕە قۆچی گا و پێشبڕکێی ئەسپ ,یان یاریە وەرزشیەکان ,هەمویان لەیەك خاڵدا یەکدەگرنەوە ئەویش ئەوەیە )لەزەمەنێکی چڕو پڕدا ئەنجام ئەدرێت , (





ئەم زەمەنە زۆرتوندە .ئەمە بەجێماوی پاشماوەی زەمەنی سیحری — ئاینی کۆنە ,یان جێگرەوەیەتی . ALTERNATIVEدەکرێت بڵێین زەمەنی چڕو پڕ ڕەهەندی چۆنایەتی شانۆو سینەمایش پێکدێنێت .

گەر هات و بونیادە سروتی و میتۆلۆجیەکانی تراژیدیا لەشانۆو فیلمی سینەمادا ڕەچاو نەکرا ,ئەوا مەسەلەی گرنگ دەمێنێتەوە بەم جۆرە گوزارشی لێئەکەین :هەردوو ئەم جۆرە لە دیمەنی شانۆیی و سینەمایی پەنائەبات بۆزەمەنێکی جیاواز لەدرێژکراوەی زەمەنی دنیایی و دوریش لەکەش و هەوای پیرۆزی ,لەهەمان کاتیشدا ڕیتمێکی زەمەنی چڕو شکاو بەکاردێنێت ,کەلەدەرەوەی بەشداریە هونەری و ستاتیکیەکان زەنگێکی قوڵ دەزرنگێنێتەوە لەویژدانی بینەردا .

لەپەیوەندیدا بەخوێندنەوەوە ئەوا مەسەلەکە جیاوازەو تایبەتمەندی خۆی هەیە .مەسەلەکە لەسەرەتاوە بونیادی ئەفسانەکان و بنەڕەتیان لەجیهانی ئەدەبدا دەگرێتە خۆی .لەلایەکی ترەوە ئەو ئەرکە ئەفسانەییەی خوێندنەوە جێبەجێی ئەکات ,لای ئەوانەی کەخۆراکی عەقڵی لێ دەستگیرئەکەن .گەلێك جار گفتوگۆ لەسەر ئەفسانەو چیرۆکی سەیرو نامۆ و داستان لەئەدەبی مۆدێرندا کراوە .ئێمە ڕێگەمان بەخۆمان نەدا هەڵوەستەی لەسە ربکەین ,لەم سیاقەدا ئاماژە بۆئەوە ئەکەین ,ئەو تەنگانەو سەرەڕۆییەی کەپێویستە لەسەر پاڵەوان زاڵ بێتە سەریا , نمونەیەکمان پێش چاو ئەخات کەپاڵەوانە ئەفسانەییەکانی زەمەنی کۆن دایان هێناوە .لێکۆڵیارەکان ئاماژەیان بۆزۆربابەتی ئەفسانەیی کرد لەناو ئاوە سەرەتاییەکان و لە دورگەی فیردەوسی و لەتێکۆشان بۆکۆراڵی پیرۆزدا )



www.pertwk.com

PDF4Kurd

، (24لەخۆحسابکردن بەگروپی سۆفیەکان یان پاڵەوانەکان .هەربۆیە ڕاگەیاندنەکەیان بەردەوام چۆنیەتی هەژمونی ئەو بابەتانەی لەسەرئەدەبی ئەوروپی مۆدێرن دەرخستووە ,ماوەیەکی زۆریش نیە سوریالیزم هەنگاوێکی سەرسامکەری ناوە لەبەکارهێنانی بابەتە ئەفسانەییەکان و سیمبوڵە سەرەتاییەکان .

لەبارەی ئەدەبی میللی کاریگەر لەسەر جەماوەر ,ئەوا بونیادە ئەفسانەییەکەی بەڕونی دیارە .هەروەها هەموو ڕۆمانێکی میللی ململانێی نمونەیی نێوان پاڵەوان و تاوانکارو خێرو شەڕمان نیشان ئەدات : ئەوەبەرجەستە کردنێکی مۆدێرنی شەیتانە ,هەروەها گەلێك بابەتی تر ئەدۆزینەوە لەئەدەبی میللی و لەڕۆماندا کەلەبارەی کچێکی ستەم لێکراوەوە ,یان خۆشەویستیەك کەفریای دوو عاشق ئەکەوێت ,یان ئەو سەرپەرشتیارە نەناسراوەی کەهەژاران بەخێو ئەکات و دەپارێزێت , تەنانەت لەڕۆمانی پۆلیسیشدا وەك چۆن ڕۆجیە کیلۆی دەری خست roger cilloisکەچەند بەپڕی ئەفسانەی تیا دیارە .

ئایا دەتوانین ئەوە پێشچاو خەین کە تاچ ڕادەیەك شیعری لیرکی ئەفسانەی وەرگرتووە و بەردەوامە لەبەکارهێنانی ئاماژەکانیدا ؟ وای دەبینین هەموو شیعرێك هەوڵێکە شاعیر لەپێناوی جارێکی تر خوڵقاندنەوەی زمان ئەیدات .بەدەربڕینێکی تر دەڵێین ,لەپێناوی سڕینەوەی زمانی باوی ڕۆژانەو داهێنانی زمانێکی نوێ ,زمانێکی تایبەتی و تاکە کەسی ,کەدواجار زمانێکی نهێنیە .سەرەڕای ئەمەش داهێنان لەشیعردا وەك داهێنان وایە لەزماندا ,پێویستی بەڕەتکردنەوەی زەمەن و





مێژوی چڕبووەوەی ناو زمانیشە .کەتەماحی ئەوەی هەیە بگاتە دۆخی فیردەوسی سەرەتایی ,ئەوکاتانەی داهێنان بە شێوەیەکی خۆبەخۆیی ) عفوی (دەکرێت ,یان ئەوکاتانەی ڕابردوو هیچ ئامادەییەکی نیە ,چونکە هەست کردن بەزەمەن بونی نیە ,بەم جۆرە یادەوەریەك درێژبونەوەی زەمەنی لەخۆبگرێت بونی نیە .

لەڕۆژگاری ئەمڕۆیشماندا لەم جۆرە قسانە ئەوترێت ,بەلای گەورە شاعیرێکەوە ڕابردوو هیچ ئامادەییەکی نیە ,شاعیر جیهان ئاشکرا ئەکات وەك ئەوەی شایەتێکی خوڵقاندنی گەردون بێت ,یان هاوچەرخی ڕۆژی یەکەمی خوڵقاندن بێت .لەڕوبینایەکی )وجە نچر(تایبەتی ترەوە ئەتوانین بڵێین شاعیری مەزن جارێکی تر جیهان دائەڕێژێتەوە ,چونکە وای ئەبینێت زەمەن و مێژوو هیچ بونێکیان نیە ,ئەم جۆرە قسانە بەشێوەیەکی سەیر وەك ڕفتاری سەرەتایی ,یان ڕفتاری مرۆڤی کۆمەڵگا نەریتیە کۆنەکان دەخرێتە بەرباس .

بەلای ئێمەوە ئەرکی میتۆلۆجیای خوێندنەوە گرنگە بەشێوەیەکی تایبەت , چونکە بەجۆرێك لەجۆرەکان خۆمانی تیا ئەبینینەوە وئەمان خاتە بەردەم دیاردەیەکی چۆنایەتی تایبەتەوە بەجیهانی مۆدێرن ,کە زۆربەی شارستانیەتەکانی ڕابردوو بێئاگان لێی .خوێندنەوە هەر ئەوە نیە جێگەی ئەدەبی زارەکی هەڵقوڵاو لەژیانەوە دەگرێتەوە ,ئەوەی تائێستایش لەگوندەکانی ئەوروپادا سەرنجی ئەدەین .بەڵکو جێگەی گێڕانەوەی ئەفسانەکانیشی گرتۆتەوە کەلەسەردەمە کۆنەکاندا هەبوو ,لەوانەیە خوێندنەوە لە بینینی شانۆیش زیاتر ببێتە هۆی دابڕان لەدرێژبونەوەی



www.pertwk.com

PDF4Kurd

زەمەن ) ,لەوێشەوە دەرچون لە زەمەن , (ئیتر ئایا مرۆڤ مەبەستی بوو کاتەکەی بکوژێت بەخوێندنەوەی ڕۆمانێکی پۆلیسیەوە ,یان بچێتە ناو جیهانێکەوە کەزەمەنێکی نامۆی هەیە ,جیهانێك کەهەر ڕۆمانێك بخوێنیتەوە نوێنەرایەتی ئەکات ,خوێندنەوە لەم حاڵەتەدا کار لەسەر فەرامۆشکردنی مرۆڤی مۆدێرن ئەکات بۆدەرەوەی ڕەوتی خۆی و وای لێئەکات لەگەڵ هەندێك ڕیتمی تردا بڕوات و هەندیك مێژووی تر بژی . بۆئەوە خوێندنەوە ڕێگایەکی ئاسان پێك دێنێت ,بەواتای ئەوەی کەدەکرێت بەنرخێکی سنور دار ئەزمونی زەمەن ڕێك و هەمواربکرێتەوە بەلای مرۆڤی مۆدێرنەوە .ئەمە بەلای مرۆڤی مۆدێرنەوە ڕابواردنێکی تایبەتیە تائەو پەڕی مەدای خۆی و بواری ئەو خەیاڵەی بۆئەڕەخسێت کە کۆنترۆڵی زەمەن ئەکات ,خۆی لەڕەوتێك دەرباز ئەکات کە مردن ئەنجامێکی حەتمیەتی .

ئەم بەرگری کردنە دژی زەمەن کەهەموو ڕفتارێکی ئەفسانەیی ئاماژەی بۆئەکات و پێداویستیەکیشە لەقوڵایی هەل و مەرجی مرۆییدا ,بەشاراوەیی ئەیدۆزینەوە لای مرۆڤی مۆدێرن ,بەتایبەتی لەڕێگای ئەو کارانەوە کە بۆئارەزوو ڕابواردن ئەنجام ئەدرێت .ڕێك لەم بوارەدایە جیاوازی بنەڕەتی نێوان کولتورە مۆدێرنەکان و هەمووشارەستانیەتەکانی ڕابردووی پێ ئەپێون .هەر کارێکی بەرپرسانە لەکۆمەڵگا نەریتیەکاندا بکرایە نمونەیەکی ئەفسانەیی تیا ئەهێنرایەوە کە سنوری مرۆڤی تێئەپەڕاند و داوجاریش لەسەردەمێکی پیرۆزدا ئەنجامئەدرا .ئەو کارو پیشانەی کەمرۆڤ ئەنجامی داون ,وەك بەشداری کردن لەجەنگ ,عیشق ,شەیدایی ...





هەموویی لەپیرۆزیەوە هەڵئەقوڵێت .هەر ئەوەی کە مرۆڤ جارێکی تر ئەوە بژێنێتەوە کە پاڵەوان و خوداوەندەکان لەسەردەمە کۆنەکاندا کردویانە خۆی بۆخۆی دەلالەت لەبەخشینی پیرۆزی بە بونی مرۆڤایەتی ئەکات ,وەك سەرباریێك بۆپیرۆزی گەردون ) .ئەم مرۆڤە کەپیرۆزی بەدەستهێنا ,بەڕوی )زەمەنی مەزن (دا کرایەوە ,توانای ئەوەی لادروست بوو تادوارادە ماندوو کەشتەنگ بێت .بەلاّم ئەم پیرۆزیە مانایەکی زۆری هەبوو بۆیە مرۆڤ بەخاترجەمیخۆی قبوڵی کرد . (بەگوێرەی ئەم دەربڕینە ئیتر مرۆڤ لەلایەن زەمەنەوە پاکتاو ناکرێت .

تێکشکانی ڕاستە قینە لەزەمەندا ,لەگەڵ داماڵینی پیرۆزی لە کار دەستی پێکرد .لەکۆمەڵگا مۆدێرنەکاندا ئەو هەستە دروست بووە لای مرۆڤ کە زیندانی ئەو پیشەی خۆیەتی وا ڕۆژانە پێی ئەژی .هەر بۆیە ئیتر لەتوانایدا نیە لەزەمەن دەرچێت ,هەروەها لەتوانایشیدا نیە کاتەکانی خۆی بکوژێت لەکاتی کارکردندا --ئەوکاتەی هەست بە شوناسی ڕاستە قینەی خۆی ئەکات و چێژی لێ وەرئەگرێت --ئیتر ئەم مرۆڤە هێندەی پێی بکرێت تێئەکۆشێت بۆئەوەی لەکاتی بێکاریدا لەزەمەن دەرچێت , ئالێرەدایە ئەو ڕێژە بەرفراوانەی ئامرازەکانی ڕابواردن و کات بەسەربردن هاتۆتە ئاراوە کەشارستانیەتی مۆدێرن دایهێناوە .بەدەربڕینێکی تر هەر لەبنەڕەتەوە مەسەلەکان بەجۆرێك ئەڕوات تەواو پێچەوانەی ئەوەی لەکۆمەڵگا کۆنە نەریتیەکاندا هەبوو ,کەتاڕادەیەك ڕابواردنەکان هیچ ئامادەییەکیان نەبوو ,چونکە )دەرچون لەزەمەن (ئەوکات هەمووی لەڕێگای کاری بەرپرسانەوە ئەنجام ئەدرا .هەر بەم هۆیەشەوەیە کەڕفتاری



www.pertwk.com

PDF4Kurd

میتۆلۆجی ,لای زۆربەی ئەوکەسانەی بەشداری ڕاستەقینەی ئەزمونێکی ئاینیان نەکردووە .لەڕێگای ڕابواردن و ئامرازەکانی زەوق و خۆشیەوە ئاشکرا ئەبێت .سەرەڕای چالاکیەسەرەتاییەکانی وەك :خەونەکان ,خەیاڵ ,نوستالیژیا ,ئەم قسانە بەواتای ئەوە دێت )کەتێکشکان لەزەمەندا , ( هاوڕێی دامالێنی پیرۆزیە لەکارو لە هەموو ئەو ڕەنگدانەوانەی تریش لەهاتنە ژورەوەی تەکنۆلۆجیا بۆناو بونی مرۆیی دێت .هەر وەها ئەمە دەبێتە هۆی لەدەستدانی ئازادیەك کەوا بەجۆرێك لەجۆرەکان ڕوپۆشکراوە .دەمێنیتەوە بلێین کە ڕاکردن لەوتێکشکانە تەنها هەڵبژاردنی مرۆڤە کە بکرێت لەسەر ئاستی دەستەجەمعی ,کە لە خوگرتن بەڕابواردن و ئامرازەکانی کات بەسەر بردندا خۆی دەبینێتەوە .

وادیارە ئەم تێبینیانە بۆلێکۆڵینەوەکەمان بەسە ,ناتوانین بڵێین کەوا جیهانی مۆدێرن بەتەواوی ڕفتاری ئەفسانەیی ڕەتکردەوە ,بەڵکو تەنها لە بواری کارکردنیدا ڕەنگی داوەتەوە ,کەوا ئیتر ئەفسانە زاڵنیە بەسەر کەرتە سەرەکیەکانی ژیاندا ,بەڵکو لەهەندێك ناوچەی قوڵایی ناخدا , لەچالاکیە کۆمەلأیەتیە ناوەندیەکاندا ,هەتا لەو چالاکیانەی بەرپرسانە ئەنجام ئەدرێت چەپێنرا .

ڕاستە ڕفتاری ئەفسانەی لەکاری خۆی بەردەوامە بە ڕوپۆشکراوی و ژێرەوانکێ ,لەڕێگای ئەو ڕۆڵەوە پەروەردە ئەیگێڕێت ,بەلأم پەروەردە بەدیاری کراوی بایەخ بەتەمەنی منداڵێتی و نەوجوانی ئەدات .جگە لەمەش ئەو ئەرکەی کە پەروەردەی قوتابخانە پێی هەڵئەسا پێشکەش کردنی نمونەیەکە بۆڕفتار کە ئێستا لەقۆناخی لەناوچوندایە ,چونکە





پەروەردەی مۆدێرن کەوتە هاندانی خۆبەخۆی .ئەفسانە لەدەرەوەی ژیانی ئاینی ڕاستەقینەدا وەك ئەوەی لەسەرەوە ئاماژەمان بۆکرد ,پاڵپشت و دەستگیرۆییەکانی بۆڕابواردن و کاتبەسەربردن بەشێوەیەکی تایبەت پێشکەش ئەکات ,هەندێك جار لەسەر ئاستی دەستە جەمعی بەهێزێکی زۆرەوە لەفۆرمی ئەفسانەی سیاسیدا دەرئەکەوێت (25).

بەپێی هەمان ڕوانگە ئەڵێین ,ڕۆژێك دێت کەوا تێگەیشتنی ئەفسانە یەکێك لەدۆزینەوە گرنگەکانی سەدەی بیستەم پێك دێنێت .

ئیتر مرۆڤی ولأتانی خۆرئاوا سەروەری جیهان نین ,ئێستالەبەرامبەریاندا خەڵکانێکی گفتوگۆکار ئامادەیە ,نەك هەر ئەوەندەی دانیشتوانی ولأتە تازە گەشە کردوەکان بێت ,شتێکی باشە گەر بزانێت چۆن دیالۆکیان لەگەل ئەکات .دەکرێت دان بەوەدا بنێن دابڕان لەنێوان )جیهانی سەرەتایی دواکەوتوو (و دانیشتوانی ولأتەخۆرئاواییەکاندا نیە .ئێستا مرۆڤ هەر بەوەوە ناوەستێت کە هونەر لای زنجیەکان )خەڵکی دورگەکانی ولأتە کەناریەکان (بدۆزێتەوەو پێی سەرسام بن وەك ئەوەی سەرەتای سەدەی بیستەم هەبوو .پێویستە جارێکی تر سەرچاوە ڕۆحیەکانی ئەو هونەرانە بدۆزینەوە لەناودەرونماندا .پێویستە بزانین وئاگامان لەوە بێت کەوا ئەفسانە چەندە لەژیانی مرۆڤی مۆدێرندا ماوەتەوە .یان ئەو پاشماوانەی کەهەلگری خەسڵەتەکانی ئەفسانەن لەڕفتاری مرۆڤدا ,کە ڕفتارێکی پڕلەکەش و هەوای ئەفسانەییە .بەو مانایەی گوزارش لەدڵەڕاوکێیەك ئەکات بەرامبەر زەمەن ,کەلەقولأیدا پێویستیەکی بارو دۆخی مرۆییە .



www.pertwk.com

PDF4Kurd

..........................................................................

/ *مرسیا ئیلیاد /لەدیار ترین زانای ئەفسانە ناس و بیریارێکی بەناوبانگی سەدەی بیستەمە .

-1زۆلۆ /چەند خێلێکن لەباشوری ئەفریقا نیشتەجێن و ژمارەیان دەگاتە حەوت ملیۆن کەس ,لە ساڵی 1879لەبەرامبەر بەریتانیەکاندا بەرگریان کردو دوریانخستنەوە لەولآت ,دواتر کەوتنە ژێر ڕکێفی بەریتانیاوە ساڵی 1899زۆلۆ بەزمانی بانتۆ قسە ئەکات کەوا نیوەی کیشوەری ئەفریقای باشور قسەی پێئەکات .

-2هزیود /شاعیرێکی یۆنانی سەدەی هەشتەمی پێش زاینیە ,کۆمەڵە شیعرێکی هەیە بەناونیشانی )نەوەکانی خوداوەند (بە شیعری ڕێنمایی کارو فێرکاری بەناوبانگە .

-3ئیشراق /بێداربونەوەیەکی خودی و درەوشانەوەیەکی ناوەکی و دەرونیە کە ڕێگە بۆتێگەیشتن لەشتە ڕۆحیەکان خۆش ئەکات , سۆفیگەرەکان کاری لەسەر ئەکەن .

-4ڕیبازی پۆزەتیفیزم /ڕێبازێکی فەلسەفیە و لە بیریاری فەرەنسی ئۆگست کۆنتەوە دەست پێئەکات ,ئەم ڕێبازە لێکۆڵینەوەیمیتافیزیکی ڕەتئەکاتەوە ,پێی وایە تێبینی کردنی واقع و ئەزمون کردنی تەنها بنەڕەتێکە بۆفێربوون و مەعریفە .

-5دەستەواژەیەکی لاتینیە بەواتای ''لەو ÷in illo tempore زەمەنە کۆنەدا ''دێت .





-6میرسیا ئیلیاد لەپەراوێزەکەدا قسە لەسەر ''جیهانی مۆدێرن ''ئەکات , مەبەستیشی چینە کۆمەلآیەتیە چالاکەکانی دانیشتوی شارەکانە ,کەوا ڕوخسارە سەرەتاییەکانی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەڕێگای ,فێرکردن و پەروەردە ی فەرمیەوە پێك هاتووە .

-7ڕێبازی مێژووگەرایی شێوازێکی فەلسەفیە و هەموو ڕوداو و دیاردەیەکی مرۆیی ,بەتایبەتی لەبواری بیرو باوەڕ و بەهاکاندا ئەگەڕێنێتەوە بۆناو چوارچێوەیەکی مێژوویی .

-8بریفید تۆکروشی /فەیلەسوف و سیاسەت مەدارو مێژووناسێکی ئیتالیە ,ساڵی 1866بۆ 1952ژیاوە ,ڕێبازێکی مێژووگەرای ڕۆحی هەبووە , قسەی لەسەرگونجاندنی فەلسەفەو مێژوو کردووە .

-9ئۆرتیجا ئیکاسی :کۆمەڵنا س و فەیلەسوف و نوسەرێکی ئسپانی بووە ساڵی 1883بۆ 1955ژیاوە ,ڕۆحیەتێکی تازەی هێنایە ناو فەلسەفەی ئیسپانیەوە .

-10ڕایناروك ئەو حالەتی کاولبونە گشتگیرەیە کەوا چەرخی گەردوونی بەیەکجاری پێ تەواو ئەبێت ,هزری هندی کەڵکی لێ وەری گرت ,بڕوانە کتێبی ''ئەفسانەی گەڕانەوەی هەتاهەتایی ) ''ل ( 174میرسیا ئیلیاد : وەرگێڕانی حسیب کاسوحە –بلآوکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری .

-11ژیانێکی تازە دەست پێئەکات :وەرگێڕانی دەستە واژەی لاتینی incipit vita nova :

-12لیسورجیا :وشەکە یۆنانیە و بەواتای کاری گشتی دێت . لەمەسیحیەتدا بەو مەبەستە دێت کە کۆمەڵێك ڕێسای گشتیە



www.pertwk.com

PDF4Kurd

بۆخواپەرستی و جێبەجێکردنی سروتە ئاینیەکان .کەواتە زەمەنی لیسۆرجی بەواتای زەمەنیخواپەرستی و جێبەجێکردنی سروتە ئاینیەکان دێت .

13-کیرکگارد Kierkegaard فەیلەسوف و لاهوتیەکی دانیمارکیە و ساڵی 1813بۆ 1855ژیاوە .ئەو قەلەقی کردە ئەزمونێکی بنەڕەتی لای مرۆڤ .

14-ڕێك لەم شوێن و کاتەدا دەستەواژەی لاتینی hic et nunc وەرگێڕراوە .

15-هەندێك جار میرسیا Lillud tempus christollogique , ئیلیاد لەیەکدەستە واژەدا وشەگەلی لاتینی و فەرەنسی بەکار دێنێت , tempus Lillud لەلاتینیدا بەواتای "ئەوزەمەنە" دێت , Christologie لەزمانی فەرەنسیدا بەواتای زانستی بیروباوەڕی مەسیحی دێت .

16-وشەی فەرەنسی و ئینگلیزی initiation بەواتای وەرگرتنی ڕەگەزە سەرەتاییەکانی زانست و هونەر دێت ,هەروەها بەواتای چونە ناو کۆمەڵەیەك ,یان ڕێکخستنێك دێت دوای ئەوەی بیرو باوەڕو نهێنیەکانیان ئەبینێت .میرسیا ئیلیاد ئەمانەی مەبەست بووە بۆیە ئێمەش بە "تنسیب وەرمان گێڕا" ,بڕوانە کتابی "تنسیب و لەدایکبونە سۆفیەکان" ل 10 / –میرسیا ئیلیاد ,وەرگێڕانی حسیب کاسوحە –بلاوکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری سوریا ( لەزمانی ئینگلیزیدا بەواتای تەڵقین دێت : وەرگێڕی کوردی )





17– تیت لیف :مێژوو نوسێکی ڕۆمانی بوو ساڵی 59ی پێش زاینی بۆ 17دوای زاینی ژیاوە ,مێژووی ڕۆما هەر لەسەرەتاکانیەوە تاساڵی 9ی پێش زاینی نوسی ,نوسینەکانی تام و چێژ و زیندویەتیەکی تایبەتی تیایە .

18– بلوتارك مێژوونوسێکی یۆنانیە ساڵی 45بۆ 125ز ژیاوە ,ئەو گەورەکەری ئیمبراتۆر ئەدریان بووە ,کتابێکی هەبوو بەناونیشانی ژیاننامەی پیاوە بەناوبانگەکانی یۆنان و ڕۆمان و کتابێکیشی هەبوو لەسەر ڕەوشت ,کاهینی پەرستگای ئەبولون بوو لەدیلف .

19– ئەندریە جید :نوسەرێکی بەناوبانگی فەرەنسی بوو ,لە 1869 بۆ 1951ژیاوە .نوسینەکانی لایەنگیری لە ئازادی و پابەندبوون بەپەرنسیپەکان و دڵسۆزی ئەکرد .خەڵاتی نۆبڵی ساڵی 1947ی بەدەست هێنا .

20-گۆتە :نوسەرێکی بەناوبانگی ئەڵمانیە و لە ساڵی 1749بۆ 1832 ژیاوە . .خاوەنی کتابی فاوستە ,کە بە ڕەوانی زمان و کەشخەیی شێواز و قوڵای فکری بەناوبانگە .

21– بول ڤالیری ساڵی 1871بۆ 1945ژیاوە نوسەرێکی فەرەنسیە و لەشاعیرە ڕەمزیەکانە و خاوەنی قەصیدەی "گۆڕستانی دەریاییە" لەبواری زمان و مۆسیقاو زانستەکاندا نوسیویەتی .

22– ڕێبازی سەگی Le Cynisme :وشەیەکە لەفەرەنسیەوە وەرگیراوەو بەواتای سەگ دێت .ڕێبازی سەگی زۆربەتوندی هێرش ئەکاتە سەر پرەنسیپە ئەخلاقی و نەریتیە کۆمەڵایەتیەکان .



www.pertwk.com
PDF4Kurd

23-ڕێبازی پوچ گەرایی le nihilisme :لەئەنجامدا هەر ئەبێتە هۆی نکۆڵی کردن لەهەموو بنەمایەکی بەها ڕفتاریەکان و هەموو مانایەك بۆ بوون و بانگەشەی ئازاد کردنی تاك ئەکات لەهەموو دەسلاَتێك .

24 – کورالْ Le grail کاسەیەکە لەزەمەرود و ئەوترێت گوایە مەسیح لەخواردنی نهێنیئێواراند بەکاری هێناوە .

25 – ئەفسانەی سیاسی –میرسیا ئیلیاد ئاماژە بۆ )شۆسیالیستی نیشتمانی (ئەکات .ئەوەی کەوا هیتلەر دروستی کرد ,کەدەیان ویست لەرەوتەکانی ڕفتاریاندا بگەڕێنەوە بۆجێرمانی کۆن

.

سەرچاوە گۆڤاری ئەدەبی بیانی / ژمارە 121 / زستانی 2005





ئەریك فرۆم 1900—1980

# بەرەو بەمرۆیی کردنی تەکنۆلۆجیا *

زوقان قرقوت



www.pertwk.com

PDF4Kurd

ئەریك فرۆم ساڵی 1900 لەخێزانێکی جولەکەی ئەرسۆدۆکس لەشاری فرانکفۆرتی ئەڵمانی لەدایك بووە , لەزانکۆی فرانکفۆرت وهایدلبیرغ لەهەر سێ رشتەی کۆمەڵناسی ودەرونزانی وفەلسەفەدا خوێندویەتی وپلەی دکتۆرای لەفەلسەفەدا بەدەست هێناوە , تێزی دکۆتراکەیبەم ناونیشانە بوو Jewish law : Aconttribution to the socio logy of jewish diaspora)) یاسای جولەکە : بەشداریەك لەکۆمەڵناسی پەرتەوازەی جولەکە )) . هەروەها لەزانستی شیکردنەوەی دەرونیدا لەمیونخ وبەرلین و ولآتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا بەشێوەیەکی زۆر چڕو پڕی پراگماتی ڕاهێنراوە , سەرەڕای پراکتیکی شیکردنەوەی دەرونی فرۆم بەوانە بێژی لەکۆمەڵێك زانکۆی بەناوبانگی ئەمریکیدا کاری کردوە . لەساڵی 1980 لەسویسرا کۆچی دوایی کرد .

نوسینەکانی فرۆم بەهەوڵێکی گرنگ دائەنرێن لەبواری لێکۆڵینەوەی ڕەوشتی مرۆڤدا , لەبەر ڕۆشنای ئەو گونجاندنەی کەلەنێوان هەردوو میتۆدی فرۆیدیزم کەتەرکیزی کردۆتە سەر لێکۆڵینەوەی تاکە کەس و بونیادە دەرونیەکەی , مارکسیزم کەوا بەپلەی یەکەم تەرکیزی کردۆتە سەر





پێدراوە ئابوریەکان . لەوتارێکدیدا بەناونیشانی the application of psy choon alysis to sociology ofriligious studies فرۆم وای ئەبینێ تێکەڵکردنی هەر یەك لەمیتۆدەکانی دەرون زانی و کۆمەڵناسی وئابوری پێکەوە دەکرێت ڕێگای تێگەیشتنی ناوەڕۆکە مەعنەویەکان ((دەورن )) و ناوەڕۆکە مادیەکانی (ئابوری ) پێشکەوتنی مرۆڤایەتیمان نیشان دات . وەلەهەوڵیدا بۆدارشتنی میتۆدێکی تازە فرۆم چارەسەریەکانی مەسەلەی پێکهاتەی غەریزی وپەیوەندی بە ڕەوشتی مرۆڤەوە لەفرۆید وەرگرت , لەژێرکارگەریەکی ئاشکرای میتۆدی مارکسیزمدا پێی وابو پێکهاتە ناوەکی وغەریزیەکانی تاکە کەس هۆکارە پێکهێنەرکانی ڕەوشت نیە , بەڵکو دەورو بەرەکەی و کاری گەری ژینگەکەی ئەم هۆکارانە پێك دێنێت .

گرنگترین کتابەکانی فرۆم ئەمانەن ( ترسان لەئازادی 1941, مرۆڤ بۆخودی خۆی 1947 , کۆمەڵگای تەندروست 1955 , هونەری خۆشەویستی 1956 ,دڵی مرۆڤ 1964 , شۆڕشی هیوا کەدواهەمین کتابیەتی 1968 .

فرۆم : چەند هەڵبژاردەیەك لەشۆڕشی هیوا .

بەرەو بەمرۆیی کردنی تەکنۆلۆجیا :

دوریان :-

دواجار تارماییەك هەیە . تارماییەك کە جگە لەژمارەیەکی کەممان کەس هەستی پێناکات ,ئەم تارماییە بەخێرای تێ ئەپەڕێت , ئەمە وەهمە



www.pertwk.com
PDF4Kurd

کۆنەکەی کۆمۆنیزم و فاشیزم نیە , بەڵکو تارماییەکی نوێیە .
کۆمەڵگایەکمان هەیە خاوەنی هەمو تواناییەکەو ملکەچی بەرهەمهێنان وبەرخۆریە لەبەرزترن پلەی دا و بەرێکخەری تەکنۆلۆجیش ئاراستە ئەکرێت , مرۆڤ لەم سیاقە کۆمەلأیەتیەدا خەریکە ئەگۆڕێت بۆدۆلأبێك لەناو ئامێرێکی گەورە دا .ئەم مرۆڤە تێر ئەکرێت و ڕیز ئەکرێت بەباشی بەلأم لەگەڵ ئەمەشدا هەر نیگەتیڤە { سلبیە }, لەڕوی هەڵچونەوە هیچ زیندویەتیەکی تیا نیە , وەبەسەرکەوتنی ئەم کۆمەڵگا تازەیە تاگگەرایی و ژیانی تایبەتی لەناو ئەچن . بوارەگشتیەکان ڤاڵبگیر دەکرێن بەرامبەر شتی ترو بەپێی گونجاندنی سایکۆلۆجی دەزگاکانی تر , بەپێنەو پەڕۆ جۆرێکی تری ئەزمونی خودی و ناوەکی مەیسەر دەکرێت ,هەروەك ئەوەی " زبینیۆبرزیزنسکی وتی : لەکۆمەڵگا ی تەکنۆلۆجیای ئەلکترۆنیدا { التقالکترونی } (( 1 )) مرۆڤ ئارەزوی ئامێزانبونی هەیە لەگەڵ مەلاین هاولأتی بێگانەدا و بەئاسانی لەژێرکاریگەری کەسایەتیەکی بەهێزو سەرنج ڕاکێشدایە کەزیرەکانە دەسکەوتە کانی تەکنۆلۆجیای پەیوەندی کردن بەکار دێنێت بۆچاودێری کردنی عەقڵی خەڵك و دەست کاری کردنی هەڵچونە دەرونیەکانیان . جۆرج ئۆرێڵ وئالدوس هاکسلی لەساڵی 1984 پێشبینی باشترین دەرکەوتەکانی ئەم کۆمەڵگا تازەیان کردبو .
وادیارە ئەمرۆ ئەوەی لەهەمو شت زیاتر توشی دڵە ڕأوکێمان ئەکات لەدەست دانی چاودێریە بۆسیتەمە تایبەتیەکەمان . ئێمە تەنها بڕیاری ڕێکخەرە تەکنۆلۆجیە کانمان جێبە بەجێ ئەکەین , وەکو بونەوەرێکی مرۆیی هیچ ئامانجێکی ترمان نەماوە جگە لەهەوڵی بەرهەمهێنانی زیاترو بەرخۆری





زیاتر . توانای خواستنمان بۆشتەکان زۆرلاوازترە لەتوانانی ڕەتکردنەوەمان بۆی . بەلەبەر چاو گرتنی ئەوەی ئێمە لەبەردەم هەڕەشەی چەکی کۆکوژداین , یان ئەو ئفلیجی و گۆجیەمان کەوا دوریمان لەبڕیارە بەرپرسیاریەکانەوە ناکاراو نیگەتیڤی کردوین .
ئەمە چۆن ڕویدا ؟ چۆن سبەینێ ئەو مرۆڤەی کەوا لەلوتکەی سروشتدایە دەبێتە زیندانی داهێنانەکانی خۆی , چۆن وا خۆی توشی وێران بون کردۆتەوە ؟
مرۆڤ لەگەڕانیدا بەدوای حەقیقەتی زانستیدا ئەوەندە مەعریفەی بەرهەم هێناوە کەبتوانێت بۆزاڵبون بەسەر سروشتدا بەکاری بێنێت . لەم ڕووەوە گەلێك سەرکەوتنی مەزنی بەدەست هێنا , بەلأم بەپێداگیری لەسەر تەکنۆلۆجیاو بەرخۆری مادی ئەم مرۆڤە بەریەك کەوتنی لەگەڵ خودی خۆی و لەگەڵ ژیانیش لەدەستدا . مادام بایەخ بەهیچ نادات جگە لەتەکنۆلۆجیاو بەرخۆری مادی , هەمو شتێکی لەدەست دا , نەك هەر بڕوا ئاینی و بەهامرۆییەکان بەڵکو توانای هەست کردن وهەڵچونە قوڵەکانیشی لەدەستدا , وەك - دڵشادی وخەم ناکی- کەهەر لەسەرەتاوە هاوڕێی سروشتی مرۆڤ بون . وەئەو ئامێرەی کەمرۆڤ خۆی دروستی کرد ئێستا پرۆگرامی تایبەتی وای بۆ بەرهەم هێنراوە ئەو ئێستا ڕۆشنبیری مرۆڤ دیاری ئەکات .
دیارترین ئەو مەترسیانەی ئێستا لەسیستەمەکەماندا هەیە , ئەوەیە کەئابوری گرێ دراوە بەبەرهەمهێنانی چەکەوە, ئەمەش بەپەرنسیپی ئەو پەڕی بەرخۆری " بێ ڕەچاوکردنی کۆی ئەو بڕەی کەبۆبەرگری پێویستە " . سیستەمی ئابوری ئەمرۆ لەسەر بناغەی بەرهەم هێنانی ئەو مادانە



www.pertwk.com

PDF4Kurd

ئەڕوات بەرێوە کەوا هەڕەشەی کاول کردنی جیهان مان لێ ئەکات . ئەو کاڵانەی کەتاکە کەسی خنکاندووەو دواجاریش گۆڕیویەتی بۆبەرخۆرێکی نیگەتیف ,ئەمەش بەدروستکردنی سیستەمێکی بیرۆکراتی کەوا کە دەستە وەستانین بەرامبەری .

ئایا توشی تەنگانەیەکی ترسناك بوین و هیچ چارەسەرێکی نیە ؟ ئایا پێویستە نەخۆشیەك بەرهەم بهێنین بۆئەوەی ئابوریەکی تەندروستمان هەبێت ,ئایا ئێمە ناتوانین سامانە مادیەکەمان و داهێنان و سیستەمە تەکنۆلۆژیەکەمان بۆمەبەستی مرۆیی بەکاربهێنین ؟ ئایا پێویستە ئێمە تاکی شوێنکەوتەو نیگەتیف بین بۆئەوەی سیستەمە بەهێزەکانمان بەچاکی ڕێ بکەن .

وەلامی ئەم پرسیارانە لێکترجیاوازن , لەنێوان ئەوانەی کەدان ئەنێن بەو گۆڕانە ڕادیکاڵەی بەهێز بون وگەورەبونی ئامێر لەژیانی مرۆڤدا دروستی کردووە ئەو نوسەرانە ئەبینینەوە کە پێیان وایە دروستبونی کۆمەڵگایەکی نوێ مەسەلەیەکی حەتمیەو بێ هودەیشە هەر لەئێستاوە گفتوگۆی خەسڵەتە چاوەڕوان کراوەکانی بکەین . ئەوان کەبەتەواوی لایەنگری دروستبونی ئەم کۆمەڵگا نوێیەن , هەندێك ترسیشیان هەیە دەربارەی پێگەو چارەنوسی مرۆڤ لەنێو ئەم ئاراستەیەدا . "زبینیۆبرزیزنسکی " کەکاهینێکە و لەو لایشەوە "جاك ایللول " مان هەیە کەلەکتێبی " تەکنۆلۆجیاو سەرەڕۆیی سەردەم " دا ئەڵێت . ئەو کۆمەڵگا نوێیەی خەریکە لێی نزیك ئەبینەوە و چاوەڕێی وێرانکاریەکانی ئەکەین بەهۆی نامرۆیی بونە ترسناکەکەیەوە لەپێشی ئەو تارماییەوەیە ,





بەکورتی پێی وایە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی وەك پێویست ئامادە باشی سەرکەوتن نیە , بەلام بڕوایەکی وای هەیە بەوەی کەدواجار مرۆڤایەتی ئەتوانێت زاڵ بێتە سەر کێشەو مەینەتیەکانیدا ,هەر بۆیە بەهیوای ئەوەیە ڕێگری بکرێت لەسەر کەوتنی کۆمەڵگایەکی نامرۆیی . ژمارەی ئەو مرۆڤانەی کەئاگایان لەمەترسیەکانی سەرژیانی ڕۆحی و تایبەتیان هەیە پێوستە بەردەوام لەزیادبوندابن و لەناو کرۆکی ئەم پێشهاتانەیشدا پێداگری لەسەر ئازادیەکانی خۆیان بکەن . ( م 1) (3) هەڵوێستی لویس مۆم فۆرد تاڕادەیەك وەك هەڵوێستی اللول وەهایە . لەو کتابە گرنگ وقوڵەی بەناوی ئەفسانەی ئامێر (4) موم فورد باسی گەورەیی وبەهێزی ئامێر ئەکات لەیەکەم دەرکەوتنیەوە لەکۆمەڵگاکانی مسرو بابلدا . زۆرکەس هەم ئەوانەی خاوەن پلەو پایەن وهەم ئەوانەیش کە هاوولاتی ئاساین هەست بەهیچ تارماییەك ناکەن کەهەڕەشەیان لێبکات , بەپێچەوانەی ئەو نوسەرانەی کەپێشتر ئاماژەم پێکردن , کەهەیانە بەچاوی ڕقەوە سەیری دیاردەکە ئەکەن و هەیشیانە بەڕەزامەندیەوە ,ئەوان ئەو بۆچونە کۆنەی سەدەی نۆزدەهەم بەنەمری ئەهێڵنەوە کەدەڵێت ئامێر ئەرك وقورساییەکانی سەر شانی مرۆڤ کەم ئەکاتەوە و هەمیشە وەك ئامرازێك دەمێنێتەوە لەپێناوی مەبەستدا و لەهەمان کاتیشدا هیچ مەترسیەکی تیا نابینینەوە . گەر بوار بدرێتە تەکنۆلۆژیا بەپێی لۆژیکی خۆی گەشە بکات ئەواگەشەکردنەکەی گەشەیەکی سەرەتانی ئەبێت , ئەوکاتەیش ئەبێتە هەڕەشەی سەر ژیانی تایبەتی و کۆمەلایەتی مرۆڤ . ئەو هەڵوێستەیش لەناو ئەم کتابەدا وەرگێراوە (5) لەڕوی پرەنسیپەوە نزیکە لەهەڵوێستی مومفورد وایللول .



www.pertwk.com

PDF4Kurd

دەکرێت جیاوازیش بێت لێیان لەڕوی ئەو توانایانەوە کە چاودێری کردنی سیستەمی کۆمەلایەتی ئەگێرێتەوە بۆمرۆڤ . ئەو هیوایانەی لێرەدا دروستبوە لەم فاکتەرانە پێك دێت .

1-دەکرێت زۆر باشتر لەم سیستەمە کۆمەڵایەتیەی ئێستاکە تێبگەین گەر بێتو سیستەمی مرۆڤ گرێ بدەینە سیستەمەکانی تری ئابوری و کۆمەلایەتی . سروشتی مرۆڤ ئەبستراکت و خۆش دەست نیە بۆگۆڕان , بۆیە دەکرێت لەڕوی دینامیکیەوە فەرامۆشبکرێت , بەڵکو ئەمە پیرۆسەیەکە خەسڵەتی چۆنایەتی ویاساو ئەلتەر ناتیڤی خۆی هەیە . هەر بۆیە خوێندنەوەی سیستەمی( مرۆڤ ) بواری ئەوەمان ئەداتێ کەکاری گەری هەندێك فاکتەری سیستەمەکانی کۆمەلایەتی - ئابوری لەسەر مرۆڤ ببینین . لەلایەکی تریشەوە تا ڕادەیەك تێکچونەکانی سیستەمی ( مرۆڤ ) لەدایك بوی چەند کێشەیەکی ترە لەسیستەمە کۆمەلایەتیەکاندا . وەگەر بێتو ڕەگەزی مرۆیی بخەینە ناو شیکردنەوەی سیستەمی کۆییەوە ئەوا زۆر باشتر لەم ڕەوتە خراپە تێئەگەین . بەم جۆرە ئەو کات ئەتوانین ئەو ڕێکخەرانە دیاری بکەین کەوا سیستەمی کاری ئابوریمان ئەجوڵێنێت . لەسیستەمی کۆمەلایەتیدا لەپێناو خۆشنودیەکی باشتری ئەو خەڵکانەی کەبەشداریان تیا کردوە . هەمو ئەمانە قبوڵ ناکرێت تاوەکو ڕێك نەکەوین لەسەر بیرکردنەوە لەوەی کەپێشکەوتنی ئۆرگانی بۆسیستەمی مرۆڤایەتی ئەرکێکی بونیادە تایبەتیەکەیەتی , چونکە خۆشنودی مرۆڤ ئامانجی بنەڕەتیە .

2- ئەو نارازی بونەی بەردەوام لەزیادبوندایە هەڵقولاوی ئەم جۆرە ژیانەی ئێستاو هەمو ئەو بێزاریە بێدەنگەو ئەو خراپیەیە کەلەنەمانی





ژیانی تایبەتی و ونبونی کەسایەتی تاکدایە , یان لەلایەکی ترەوە لە ئارەزوی بەدەست هێنانی خێرایی ژیانێکی بەختیاری پڕ لەخۆشی کەبتوانێت وەلامی ئەو پێداویستیانەی مرۆڤ بداتەوە کەلەڕوی چۆنایەتیەوەوە لەم هەزار ساڵەی دوایدا تەواو گەشەی کردووە . ئەو پێداویستیانەی کەمرۆڤ لەحەیوان و لەو ڕێکخەرە تەکنۆلۆژیە بێگیانەش جیائەکەنەوە . بەهێز ترینی ئەم ئاراستەیە ئەوەیە کەکۆمەڵێك هەمو ئەو شتانەیان هەبێت کەپێویستیانە و هەمو داواکاریەکانیان جێ بەجێ بکرێت . بەم جۆرە دەرکەوت فیردەوسی بەرخۆری نەبووە جێی ڕەزامەندی ئەوانەی کەوا بەڵێنیان پێدرابوو . ( کەتائێستایش پێداویستیەکانی خۆیانیان دابین نەکردووە , بەلام لەهەمان کاتدا تێبینی لەدەستدانی دڵشادی ئەکرێت لای ئەوانەی کە خاوەنی هەموو ئەو شتانەن کەوا مرڤ دەیەوێت .

زۆر لەچەمك و ئایدۆلۆژیاکان جازبیەتی خۆیانیان لەدەستدا , کلێشە نەریتیەکانی وەك زانست و چەپ و کۆمۆنیزم و سەرمایەداری مانایەکی ئەوتۆیان نەماوە , ئەمرۆخەڵکی بەدوای ئاراستەیەکی ترو فەلسەفەیەکی تردا ئەگەڕێت کەبەرەو بایەخ دان بەپێداویستیە مادی و ڕۆحیەکان بڕوات نەك بەرەو مردن . ئەمە دو جەمسەریەکی زۆر خراپ لەئەمریکاو جیهانیش دروست ئەکات , لێرەدا ئەوانە هەن کەوا هێز , یاسا , سیستەم , ڕێگە بیرۆکراتیەکان ... سەرنجیان ڕائەکێشێت . وەئەوانەیش هەن کەپڕن لەئارەزوی ژیان و ئەیانەوێت هەڵوێستێکی تازەیان لەژیان هەبێت تا کاربکەنە سەر نەخشەی ناو چوارچێوە حازر بەدەستە کان . ئەو پێشڕەوانە



www.pertwk.com

PDF4Kurd

دەبنە جولاندنەوەیەك کەتموحی گۆڕانی قول لەچالاکیە ئابوری و کۆمەلایەتیەکانمان و لەگۆڕینی کەف وکولە ڕۆحی ودەرونیەکانمان بۆژیان دروست ئەکەن . ئامانجیان بریتیە لەچالاك کردنەوەی تاك و چاودێری کردنی بۆسیستەمی کۆمەلایەتی مرۆڤ و ڕکێف کردنی تەکنۆلۆجیا . ئەمە بزوتنەوەیەکە بەناوی ژیانەوە , مەبەستەکانی زۆر سادەو گشتگیرە , مەترسی ئەمڕۆی سەرژیان هەرتەنها نەتەوەیەك یان چینێك ناگرێتەوە بەلکو هەمو تاکەکەسێك دەگرێتەوە . لەبەشەکانی داهاتودا هەول ئەدەین قسە لەسەر چەند مەسەلەیەکی گشتگیر بکەین , بەتایبەتی ئەوانەی کەپابەندە بەپەیوەندی نیوان سروشتی مرۆڤ وسیستەمی کۆمەلایەتی وئابوری .

خالێکی گرنگ تر هەیە پێویستە ڕۆشن بکرێتەوە . ئەمڕۆ نائومێدیەکی فراوان هەیە لەڕوی توانای گۆڕینی شتەکانەوە , تاڕادەیەکی زۆر ئەم نائومێدیە نائومێدیەکی نەستانەیە ,بۆیە دەبینین مرۆڤەکان لەڕوی هەستەوە گەشبینن , هیوای پێشکەوتنیان هەیە لەسبەینێدا . پێش ڕۆچونە ناو ڕەوشی ئێستاوە و گەڕان بەدوای ئەو هیوایەی ئامادەیە لەناویدا پێویستە لەدیاردەی هیوا بکۆلینەوە .

2 / **هیوا** .

1- **ئەوانەی هیچ هیوایەکیان نیە** .





هیوا ڕەگەزێکی گرنگی ئەکلاکەرەوەیە لەهەر هەولدانێکدا بۆگۆڕانکاری کۆمەلایەتی بەئاراستەی دینامیکیەتی هۆشیاری و هزرێکی گەورەتر . بەلام سروشتی هیوا وەهایە زۆرجاربەهەلە لێی تێئەگەین وتێکەلی زۆرحالەتی تر ئەکرێت کەهیچ پەیوەندیەکی بەهیواوە نیەو زۆریش جیاوازە لێی .

باشە بابپرسین هیوا چیە ؟ ئایا هیوا وەك ئەوەی کەهەندێك کەس لێی تێگەیشتون بریتیە لە خواست وئارەزوەکانی مرۆڤ . لەحالێکی وەها دا ئایا ئەوانەی ئارەزوی ئۆتۆمبیل وخانوی جوانیان هەیە خاوەن هیوان .

گەر بابەتی هیوا جۆرێك بێت لەپڕبون , حالەتێکی بێداربونەوەی گەورەبێت , یان بەمانایەکی تر ڕزگاربون بێت لەبێزاری , یان گەربابەتی هیوا سەرفرازی وشۆڕش بێت ئایا ئەوە هیوایە . دەکرێت چاوەڕوانیەکی لەم جۆرە هیوابێت , بەلام گەر هات وهیچ دەنگدانەوەیەکی نەبوو جگە لەسلبیەت چاوەڕوانی ئەو کاتەیش هەر هیوا دەبێت بەلام هەرکاتێك هیوا ونبو ئیتر بەو جۆرە تەسلیم بون و ئایدۆلۆژیەت شانسیان لەبەردەمدا ئەکرێتەوە .

کافکا زۆر بەجوانی ئەم جۆرە هیوا نێگەتیڤەی وەسف کردووە لەبەشێك لەکتێبی (( دۆز )) دا, ئەو وێنای پیاوێکمان بۆئەکێشێت ئەڕواتە بەر ئەو دەرگای ئەڕوات بۆئاسمان و لەوێ لەپاسەوانەکە ئەپاڕێتەوە ڕێگەی بدات بچێتە ژورەوە , پاسەوانەکە پێی ئەلێت ناتوانێت ڕێگەی چونە ژورەوەی بدات ,هەرچەندە دەرگای چون بۆئاسمان ( شەریعەت ) بەکراوەی هەر ئەمێنێتەوە بەلام پیاوەکە پێی باشە هەر بەچاوەڕوانی بمێنێتەوە تاوەکو ڕێگەی چونە ژورەوەی پێ ئەدرێت , ئەوسا بەوەرگرتنی ڕەزا مەندیەوە



www.pertwk.com

PDF4Kurd

ئەچێتە ژوور . بەو جۆرە چاوەڕوانیەکەی ڕۆژان وسالآن دەخایەنێت و ئەو هەر دەمێنیەوە , بەشێوەیەکی ڕێك وپێك داوای چونە ژورەوە ئەکات بەلاّم هەمو جارێك هەر هەمان وەلاّمی ئەدەنەوە کەناتوانێت بچێتە ژورەوە ,ماوەی ئەم چەند ساڵە پیاوەکە هەر بەچاوەڕوانیەوە تەماشای پاسەوانەکە ئەکات . دواجار کاتێك هەست بەخۆی ئەکات تەواو پیربوەو هالەپەنای مردندا , بۆیەکەم جار لەپاسەوانەکە ئەپرسێت : چۆن وەها هیچ کەسێکی تر جگە لەمن لەماوەی ئەم سالآنەدا هەوڵی چونە ژورەوەی نەداوە , پاسەوانەکە وەلاّمی ئەداتەوەو ئەڵێت :-جگە لەتۆ هیچ کەسێکی تر ناتوانێت بگاتە ئەم بەر دەرگا , مادام ئەم ڕێگەیەش تایبەتە بەتۆ ئەوا من دای ئەخەم .

پیاوەکە چوبوە ناو ساڵەوەو پیر بوبو زیاتر لەوەی کەبۆئەوە بشێت تێبگات , بەلاّم نەیئەتوانی لەوە زیاتر تێبگات گەر تەمەنی گەنجتریش بوایە .

ئەمڕۆ بیرۆکراتەکان خاوەنی دوا بڕیارن , گەر بڵێن نا ئەوا کەس ناتوانێت بچێتە ژورەوە . گەر پیاوەکە شتێك لەم هیوا نیگە تیڤە زیاتری هەبوایە ئەیتوانی بچێتە ژورەوە . گەر هێندە زیرەك بوایە ناکۆکی ئیرادەی بیرۆکراتەکەی بکردایە ئەوا کارێکی ئازادی دەکرد کەلەوانەیە بیگەیەندایەتە کۆشکە درەوشاوەکە . زۆرکەس وەکو پیاوە پیرەکەی کافکا وەهان , هەر بەهیواوە دەمێننەوە بەلاّم ئەوەیان لێناوەشێتەوە کەبەپێی حیکمەت کارێك بکەن تاوەکو بیرۆکراتەکە ڕێگەی چونە ژورەوەیان پێنەدات هەر بەچاوەڕوانی ئەمێننەوە ,(6)





ئەم جۆرە هیوا نیگەتیڤە بەتوندی گرێدراوی جۆرە هیوایەکی موتڵەقە کەدەکرێت واوەسفی بکەین پاڕانەوەیە لەزەمەن , زەمەن و دواڕۆژیش دوو مەقولەی سەرەکین بۆئەم جۆرە هیوا . ناکرێت ئێستا گریمانی ڕودانی هیچ شتێك بکەین , بەلاّم دەبێت چاوەڕێی دواڕۆژ بکەین , ڕۆژگارێکی ترو ساڵێکی تر , یان جیهانێکی تر . لەکاتێکدا مەحاڵە بڕوا بەوە بکەین لەم جیهانەدا هیوایەکی وەها دێتە دی , لەپشت ئەم جۆرە باوەڕەوە جۆرێك لە بت پەرستی بۆ ( دواڕۆژ ) ( مێژو ) ( نەوەی داهاتو ) ئامادەیە کەلەگەڵ شۆڕشی فەرەنسیدا سەری هەڵداوە , کەسانێکی وەك ڕۆبسبیر کەوا عیبادەتی دواڕۆژی ئەکرد وەکو خودایەك ئەیبینی: من هیچ هەوڵێك نادەم , من هەر بەدەستە وەستانی دەمێنمەوە چونکە بێتواناو هیچ لەبارانەبوم , بەلاّم دواڕۆژ وتێپەڕینی زەمەن هەمو ئەو شتانە دێنیە دی کەمن نەمتوانیوە جێبەجێی بکەم . ئەم عیبادەتەی دواڕۆژ جۆرێکی تری عیبادەتی ( پێشکەوتنە )لەفکری برژوازی مۆدێرندا , ڕێك ئەمە نەهێشتنی هیوایە , لەجیاتی ئەوەی من شتێك بکەم ودەورێك بگێڕم بتەکان دەبنە هەمو شتێك , بتەکانی دواڕۆژو نەوەکانی داهاتوو هەمو پرۆژەکانی من جێبەجیٚ ئەکەن بیٚ ئەوەی پێویست بێت خۆم شتێك بکەم .

گەر چاوەڕوانی نیگەتیڤ جۆرێك بیٚ هیوای و دەستە وەستانی نیشان دات , دواجار جۆرێکی تریشە لەمل کەچی و ماندو بون کەبەتەواوی ڕوپۆشی بەرامبەرەکەی وەرئەگرێت , ڕوپۆشی سەرەڕۆیی و زارەکی , ڕوپۆشی بیٚ دەربەستی بەرامبەر واقعی دۆنکیشۆتانە , ئەمەیە هەڵوێستی وەفا دارە درۆزنەکان و ئینقلابیەکان putchistes ئەوانەی کەوا هەمو ئەو کەسانە



www.pertwk.com

PDF4Kurd

ئـەخنکێنن کـە مردنیـان لـەدۆڕان پێباشـتر نیـە , ئـەم پـەردە ڕادیکاڵیـە خوازراوە لەنائومێدی و عەدەمیەت ئەمڕۆ گـرژ بووەتـەوە لای خـەڵکانێکی زۆر بـەئیلتزام تـر لەنـەوەی لاوان , ئـەوان بەجەسـارەت و کۆڵنـەدانیان کاریگـەریان زۆر زیـاترە , بـەڵام هـەمو ڕوبەڕوبونەوەیـەك لەدەسـت ئـەدەن لەبەر نەبونی واقعیەت و هەستی سـتراتیژی و هەنـدێك جار نـەمانی ژیـان دۆستیش .(8).

## پارادۆکس و سروشتی هیوا :

کـاری هیـوا دەکرێـت بچـوێندرێتە هـەر ناکۆکیـەك , ئەمـە لـەوەوە هـاتووە چـاوەڕوان ناکـەین لەحاڵـەتێکی نیگەتیڤـدا , چـاوەڕوانی ڕوداویکـك بـین کەتوانای جێبەجێکردنیمان نەبێت . هیوا پلنگێکی خـەوتووە هەڵناسێـتەوە تاچـرکە سـاتی خـۆی نەیـەت . نەچاکسازی خـوازە مانـدوەکان و نەسـەرۆی کەری بڕوادار بەڕادیکاڵیەت گوزارش لەهیوا ناکەن , کەمرۆڤێك بـەهیوا بـوو بەواتای ئەوە دێت ئامادەیە کەلەهەمو کاتێکدا پێشوازی ئـەو شـتانە بکات کەتائێسـتا دروسـت نـەبوون , بـێ ئـەوەی توشـی نائومێـدی ببێـت. لەگـەڵ ئەمەشدا گەر ڕوداوێك نەیەتە ناو ڕەوتی ژیانمانەوە , ئەوا هیوا بون بـەوەی کەهەیەو ئەوەیش کەنیە هیچ مانایەکی نیە ,هەمو جارێك بێ هیوا کان یان لەدڵشادیدا سەقامگیر ئەبن یان لەتونـدو تیژیـدا . ئەوانـەیش کـەهیوا یـەکی بەهێزیان هەیە هەمو ئاماژە تازەکانی ژیان لەیەکتر جیـا ئەکەنـەوەو پـەنای بۆئەبـەن . ئـەوان لەهـەمو کاتێکدا ئامـادەی بەشـداری کـردنن لەهـەڵقولانی ئەوەی کەپێویستە لەدایك بێت .





لەدەست دانی جیاوازی لەنێوان هیوایـەکی هۆشیارانەو هیوایـەکی نەسـتیانە یەکێکـە لـەو شـێواویانەی ئـەمڕۆ . بێگومـان هـەمان هەڵـەییش ئـەکرێت دەربارەی ئەزمونە هەڵچونیەکانی تری مرۆڤ وەك بەختیاری , نیگـەرانی ,دڵتەنگی , بێتاقەتی ,ڕق لێبونەوە . ئـەوەی سەرسوڕهێنەرە کـەوا چـەمکی نەست سەرەڕای ناوبانگی تیۆرەکانی فرۆید تائێستا زۆر کەم بـەکار هێنـراوە لەسـەر ئـەم جـۆرە دیـاردە هەڵچـونیانە . دەکرێـت ئەمـەیش دووهۆکـاری سەرەکی هەبێـت .

یەکـەم : دیـاردەی نەسـت بەگشـتی (( هـەروەها چـەپاندنیش )) لەنوسـینی زۆرلەشـیکەرەوە دەرونیـەکان وهەنـدێك لەفەیلەسـوفانی شـیکردنەوەی دەرونیش پەیوەنـدی دارە بـەئارەزووە سێکسـیەکانەوە , ئـەوان بەشێوەیەکی هەڵە مەسەلەی چەپاندن بەکار دێنن . وەك ئەوەی هاومانای سەرکوتکردنی خولیـاو چـالاکیە سێکسـیەکان بێـت ,بـەو جـۆرە بڕێکـی زۆر لەدۆزینـەوە زانستیە گرنگەکانی فرۆید فەرامۆش ئەکەن .

هۆکـاری دووەم : بـەلای نـەوەکانی دوای چـاخی ڤیکتۆریـاوە هۆشـیاری بـەئارەزوە چـەپێنراوە سێکسـیەکان کـەمتر ورووژێنەرەلەئەزمونـەکانی وەك ناکاراکردن و نائومێدی و چاوچنۆکی . بەم جۆرە زۆربەی خەڵك نـاتوانن دان بنـێن بـە هەسـتکردنیان لـەترس و دڵـەڕاوکێو تـەنیایی و نائومێـدی و و خۆیـانی لێ کـەڕ ئەکـەن ( 9 ).ئەمـەش لەبـەر هۆیـەکی زۆر سـاکا رئـەوویش ئەوەیە کە : پیلانە کۆمەڵایەتیەکانمان چاوەڕێی ئەوە لەمرۆڤ ئەکات کەهەر گەیشـتە خواسـتە کـانی نەلـەبێزاری و نەلـە تـەنهایش نەترسێـت. پێویسـتە واسەیری ئەم دنیایـە بکـات باشـترە لـەوەی کەهەیـە , وەبۆئـەوەی دەرفـەتی



www.pertwk.com

PDF4Kurd

گەشەکردنی کۆمەڵایەتی هەبێت حەزئەکات هەمو ترسەکانی بچەپێنێت بەڕادەی چەپاندنی گومان و بێزاریەکانی , بەڕادەی چەپاندنی نائومێدیەکانی . ئەمە لەکاتێکدا ئەو لەنەستەوە نائومێدە , بەدەگمەن حاڵەتی پێچەوانەی ئەمانەمان هەیە . لەلێکۆڵینەوەی هیواو نائومێدیدا گرنگ ئەوەنیە کەخەڵکی بیری لێ ئەکەنەوە لەڕوی سۆزەوە بەڵکو ئەوەیە کەوا هەستی پێئەکەن لەڕاستیدا . کەدەکرێت لەتوێی وشەو ڕستەکانیانەوە هەستە ڕاستە ڤینەکانیان دەرکەوێت , لەتەعبیری ڕوخساریانا , لەشێوازی ڕێکردن وتوانای کاردانەوەیان بەبایەخدانیان بەرامبەر ئەو شتانەی دێتە بەر چاویان , لەنەبونی دەمارگیریان کاتێك بەبەڵگەوە شتێکیان بۆئەسەلمێنرێت .

ئەو ڕوبینا {وجه نچر} دینامیکیەی لەم کتابەدا لەبەرچاوگیراوە لەسەر دیاردە دەرونی – کۆمەڵایەتیەکان جیاوازە لەو شێوازە وسفیە ڕفتاریەی کەلەزۆر لێکۆڵینەوەی زانستە مرۆڤایەتیەکاندا هەیە . ئێمە بەم ڕوبینا دینامیکیەوە هەوڵ نادەین بۆئەوەی بەشێوەیەکی بنەڕەتی بزانین خەڵك بیر لەچی ئەکاتەوە , یان چی ئەڵێت و چۆن ڕفتارئەکات , بەڵکو ئێمە خۆمان بەبونیادە سروشتیەکەیەوە خەریك ئەکەین , ئەوەی کەبونیادی نیوە هەمیشەیی وزەکانیەتی , ئەوئاراستانەی کەوا ئەم وزانە دەوڵەمەند ئەکات , ئەو توندیەی کەوا تیا دەرئەکەوێت . گەر ئێمەهێزی بزوێنەری هۆکارەکانی ڕفتارمان بدۆزیایەتەوە , ئەو کات نەك هەر هەستمان بەهەڵسوکەوتەکانی ئێستا ئەکرد , بەڵکو ئەمان توانی گریمانی ئەو ڕێگایانەش بکەین کەوا کەسێك لەبارو دۆخێکی تازەدا چۆن هەڵسو کەوت ئەکات .لەئەگەری





دینامیکیدا ئەکرێت گۆڕانکاری لەناکات لەبیرکردنەوە و هەڵسوکەوتی کەسێکدا کەڕوئەدات پێش بینی بکرێت.

ئێمە بەمەرجی زانینی بونیادە سروشتیەکەی دەتوانین بەدرێژی قسە بکەین دەربارەی ئەوانەی کە هیوایان نیە , بەلاّم باشتر وایە بپرسین ئایا وشە ئەتوانێت وەسفی هیوامان بۆبکات ؟ یان ناتوانین تێی بگەین تابەقەسیدەیەك , گۆرانیەك , ئاماژەیەك , گوزارشێکی ڕوخسا رنەبێت .

وشە بێتواناترە لەوەی بەشی ئەزمونێکی مرۆیمان بۆبکات , بەڵکو زۆرجار تەمو مژاوی ئەکات , بەم جۆرە هەرکاتێك قسە کرا لەسەر خۆشەویستی , ڕق, هیوا , دەگاتە ئەوەی کەهیچ سنورێك ناهێڵێت لەگەڵ ئەو شتەی کە گریمان ئەکرێت بابەتی قسە کردنەکەیە ,شیعرو مۆسیقاو جۆرەکانی تری هونەر باشترین ئامرازی وێنا کردنی ئەزمونی مرۆییە , چونکە زۆر وردەو دوورئەکەوێتەوە لەتەجرید وتەم ومژ . دیارە مەحاڵ نیە سەرەڕای ئەم هەمو خۆپارێزیەمان هێڵە سەرەتاییەکانی ئەزمونێکی هەست پێکراو بکێشین و بەچەند وشەیەکی جیاواز لەوانەی شیعر بەکاری دێنێت , وەسفی هەر ئەزمونێك بەمانای یەکالاّکردنەوەی هەمو ڕوەکانی دێت , گەر بێتو گفتوگۆیەکی تیا دامەزرێنێت کەنوسەر خۆی و خوێنەرەکانیشی بزانن کەدەگەڕێتەوە بۆهەمان شت . من لێرەدا داوالەخوێنەر ئەکەم کەهاوکاریم بکات و چاوەڕوانی من نەبێت وەلاّمی ئەم پرسیارە بدەمەوە .:- هیوا چیە ؟ دەکرێت داوای ئەوەش بکەم ئەزمونە تایبەتیەکانیان ساز بکەن بۆئەوەی گفتوگۆکەمان سەربگرێت .



www.pertwk.com

PDF4Kurd

کـردەی هیـوا حاڵەتێکـە لـەبون . زیندویەتیـەکی ناوەکیـە ,زیندویەتیـەکی چالاکە (10)زۆر توندو بـەهێز ئامادەیـە (11). چـەمکی چالاکی پشتی بـە یەکێك لە بلاوترین وەهمی مرۆیی کۆمەڵگای پیشەسازی مۆدێرن بەستووە . شارستانیەتەکەمان هەموی لەدەوری تەوەری چالاکی دەخولێتـەوە , چالاکی بەمانای ئەوەی خەریك بیت ,خـەریك بـون بـەمانای مانـدوو بـون ,( مانـدو بـون پێوسـتە لەرێگـەی هیـوا کانـدا ). لەڕاسـتیدا زۆربـەی خـەڵك چالاکن تـاڕادەی ئـەوەی نـاتوانن تەحـەمولی کارنـەکردن بکـەن , ئـەوان کاتـە بۆشەکانیشیان ئەگۆڕن بۆجۆرێك لەچالاکی . گەر هات ولەپارە پەیدا کردندا هیلاك نەبون لەگەشت ویاری شەترەنج وهەڵەوەڕیـەکی زۆرساکار دەربارەی هـەموو شـتێك و هـیچ شـتێکیش نـا خۆیـان مانـدوو ئەکـەن .ئـەوەی کـە لەهەموی زیاتر جێگای ترسی مرۆڤە ئەو کاتەیە کەڕاستی ئەو کارە نازانێت کەئـەیکات . ناولێنـانی ئـەم جـۆرە هەڵسـوکەوتانەیش بەچـالاکی تـەنها مەسەلەی زاراوەیەکەو بەس ,زۆربەی ئەو کەسانەی کەزۆر خۆیان بەچالاك ئـەزانن بەداخـەوە ئاگایـان لـەوە نیـە کەچـەندە ناکـاراو پاسیڤن سـەرەڕای مانـدوویی زۆریشـیان . ئـەوان هەمیشـە پێویسـتیان بەپاڵنـەرێکی دەرەکـی هەیـە , ئـیتر ئەمـە خـەڵکی تربێـت یـان سـینەماو سـەفەرو جۆرەکـانی تـری وروژانـدن بێـت کەدەبێـتە هـۆی تێکشـکان و شـڵەژان , ئەمانـە پێویسـتیان بەهانـدان هەیـە بۆپاڵنـان لەبەشـداری کردنـی ڕاسـتەو خـۆدا , پێویسـتیان بەکەسـێکە ختوکـەیان بـدات بۆئـارەزوو بزوانـدن . هەمیشـە لەڕاکردنـدان و قەت ناوەستن . خۆیان زۆربەچالاك ئەزانن لەکاتێکدا واسواسـی ئـەوە ئـەیان





جوڵێنێـت کەهـەر کارێکیـان دەسـت کـەوێت بیکـەن بـۆڕاکردن لـەو خەمـەی کەڕوبەڕوبونەوەیان لەگەڵ خۆیان تیایاندا ئەژێنێتەوە .

هیوا بەهێزکەرێکی خودیە بۆژیان وپێکشـەوتن . گـەر ئـەو دارەی خـۆر لێـی نادات ڕوی کردە ئەو لایەوە ڕوناکی لێـوە دێـت ئەواناکرێـت بڵێین داریـش وەك مـرۆڤ هیـوای هەیـە . چـونکە هیـوا دروسـت نابێـت گـەر پەیوەنـدی دارنەبێت بە کۆمەڵە شتێکەوە کەوا هەر دارێکی ئاسایی نیەتی . وەك سـۆزو هۆشیاری ...هتـد , لەگـەڵ ئەمەشـدا لـەوە ئەچێت هەڵـە نـەبێن گـەر بڵێین دارەکـەیش هیـوای بـەخۆر هەیـە , چـونکە بـەدوای ئـەم هیـوادا ئەگەڕێـت بەڕوکردنـــە لای ڕوناکیەکـــە . ئایـــا ئەمـــە جیـــاوازە لەمنـــداڵ و ئـــەو پێداویستیانەی هەیەتی بۆهەناسـەدان و ئـەو هیـوای هەیـەتی بۆژیـان , ئایـا کۆرپـەیی پاڵنـان نیـە بـەرەو مـەمکی دایـك , ئایـا کۆرپەلەیـەك بـەهیوای هەستانە سەرپێو ڕێکردن نیە, نەخۆش بـەهیوای چاکبونەوە نیـە ,زینـدان بەهیوای ئازادبون وبرسی بـەهیوای تێربـون نیـە . ئایـا هیوامـان بەسـبەینێ نیە لەکاتێکدا ئەنوین , ئایا کاری خۆشەویستی پێك نەهاتوە لە هیـوای پیـاو بەهێزو توانای خۆی لەبێدارکردنەوەی هیوای ژنەکە بۆئاڵوگۆڕکردنی سـۆزو عیشق لەگەڵیدا .

### 3 - **بڕوا** {**الایمان** }:-

کاتێك هیوا ون دەبێـت ژیان هیچ مانایـەکی نامێنێـت لەئێستادا . هیـوا ڕەگەزێکی ناوەکیە لەژیانداو دینامیکیشـە لـەفکردا . دواجـار ڕەگـەزێکی دیکەیشـە لـەبونیادە زیندەگیەکانـدا , ئـەوەی کـە پەیوەندیـەکی پتـەو



www.pertwk.com

PDF4Kurd

بەهیوایەوە گرێ ئەدات بڕوایە .بڕوا جۆرێکی ناوەکی بۆچون ومەعریفە نیە , بڕوا ئەوەنیە کەلەم ولەودا ئامادە بێت , بڕوای مرۆڤ ئەوەیە کەوا بڕوابهێنێت بەوەی کەبۆی نەسەلمێنراوە لەلایەن کەسی ترەوە , دەکرێت ئاگای هەبێت بەو واقعە گونجاوەی و هۆشیار بێت بەوەی کەبەرهەم هێنەرە . دەکرێت بڕوایەکی عەقڵانی هەبێت لەکاتێکدا وابەستەی واقعێکی زانراو ئەبێت , ئەمە پێویستی بەتوانای پێزانین و ناسینی ئەو بناغانەوە هە یە کەلەپشتی دیاردەکانەوەیە, بڕواش وەکو هیوا بریتی نیە لەبینینی دوارۆژ بەڵکو بینینی ئێستایە کەلەدایك ئەبێت .

ئەو بۆچونەی کەدەڵێت بڕوا موتڵەقە جۆرێك خۆپارێزیمان لادروست ئەکات ,ئەمە بەواتای بڕوای موتڵەقدێت بەشتێکی مومکن نەك موتڵەق بەمانای پێشبینکردنی جیهان . دەکرێت منداڵێك بەمردوویی لەدایك بێت , مردوو بێت ئەو سا لەدایك بێت , دەکرێت دووهەفتەی سەرەتای تەمەنی بمرێت , ئەمەیە ناکۆکی بڕوا , بڕوای موتڵەق بەبێ دڵنیا بون (12) . مەبەست لەمەش بڕوای موتڵەق لەسنوری هەست وبینینە مرۆییەکان نەك بڕوای موتڵەق بەسنوری دواین حەقیقەت و واقع . ئێمە پێویستمان بەبڕوا نیە بۆسەلماندنی ئەو شتانەی لەڕوی زانستیەوە سەلمێنراوە .یان ئەو شتانەی سەلماندی مەحاڵە .بڕوا پێك دەهێنرێت لەسەر بنەمای ئامادەیی ئێمە بۆژیان و گۆڕان , بڕوا بەگۆڕانی ئەوانیتر ئەبێتە ئەزمونێك لەتواناماندا بۆگۆڕان . (13) .





پێویستە جیاوازیەکی گرنگ لەنێوان باوەڕی عەقڵانی و باوەڕی ناعەقلانی دروست بکەین (14) , لەکاتێکدا باوەڕی عەقڵی ئەنجامی چالاکی ناوەکی فکرو سۆزمانە ,بۆیە باوەڕی ناعەقلانی ملکەچیە بۆهەر شتێکی دیاری کراو کەوەك حەقیقەت قبوڵ بکرێت بێ بایەخدان بەزانینی ئەوەی کە ڕاستە یان نا . بۆیە ڕەگەزی سەرەکی هەموو جۆرە باوەڕێکی ناعەقڵانی خاسیەتە بنەڕەتیەکەیەتی , ئیدی ئایا بابەتەکەی بتێك بێت , یان سەرکردەیەك یان ئایدۆلۆژیایەك . تەنانەت زاناکانیش پێویستیان بەئازاد بونە لە باوەڕی ناعەقلانی و بیروباوەڕە کۆنەکان , بۆئەوەی باوەڕێکی عەقلانیانەی خاوەن توانای داهێنەرانەیان هەبێت . لەکاتێکدا دۆزینەوەکەی سەلمێندراو بێت پێویستی بە بەبڕوا نامێنێت گەر بێتو لەپێناوی هەنگاوی داهاتوی نەبێت کەخەریکی هەڵهێنانێتی . لەچوارچێوەی پەیوەندیە مرۆییەکاندا باوەڕی مرۆڤ بەکەسێکی تر بەواتای ئەوە دێت بەشێوەیەکی موتڵەق دڵنیا بێت لەسۆزی خۆی بەرامبەری , یان بەسەقام گیربونی هەڵوێستە بنەڕتیەکانێتی بەرامبەری ,دەتوانین هەر لەوێوە بڕوامان بەخۆمان هەبێت . نەك لەدرێژبونەوەی بۆچونەکانمان بەڵکو لەهەڵوێستە بنەڕەتیەکانمان بەرامبەر ژیان وسروشت . بڕوایەکی لەم جۆرە ملکەچی ئەزمونی "منە " , بۆتوانامان لەسەر وتنی " من " بەمانای نمونەیەکە لەئێمە .



www.pertwk.com

PDF4Kurd

هیوا یەکسانە بەبڕوا , ناکرێت بڕوایەك درێژە بکێشێت بێ ڕۆیشتنێکی سروشتی بەرەو هیوا ,ناکرێت هیوا بناغەیەکی تری هەبێت جگە لەبڕوا .

## هێزی ڕۆح:

تائێستایش ڕەگەزێکی تری پەیوەندی دار بەهیواو بڕواوە لەبونیادی زیندەگیدائامادەیە , ئەویش چاونەترسیە , یان وەك ئەوەی سپینۆزا ناوی نابو هێزی ڕۆح (15) . دیارە ناولێنانی هێزی ڕۆح کەمتر تەمومژاویە , چونکە وشەی چاونەترسی زۆرجار بۆزیرەکی لەمردندا زیاتر لەزیرەکی لەژیاندا بەکارئەهێنرێت .

هێزی ڕۆح بریتیە لەتوانای بەرگری کردن لە چەواشەبوون و دواجاریش کەوتنە مەترسی هیواو باوەڕەوە , ئەوانەیکەهەر ئەوەندە گۆڕان بۆگەشبینیەکی بۆش و باوەڕێکی ناعەقلانی ئیتردەکرێت تێك بشکێن . هێزی ڕۆح بریتیە لەتوانای وتنی " نەخێر " لە کاتێکدا هەموو خەڵکی حەزدەکەن " بەڵێ " ت لێ ببیسن . بەلاٰم چەمکی ڕۆح تەواو ڕۆشن نیە گەر تەماشای ڕوکارەکانی تری نەکەین کەبریتیە لە :- جوامێری ,{ البسالە } جوامێری نەلەهەڕەشەوە دروست ئەبێت و نەلەمردنیشەوە ., هەر بۆیە وشەی جوامێری زۆر هەڵوێستی جیاواز دەگرێتەوە , من لێرەدا سیان لەگرنگترین ئەو هەڵوێستانە دێنمەوە پێشچاو .

یەکەم / دەشێت کەسێك جوامێربێت لەبەر ئەوەی گوێ نەداتە ژیان , ئەنجامی ئەمەش وەها دەبێت کەجوامێرانە ڕوبەڕوی مەترسیەکان





دەبێتەوە , بەلاٰم لەکاتێکدا ئەو لەمردن ناترسێت ئەوا دەکرێت لەژیان بترسێت .هەر بۆیە ئەم کەسانە بەجوامێری نامێننەوە ئەو کاتانەی ڕەوشێکی وایان دەست ناکەوێت تاسەرەڕۆی بەژیانی خۆیانەوە تیا بکەن . ئەمانە بەشێوەیەکی پراگماتی بەدوای هەڵوێستی مەترسی داردا ئەگەڕێن بۆخۆشاردنەوەیان لەو ترسەی کەلەژیان و لە خۆی و خەڵکانی تریش هەیەتی .

دووەم / جوامێری ئەوکەسانەیە کەلەحاڵەتی ملکەچی بارمتەیدا ئەژین (symbiotic ) بۆپەرستراوێك , ئیتر ئایا پەرستراوەکە کەسێکە یان دامەزراوەیەك یان هەر هزرێکە .لای ئەمانە ڕاسپاردەکانی پەرستراو پیرۆزە هەر بۆیە ناچاری پەرستنی دەبێت بەبایەخێکی زیاتر لەخەمی پاراستنی ژیانی خۆی . گەر بێتو توانای ناکۆکی ڕاسپاردەکانی پەرستراوی هەبوایەو گومانی لێبکردایە ئەوا دەیتوانی ڕوبەڕوی لەدەستدانی سەرچاوە ڕۆحیەکەی ببێتەوە . بەم جۆرەیش خۆی توشی مەترسی تەنها کەوتنەوە دەکات . ئەو کاتەیش مردنی زۆر لەم ژیانەی ئێستای پێ خۆش ترە .

سێیەم / جوامێری کەسێکی پێشکەوتوی دڵنیایە کەژیانی خۆش ئەوێت .ئەو کەسەی کەوا زاڵ ئەبێتە سەر چاوچنۆکیدا و ملکەچی بۆ هیچ پەرستراوێك و هیچ بابەتێك ناکات , دواجار شتێکی نیە کەپێویست بێت لەدەستی بدات .ئەم کەسە زۆر دەوڵەمەندە چونکە هەر خۆیەتی بەڕوتی abstract , وە بەهێزیشە چونکە نەبۆتە کۆیلەی ئارەزوەکانی . توانایەکی باشی هەیە لەخستنە ڕووی پێشنیاری





PDF4Kurd

ئارەزوە ناعەقلآنیەکانی و بتەکانی چونکە لەگونجانێکی تەواودایە لەگەڵ واقعدا , لەناوخودی خۆیداو لەدەرەوەشدا , گەربێتو کەسێکی وابگاتە حالّەتی ڕابونی تەواو ئەوا دواتر لەهیچ شتێك ناترسێت. هەروەها جوامێریەکەی تەواو نابێت گەر بەرەو ئامانجێك بڕوات و پێی نەگات , وەهەمو کەسێك بەرەو حالّەتی کامڵ بونی خودی دەڕوات و هەست ئەکات کەهێزێکی لەهەست و دڵخۆشی لادروست ئەبێت لەهەمو هەنگاوێکی تازەیدا , بێدار ئەبێتەوەو هیچ بوارێك بۆگومان ناهێڵێتەوە .هەست ئەکات قۆناخێکی نوێی ژیانی دەستی پێکردووە , ئەتوانێت هەست بەدەنگی خەیاڵی خۆی بکات کەئەلێت " لەبێ هیچ کۆشکێکم دروست کردوە , هەر بۆیە جیهان هەموی ملْکی منە " . هیواو باوەڕ بەسیفەتی ئەوەی ئەوەی دوو جەوهەری ژیانن ,بەسروشتی خۆیان ڕوبەڕوی بالآبونێکی ناکۆك دەبنەوە لەحالّەتی ئێستایاندا , ئیتر ئایا بەشێوەی تاك بێت یان کۆ ,هەر بۆیە گۆڕان ونەمانەوە لەسەر دۆخی سەقامگیر لەهەر کاتێکدا یەکێکە لەسیفەتە تایبەتیەکان بۆهەموو ژیان .(16) . ئەو ژیانەی توشی مەیشتن وەستان دەبێت بەرەو مردن ئەڕوات , گەر هاتو وەستانەکەی بەتەواوی بێت ئەوا بەتەواوی دەمرێت . لێرەوە ئەوەمان بۆدەرئەکەوێت کەژیان بەتایبەتمەندیە پرجوڵەکەیەوە ئەیەوێت زاڵ بێت بەسەر وەزعی ئێستایدا و خۆی لێ دەربازکات , لەوەوە ئیتر ئێمە بەهێز و لاوازیشین ,عاقڵ و شێتیشین , ئازاو ترسنۆکیشین , هەمو چرکەیەکی ژیانمان دەبێتەجۆرێك لەهەڵهاتن لەپێناوی باشترو خراپتردا ,یان ئەوەتا کەئێمە





تەمبەڵی و چاوچنۆکی و ڕقمان بەهێز ئەکەین , یان ئەوەتا لاوازی ئەکەین , هەرکاتێك بەهێزمان کردبێت بەهێزەوە دەرچووەو هەر کاتێکیش لاوازمان کردبێ لاواز بووە .

ئەوەی دەربارەی تاك ڕاست بووە دەربارەی کۆمەڵگایش ڕاستە , کۆمەڵگا هەرگیزلەدۆخی وەستاندا نابێت ,گەر پێش نەکەوێت ئەوا بەرەو نەمان ئەڕوات ,گەر ڕەوشی ئێستای تێنەپەڕاند بەرەو باشتر ئەوا بەرەوە خراپتر ئەڕوات . . زۆر جار وەهمێکی وا ئەکرێت کەوا ئەو خەڵکانەی کۆمەڵگا پێك دێنن دەشێت بەنەگۆڕی بمێننەوە و نەتوانن هیچ بارو دۆخێك بەهیچ ئاراستەیەکدا بگۆڕن , لەسەر ئەم بنەمایش گەر ئێمە بەردەوام بین ,لەمانەوە ئەوا مانای وایە ئێمە دەستمان کردۆتە ڕوخان .

5- **ژیانەوە** :-

چەمکی گۆڕانی کەسایەتی و کۆمەڵایەتی ناچارمان دەکات جارێکی تر تەعریفی وشەی ژیانەوە بکەین , بێ گەڕانەوەمان بۆناوەڕۆکە لاهوتیە مەسیحیەکەی , وشەی ژیانەوە لەماناتازەکەیدا کەوا دەکرێت مانا مەسیحیەکەی یەکێك لەگوزارشە ڕەمزیەکانی بێت بریتی نیە لەخولْقاندنی واقعێکی ناکۆك بەوەی ئێستا . بەلآم ناردنی ئەم حەقیقەتە واقعیە بەئاراستەیەکی دینامیکی گەورەتردا مرۆڤ و کۆمەڵگا لەهەمو چرکە ساتێکدا لەهیواو باوەڕدا دەژێنێەوە , لەئێستاو لێرەدا هەموو کارێکی خۆشەویستی و بێداربونەوەی نۆستالیژیا {حنین} ژیانەوەیە .هەموو



www.pertwk.com
PDF4Kurd

کاریکی تەمبەڵی و چاوچنۆکی و نەرجسیەت مردنە .لەهەمو چرکەساتێکدا(( بون )) ڕوبەڕومان ئەبێتەوە بۆهەڵبژاردنمان لەنێوان ژیان ومردندا . دیارە هەمو جارێك وەڵامدانەوەمان ئەبێت .وەڵامەکەمان لەوەدا نیە کە دەیڵێین و بیری لێ ئەکەینەوە , بەڵکو لەوەدایە بەچ ڕێگایەکداهەڵسو کەوت دەکەین و بۆچ ئامانجێك تێدەکۆشین .

## 6 - **هیوای ڕاستگۆیانە** :-

هەر یەك لەهیواو بڕواو ئەم ژیانەوە دنیاخوازەیش گوزارشی کلاسیکی خۆی لای پێغەمبەران دۆزیەوە ,ئەوان وەکو کساندەر (17) ناچنە پێشەوەی دوا ڕۆژیان و نمایندەیەك بن لەتراژیدیای یۆنان . ئەوان تەماشای واقعی ئێستا ئەکەن کە پوخت ئەبێتەوە لەدیاری کردنی ڕای گشتی و دەسلاّتدا . ئەوان نایانەوێت خۆیان پێغەمبەر بن ,بەلاّم واهەست دەکەن ناچارن بە ڕاگەیاندنی دەنگی ویژدانی خۆیان , ڕاگەیاندنی مەعریفەتیان و تواناکانی بینینان خەڵکی ئاگادارکەنەوەو هەمو خیارێکیان بۆڕون کەنەوە بەشێوەیەکی ڕۆشن ,. هەمو مەبەستەکانیان لێرەدایە ,خەڵکی بایەخیان هەیە بۆخۆهۆشیار کردنەوەیان و گۆڕینی ڕیگاکانی درێژبونەوەی مانەوەیان , چونکە زمانی پێغەمبەرایەتی بەردەوام زمانی خیارو هەڵبژاردن و ئازادی بووە . قەت زمانی حەتمیەت نەبووە بەرەو باشتریان خراپتر , کورتترین دارشتنی خیاری پێغەمبەرانە ئەم ئایەتەی " دۆتیرونوم " ە :-" ئەمرۆئێمە ژیان ومردنتان پێشکەش ئەکەین , دەئێوەیش ژیان هەڵبژێرن ,"(18) .ئەمە ڕوئیایەکی پوختەیە لەئادابی پێغەمبەرانەدا چڕبوەتەوە , لەگرژی نێوان ئەوەی ئامادەیەو هەیەو ئەوەیش کەلەگواستنەوەدایە و دەمێنێتەوە





بۆجێبەجێ بون .(19) بیرۆکەی سەرفرازی لەسەر دەمەکانی دوای قۆناخی پێغەمبەرایەتیدا ماناکەی دەگۆڕێت , لەکتابەکەی دانیالدا نزیکەی ساڵی 164 پێش زاینی . لەدوای ئەمەوە ئەدەبی هەڵکۆڵراوی نەناسراو هەیە کەنەخرایە ڕیزی سەردەمە کۆنەکانەوە , ئەم ئەدەبە لەبیرۆکەیەکی ستونی پێك دێت بۆسەرفرازی بەرامبەر بەو بیرۆکە ئاسۆییەی پێغەمبەران لەڕوی مێژوییەوە (20) . هەربۆیە جەختی کردەوە لەسەر ناردنی تاکە کەس لەچوارچێوەیەکی فراواندا لەکۆتاییەکی ناخۆشی مێژودا کەبەکارەساتی کۆتایی هەمووشتەکان دوای دێت . ئەم گێڕأنەوە قیامەتیە گێڕانەوەی خیارەکان نیە , بەڵکو گێڕانەوەی پێشبینیکردنە , ئەمە گێڕانەوەی ئازادی نیە بەڵکو گێڕأنەوەی حەتمیە .

ڕوئیای سەرەتای پێغەمبەرانە ی خیاری لەنەریتە تەلمودی و خوداییەکانی دواتردا سەر ئەکەوێت ,وەبیرۆکەی مەسیحیەکانی سەرەتا زۆر کاریگەر بوو بەگێڕانەوەکانی بیرۆکەی مەسانی قیامەتی . سەرەڕای ئەوەی کەنیسە بەشێوەیەکی ناکۆك و لەچاوەڕوانیەکی نیگەتیڤدا وەك دامەزراوەیەك تادەهات زیاتر سەربازی دەکرا .

وادیارە بیرۆکەی پێغەمبەرانە لەچەمکی " هاتنی دووەم " بەزیندویی مایەوە , ئەوە بوو لێکدانەوەیەکی پێغەمبەرانەی بۆباوەڕی مەسیحی دۆزیەوە , زۆرجار گوزارش کردنەکەی لەچوارچێوەی تایفە شۆڕشگێڕو هەرتۆقیەکاندا بوو , باڵی کەنیسەی کاسۆلیکی ڕۆمانی دەری خست کەچۆن وەك عەقیدە مەسیحیەکانی تر بە ئاشکرا گەڕانەوە بۆپرەنسیپی پێغەمبەرانە . ئیتر ئایا بۆهەڵسو کەوتە خیاریەکەی بێت یان بۆئەو



www.pertwk.com

PDF4Kurd

چەمكەى كەوا دەكرێت بەپێێ ئەوە مەبەستە رۆحيەكان لەسياقە سياسى و كۆمەلأيەتيەكاندا جێ بەجێ بكرێت .

لەدەرەوەى كەنيسەدا , ماركسيەتى شۆسياليستى سەرەتايمان هەيە كەوا گوزارشكردنێكە زۆر لەبينينى مسيانى دەچێت (21) . ئەمە بە زمانێكى عيلمانيانە رۆشن كراوەتەوە بەلأم دواجار لادانەكانى كۆمۆنيزم لەپەيامەكەى ماركس روخانديان . رەگەزى مسيانيانەى ماركسيەت ئەو زمانەى دۆزيەوە كەلاى ماركسيە هيومانيزمەكان گوزارشيان پێئەكرد , بەتايبەت لە يوغزلافيا , چيكو سلۆفاكيا , بولونيا , هەنغاريا . ئەوەبوو ماركسيەت و مەسيحيەت لەئاستى جيهانيدا ديالۆكيان دەست پێكرد بەپشت بەستن بەكەلەپورى مسيانى هاوبەشى نێوانيان . (22)

## 7- **داڕوخانى هيوا** :

لەكاتێكدا هيواو باوەڕ و هێزى رۆح پێوستە بۆژيان ئەوانەى وا هيواو باوەڕو هێزى رۆحيان لەدەستداوە و حەز لەكۆيلەيەتى و پاشكۆيەتى خۆيان ئەكەن چۆن دەتوانن بژين و درێژە بەبونى خۆيان بدەن , ئەمە جۆرێكە لەتواناى ون بون كە بەديارى كراوى زۆر تايبەتمەندە لەبونى مرۆڤايەتيدا , ئێمەلەو روانگەوە خۆشەويستى ئەكەين كەلەهيواو باوەڕو هێزى رۆحەوە سەرچاوەى گرتووە ,ئەمانە تايبەت مەندى نەستين " بێ بيرۆكە و بێ جوت بونى بايۆلۆجى و بێ گەشە كردنى ( جينات ) و تەوا بونى دروست ئەبێت . بەلأم ئەو ئالو گۆڕانەى بەسەر ژينگەدا دێت يان بە رێكەوت لە





سەرەتاى ژيان دا ڕوئەدات ڕۆڵى خۆى هەيە لەسەر مەيسەربونى هيوا , يان كۆسپ خستە ڕێگەى .

زۆر لەئێمە لەهەوڵى ئەوەدايە خۆشەويست بێت لاى خەڵكى تر , ئەمە نەك لەبەرئارەزوى نازداربونيان , بەڵكو بۆئەوەى تێيان بگەن وبايەخيان پێبدەن و ڕێزيان لێبگرن . زۆرمان بەئاواتەوە يە تواناى بەدەستهێنانى متمانەى هەبێت . ئێمە لەمنداڵيماندا هێشتا فێرى درۆكردن نەبويين وەكو داهێنانێكى مرۆيى , مەبەست هەر درۆكردن نيە لەقسە كردندا , بەڵكو درۆكردن لەنواندن و هەڵسو كەوت و گوزارشى ڕوخساريش ئەگرێتەوە . باشە بەچ جۆرێك منداڵ ئامادە ئەكرێت بۆئەم داهێنانە تايبەتيەى مرۆڤ كەدرۆكردنە , ئێمە هەمومان دەرك بەوەئەكەين زۆرجار خەڵكى بڕوايان بەوە نيە كە ئەيڵێن، . يان ئەوەى ئەيڵێن پێچەوانەى باوەڕيانە , مەبەستمان هەر خەڵك نيە بەگشتى . بەڵكو ئەوانەى كەمتمانەمان پێيانە, وەك خزم وكەسو كارمان , مامۆستاكانمان , سەركردەكانمان .

ئەوكەسانە زۆر كەمن كەوا دەر باز ئەبن لەساتێك لەساتەكانى پێشكەوتندا لەنائومێدى حەتمى ڕوئياكانيان و هزرەكەيان , يان هەندێك جار داڕوخانى تەواوى . ئايا دەكرێت ئەمە شتێكى باش بێت , گەر كەسێك ئەم بێهيواييە ئەزمون نەكات چۆن هيوايەكى بەهێزى پێ دروست ئەبێت , چۆن ئەتوانێت خۆى دور خاتەوە لەمەترسى ئەوەى ببێتە خەون بينێكى گەش بين, سەرەڕاى ئەمەش زۆرجار هيوا بەهۆى ئەوەى كەنادۆزرێتەوە توشى ناسەقامگيرى زۆر ئەبێت .



www.pertwk.com

PDF4Kurd

لەڕاستیدا وەڵام و کاردانەوەی داڕوخانی هیوا هەمە ڕەنگەو پەیوەندی دارە بەزۆر بارودۆخی جیاوازەوە وەك :- مێژوی , کەسایەتی , سایکۆلۆجی , بونیادی .. هەموو خەڵك وەڵامی بێهیواییەکەیان ئەدەنەوە بەخۆگونجاندنیان لەگەڵ گەشبینیەکی میانڕەودا . ئەوانەیان کەهیوایەکی باشیان هەیە ئەوانەن کەوا ئەم گەشبینیە ڕائەگەیەنن بێ ئەوەی کەمەبەستیان بێت قوڵ ببنەوە لەوەی کەئەوەی ڕوئەدات نەك هەر باشتر نیە بەڵکو دەشێت خراپتریش بێت . خەڵکی ڕەنگی زەرد هەڵئەگەڕێت کاتێك ببینین کەسێکیان ڕەنگی زەرد بۆتەوە , لەجیاتی ئەوەی هۆشیاربن بەنائومێدیەکەیان ,لەکاتی نائومێدی کۆییاندا وەك ئەوە خۆیان دەر ئەخەن کەبەشداری ڤستیڤاڵێکی جەماوەری گەورەبوون .

ئەوان بارودۆخی خۆیان دەگونجێنن لەگەڵ ئەوانەی دەتوانن بەدەستی بێنن و ئەو شتانەیش لەدەرەوەی توانای بەدەست هێنانیاندایە و تەنانەتەخەونیشی پێوە نابینن . وەك چەند ڕەگەزێکی پێکەوە گونجاو کەهەر لەبناغەوە گونجاو بێت قەت هەست ناکەن بەوەی کەنائومێدین , چونکە کەسیان ئەوەی پێوە دیار نیە کەهەست بەنائومێدی بکات .ئەمانە وێنەی ڕەوتێکی گەشبینی کۆسپ دروستکەرن کەدەتوانین شوێنیان کەوین و لە کۆمەڵگای خۆرئاوایی هاوچەرخدا بیان بینینەوە . بەو پێیەی کە گەشبینیەت هۆشیارە لەڕاهاتنی بۆکۆسپ دروستکردن لە نەستدا .

یەکێك لەئەنجامەکانی تری داڕوخانی هیوا : توندکردنەوەی دڵە , زۆربەی خەڵك , گەنجە نیمچە هەرزەکارەکان , یان خەڵکانی تری ناڕازی هەن کە ئیتر لەهیچ کاتێکدا تەحەمولی ئیهانە ناکەن . بەشێوەیەکی





لەناکات یان لەژێرهەر کاریگەریەکدا بێت هەندێکیان بڕیاری ئەوەیان دا کە بێزار بوون و هیچ هەستێکیان بەرامبەر دوا ڕۆژ نیە . هیچ کەسێك نیە بتوانێت ئەمانە ئیهانە بکات لە کاتێکدا کەتوانای ئیهانەکردنی خەڵکی تریشیان هەبێت .ئەم جۆرە خەڵکە گلەیی لەخراپی شانسی خۆیان ئەکەن ,بەهۆی نەدۆزینەوەی هاوڕێ ی چاك و خۆشەویستەوە . بەڵام لەڕاستیدا ئەمە کەم بەختی نیە بەڵکو قەدەریان وەها هاتووە .ئەوان کاریگەری ناکەنە سەر هەستی هیچ کەسێك لەکاتێکدا بەزەیی و مەعریفەیان لەدەست ئەدەن , وە توانای زێتر هەڵچونیشیان نیە . سەرکەوتنەکانی ئەمانە لەژیاندا دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کەپێویستیان بەکەس نیە . شانازی بەوەوە ئەکەن کەخۆپارێزن لەهەمو لایەکەوە ,لەتوانای خراپە کاری خۆیان ڕازین بەشێوەی شەرعی ,بیانوی ئەمەش دێننەوە بەدەلالەتی فاکتەری کۆمەلأیەتی زیاتر لەسایکۆلۆجی ,وەزۆربەشیان بەچەق بەستویی دەمێننەوەو بێزارو نائومێد دەبن تادوا ڕۆژی ژیانیان .وە زۆر جار ئەوەیش ڕوئەدات کەبتوانن ئەم حاڵەتەیان تێپەڕێنن و بەشێوەیەکی موعجزە ئاسا , ئەمە مانای وایە کەتوشی کەسێك ئەبن کەبایەخیان پێ ئەدات و ئەو هەستەیان لادروست ئەکات کەمتمانەی پێ ئەکەن و پێیەوە پابەند ئەبن , دواجار بەسەر چەند ڕەهەندێکی تازەی هەستە کاندا ئەکرێنەوە .

ئەنجامێکی زۆر ترسناکتر هەیە لەداڕوخانی هیوادا ,ئەویش ئارەزوی ڕوخاندن وتوندو تیژیە , چونکە مرۆڤ ناتوانێت بەبێ هیوا بژی , هەر بۆیە ئەوەی هیوای ڕوخا ئیتر ڕقی لەژیان ئەبێتەوە ,بۆیە ئەو کەسە توانای دروستکردنی ژیانی نیەو ئەیەوێت بیڕوخێنێت. دیارە ڕوخاندنیش زۆر



www.pertwk.com

PDF4Kurd

ئاسانترە لەدروست کردن ,ئەو دەیەوێت تۆڵە لەژیانێك بکاتەوە کەنەژیاوە تیایدا , ئەوا ئیتر دەربەستی ڕوخاندنی هەمو ژیانگەی ئەمانی تر , یان ڕوخاندنی ژیانیخودی خۆیشی نایەت ,(23)

هەمو جارێك کاردانەوەی کاولکارانەی هەڵقولاو لەداڕوخانی هیواوە لای ئەوانە ئەبینینەوە کەوا بەهۆی بێبەشی ئابوری و کۆمەلأیەتیەوە بێبەش بوون لەو ئمتیازانەی کەزۆربەی کۆمەڵ لێی بەهرە مەندن , وەلەم حاڵەشدا نازانن ژیانی خۆیان بەچ ئاراستەیەکدا ببەن لەڕوی کۆمەلأیەتی و ئابوریەوە . ئەوەی کەوا دەبیێتە هۆی ڕق و توندو تیژی بەشێوەیەکی سەرەکی بێ بەش بون نیە لەمافە ئابوریەکان , بەڵکو ئەو بەڵێنانەیە کەمانەوەی بارو دۆخە نائومێدەکەی کردۆتە شتێکی حەتمی . گومان لەوەشدا نیە کەوا گروپە نائومێدەکان کەبەو پەڕی توندو تیژیەوە هەڵسو کەوت ئەکەن ناگەنە تەنانەت نزمترین پلەی نائومێدیش , چونکە هیچ تروسکەیەك هیوایان نیە . ئەمانە کەمتر توندو تیژن لەوانەیکەوا هەمو توانایەکیان بەکائەهێنن بۆئەوەی هیوایان هەبێت . کەچی لەهەمان کاتیشدا دەسکەوتی مەحاڵ لەهیواکەیان بەدەست دێنن . گەر بەزمانی دەرون زانی وەسفی بکەین ئارەزوی کاول کاری بەدیلی هیوایە , ڕێك وەکو چۆن مردن بەدیلی ژیان و خۆشەویستیە و دڵخۆشیش بەدیلی خەمە .

هەر تاکە کەس نیە کەوا پێویستە بەهیوا بژی , بەڵکو نەتەوکان و چینە کۆمەلأیەتیەکانیش پێویستیان بەهیواو باوڕو هێزی ڕۆح هەیە . گەر بێتو ئەم وزە شاراوەیان لەدەست دا ئەوا ئیتر هەموو ئەو وزانە لەدەست ئەدەن کەوا بۆ پێشکەوتن پێویستیان پێیەتی ,ئیدی بەکەم بونەوەی زیندویەتی





بێت یان گەشەکردنی ئارەزوی کاول کاری . هەر بۆیە تێبینی ئەوە دەکەین کەوا گەشەکردنی هیواو بێهیوایی لای تاك تائاستێکی فراوان پابەندە بەئامادەیی هیواو نائومێدی لای کۆمەڵگاکەی یان چینەکەی . ئەو ناسەقامگیریەی کەهیوای تاکە کەس لەمنداڵیدا توشی ئەبێت هەرچۆنێك بێت ئەوا گەر بێتو دوای ماوەیەکی تر بۆزەمەنێکی کورتیش بێت بەهیواوە بژی ئەو کات دڵ بەژیان خۆشئەکاتەوە . سەرەڕای ئەمەش ئەو کەسەی کەئەزمونی تایبەتی خۆی بەرەو هیوای ئەبات گەر بێتو گەلەکەی و چینەکەی هیوای تیا نەبێت ئەوا زۆربەی جارەکان بەرەو بێزاری و نائومێدی ئەڕوات .

لەسەرتای جەنگی جیهانی یەکەمدا ,بەتایبەت لەتێکشکانی یەکگرتوی دژبەئیمپریالیزم لەئەمریکا لەکۆتایی سەدەی ڕابردوودا , بەشێوەیەکی خێرا هیوا لەکۆمەڵگا خۆرئاواییەکاندا بەرەو نەمان چوو , پێشتر باسی ئەوەم کرد کەچۆن نائومێدی هەندێك جار لەپشتی ڕوپۆشێکی گەشبێنانەوەو هەندێك جاری تریش لەبەرگی پوچ گەراییەکی شۆڕشگێڕەوە خۆی دەشارێتەوە .ئەوەی کەمرۆڤ بەلای خۆیەوە ئەتوانێت بیری لێ بکاتەوە گرنگی زۆر کەمترە بەبەراورد بەوەی هەستی پێئەکات ڕاستگۆیانە . بەلأم زۆربەمان بێئاگاین لەوەی هەستی پێئەکەین .

نیشانە کانی نائومێدی هەموی لەوێدایە , تەماشای گوزارشێکی دڵتەنگانە بکە لای هەر کەسێکی ئاسایی , لەدەست دانی پەیوەندی لەناو خەڵکیدا لەکاتێکدا هەولی درەستکردنی پەیوەندی ئەدەن بەشێوەیەکی زۆر نائومێدانە , سەرنجی ئەو بێ توانایە بدەن کەلە پیلانەکانی زاڵ بون



www.pertwk.com

PDF4Kurd

بەسەر پیس بونی ژینگەو ئاوو هەوای شارەکاندا هەیە , یان , لەڕێگە گرتن لەو برسێتیە چاوەڕوان کراوەی کە هەڕەشە لەهەندێك لەولاَتانی هەژار ئەکات , ئەمە بێئەوەی بچینە ناو گفتوگۆکردن لەمەڕ بیَ توانای لەچارەسەر نەکردنی ئەو مەترسیەی کەهەمومانی گرتۆتەوە , ئەویش چەکی هایدرۆجینە . سەرەڕای ئەو قسانەی کە ئەتوانین دەر بارەی هیوا بیکەین کەم تەر خەمی و بێتوانایمان لەکارکردن و نەخشە کێشان لەپێناوی ژیاندا نائومێدیەکەمان شەرمەزارئەکات .

بەگشتی ئێمە هۆکارەکانی ئەم نائومێدیە نازانین کەڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر ئەبێت , پێش ساڵی 1914 خەڵکی پێی وابو جیهان لەئارامیدا یە . ئیتر ئەو شەڕەبێکەڵکانەی کە لەژیانی مرۆڤایەتیدا ڕویان دابوو بوبونە بەشێك لەکەلەپوری ڕابردوو .ئەوە بوو جەنگی جیهانی یەکەم ڕویدا , شەڕیناوخۆی ئیسپانیاش ڕویدا لەگەڵ گاڵتە جاڕی ئەو قسانەی دەکرا لەسەری لەلایەن ولاَتانی خۆرئاواو یەکێتی سۆڤێتەوە , دواتر شەڕی جیهانی دووەم ڕویدا کەوەك بلاَیەك گەڕایەوە بۆسەر دانیشتوانی شار نیشینی جیهان . جەنگی ڤێتنامیش ڕویدا کە حکومەتی ئەمریکا هەوڵی ئەدا گەلێکی بچوکی ئازادیخوازی تیا پاکتاو بکات .جگە لەمانەش هیچ کام لەدەوڵەتە گەورە کان هەنگاوێکیان نەنا بەئاراستەی بەخشینی هیوا یەك بەهەموما ن , وەك وازهێنان لەچەکی نەوەوی و متمانە کردن بەحیکمەتی ولاَتانی تر بۆئەوەی کەڵك لەهەنگاوێکی وا وەربگرن , تائێستایش ئەم نائومێدیە هۆکاری تری هەیە بەتایبەتی پێکهاتەی کۆمەڵگای پیشەسازی





وەرچەرخاوە بۆ بیرۆکراتیەت بەتەواوی , من لەبەشی داهاتودا هەوڵ ئەدەم کار لەسەر کەم و کوڕیەکانی تاك بکەم بەرامبەر میکانیزمەکانی ڕێکخستن .

گەر ئەمریکاو جیهانی خۆرئاوایی حاڵەتی نائومێدی نەستی و کەمی باوەڕو هێزی ڕۆح وەکو خۆی دەهێڵێتەوە , واچاوەڕوان دەکرێت ئیتر توانای ئەوەیان نەبێت بەرگری چەواشە بونی تەقاندنەوەی چەکی نەوەوی بەهێزیان هەبێت , کەئەمەش دەبێە هۆی دانانی سنورێك بۆهەمو کێشەکان – کێشەی زۆربونی دانیشتوان تاڕادەی تاسان و برسێتی و غەمناکی – لەسنورێکدا کە هەمو ژیان دەسڕێتەوە .

پێشکەوتن بەئاراستەی سیستەمێکی ڕوناکبیری و کۆمەلاَیەتی کەبکرێت مرۆڤ پابەند کات , گرێدراوە بەتوانای ئێمەوە لەکۆنترۆڵکردنی نائومێدیماندا . سەرەتا دەبێت وشیار بین و بگەڕێین گە ر توانایەکی ڕاستە قینە هەیە بۆگۆڕانکاری ڕۆشنبیری و ئابوری و کۆمەلاَیەتی بەئاراستەیەکی تازەدا ,بۆئەوەی بواری ئەوەمان بداتیَ هیوایەکی نویَ بونیاد بنێین , هیوا بەبیَ ئەو توانا ڕاستە قینە دەبێتە شێتیەکی ڕوت , بەلاَم گەر توانایەکی وەها هەبوو ئەوا هیوا یەکی داڕێژراویشمان ئەبێت , ئەوکاتە هیوایەك ئەبێت کەلەسەر بنەمای هەڵبژاردنی خۆمان و وەرگرتنی ئەلتەرناتیفی نویَ دروست بووە , وەك چۆن پێشتر بونیادنرابو لەسەر کاری نەخشە بۆکێشراو بۆبەدەست هێنانی ئەم ئەلتەرناتیفە تازانە .





PDF4Kurd

..............................................................................

1 - وشەیەکی تێکەڵە لەهەردوو عیبارەتی تەکنۆلۆجیاو ئەلکترۆن .

2- ڕوبەڕوبونەوەی " کۆمەڵگای تەکنۆلۆجی ئەلکترۆنی " / بەرگی یەکەم (ینایر 1968 / ل 19 )

3 - لەتەکنۆلۆجیاو سەردەمدا / کتێبخانەی أ . کولان (1954)

4- ئەفسانەی ئامێر : لویس موم فورد ( نیورك ,هارکور,ترایس اند ورلد ,1966)

6- لەزمانی ئیسپانیدا وشەی هیوا بەمانای esperar چاوەڕوانبە , attendre وهیواو esperar لەیەك کاتدا . بەڕۆشنی ئەوە دیارە پەیوەندیان هەیە بەم هیوا نیگەتیڤەوە کەمن ئەمەوێت وەسفی بکەم .

8 /لە ( غەریزەو خۆشەویستی وشارستانیەتدا ) وەلە ( مرۆڤی تاك ڕەهەند) ی هێربرت مارکیوز دا نائومێدیەکی وەك ئەم نائومێدیە بەئاشکرا دەرئەکەوێت , هەموو بەها نەریتیەکانی وەك , سۆز , خۆشەویستی , دڵەڕاوکێ , بەرپرسیارێتی , هیچ مانایەکی نابێت لەکۆمەڵگای پێش تەکنۆلۆجیدا , بەڵام لەکۆمەڵگای تەکنۆلۆجیدا ( کۆمەڵگای بێسەرکوتکاری و





بێ ئستغلال) مرۆڤێك دێنێت کەهیچ شتێکی نامێنێت لێی بترسێت تامردن . مرۆڤ ئەو پێداویستیە بێ سنورانەی خۆی گەشە پێ ئەدات .وەدەرفەتیشی ئەبێت بۆڕازی کردنی ئارەزوە سێکسیە هەمە ڕەنگەکانی , ( خوێنەر دەنێرم بۆ سێ لێکوڵینەوەکەی سێکس لەتیۆری فرۆید ) وەبەکورتی واچاوەڕێ دەکرێت کەمرۆڤی کۆتای توشی لادان بێت تاڕادەی ژیانێکی مشە خۆرانە . گەڕانەوە بۆبەختیاری زك تێرکردن بەشێوەی منداڵی شیرخۆر . هیچ سەیرنیە مارکیوز بەو نائومێدیە کۆتای هاتوە , تیۆرێکی پەشێوانەیە لەکۆمەڵگادا , کەرەستەی ئەوەی پێ نیە ئەو جیاوازیانە نەهێڵێت لەنیوان ئێستاو دوارۆژدا هەیە : هیچ بەڵێن و مژدەیەك نادات , سەرکەوتونەبو دو هەر بەنیگەتیڤی مایەوە . لەشوێنی خۆیدا بەئەمینی مایەوە بەرامبەر ئەوانەی هیچ هیوایەکیان نیە , کە دەکرێت هەمو ژیانی خۆیان ببەخشن بۆڕەتکردنەوەیەکی مەزن . ( مرۆڤی تاك ڕەهەند/ ل: 281 ) . ئەم قسانە ڕادەی هەڵەی ئەوانە دەرئەخات کەسەرسامی ماکیوزن , یان هێرشی ئەکەنە سەر بەسیفەتی ئەوەی مامۆستایەکی شۆڕش گێڕبووە . لەکاتێکدا شۆڕش هەرگیز لەسەر بنەمای نائومێدی بینا ناکرێت . مارکیوز زۆر بایەخی بەسیاسەتیش نەئەدا . گەر مرۆڤ هەستی نەکرد پەیوەندیەکی بەگۆڕنکاریەکانی ئێستاو دوارۆژەوە هەیە ئەوا بەدوای سیاسەتدا ناگەڕێت , هەر جۆرە سیاسەتێك بێت ڕادیکاڵی بێت یان پێچەوانەکەی . مارکیوزیش وەك هەر ڕوناکبیرێکی تری بێبەش و داماو نائومێدیە تایبەتیە کەی خۆی کردە تیۆرێکی ڕادیکاڵی , نەزانینی و تاڕادەیەکیش هەست نەکردنی بەفرۆید بوە هۆی ئەوەی بەداخەوە بواری



www.pertwk.com

PDF4Kurd

ئەوەی بداتێ تێکەڵەیەك بکات لەنێوان فرۆیدیزم , ماتریالیزمی برجوازی و هیگڵیەتێکی شارەزا کەبەلای ئەو و ڕادیکاڵەکانی تریشەوە دروست بوبو . کەئاستی تیۆریان زۆر پێشکەوتو بو , لێرەدا بواری ئەوە نیە بیسەلمێنبن کەئەمە زیندە خەونێکی ساویلکەی دەماغی ونامەعقوڵ بوو , زۆر ناواقعی و خاڵی لەژیاندۆستی بوو .

9-پێم خۆشە سەرنجتان بۆقسە کردن لەسەر " نەست " ڕابکێشم کەئەمەش دەبێتە شێوەیەکی تری زمان و فکری ئەوانەی کێشەیان هەیە ,دیارە هیچ شتێك نیە وەك ئەندامێك یان هەر شتێکی تر لەبۆشاییەك پڕبکاتەوە و ناوی نەست بێت . ئەوەی بەم ناوە مەبەستمانە ئەرکێکی دەرونیە نەك ئەندامێکی جێگرو دیار .

10- وەك ئەم تێبینیەی خوارەوە ئاماژەی بۆئەکات دانەر (activity ) زیندویەتی , چالاکی , جیائەکاتەوە لە ( activiness ) پڕلەچالاکی و زیندویەتی , هەروەها هەمان جیاوازی ئەبینینەوە لەنێوان ( passsivity ) سلبی و ( passiveness ) .

11 -لەبەکارهێنانی activiness لەجێگەی گوتەی activity قەرزاری پەوەندیەکی تایبەتم بەمیخایل ماکوبی یەوە بەو جۆرە من زاراوەی passiven ess بەکاردێنم لەجێگەی passivitty ئەمە لەو چوارچێوەی کەزاراوەکان پەیوەندیان بەحاڵەتێکی عەقڵیەوە هەبێت .

من لەچەند کتابێکما باسی کێشەی چالاکی و ناکارایم کردووە لەپەیوەندیدا بەئاراستە کردنی بەرهەم هێنەرانەدا , پێم خۆشە سەرنجی خوێنەر ڕاکێشم بۆئەو لێکۆڵینەوە بەنرخ وقوڵەی دەربارەی چالاکی و ناکارایی





لەکتابی Metamorfhosis ی ئەرنست شاشتیل ( نیورك : بازیك بوك . 1959 .

12 – لەزمانی جولەکەدا وشەی باوەڕ بەواتای موتڵەق دێت , وەوشەی ( amen ) بەواتاتی ( بەدڵنیاییەوە ) دێت .

13- پێویستی بەموتڵەق لەبەشی سێیەمدا باسی دەکەین .

14- لەبەشی چوارەمدا گفتوگۆلەسەر مەدلولەکانی " عەقلانی " و " ناعەقلانی " دەکەین .

(5) تێبینی وەرگێڕی عەرەبی / ڕەوشت : سبینوزا .چاپی کلاسیکی :غارنیر 153 وەرگێڕانی ( شارل ئەبو هن ) بەشی سێیەم : شەرحی دۆزەکە 59.هیچ بوارێك نیە بۆقسەکردن لەسەر ژیانی ئۆرگانی و مادی و نائۆرگانی هیچ سنورێکیش نیە لەنێوانیاندا . جیاکاریە تەقلیدیەکان لەڕوی بایۆلۆجی و زانستی بۆماوە زانی ئێستاوە بەتەواوی جێگەی پرسیارن , بەلاَم لەوانەیە بکەوینە هەڵەوە گەر واتێبگەین کەئەم جیاکاریکردنە تەواو کەڵکی نەماوە .

17- ( cassandre ) کوڕ ی بریانە و هیکوب لەلایەن ئەبوللونەوە بەهرەی پێشبینی کردنی دواڕۆژی پێبەخشرا ,خودا وای نوسی کەهیچ کەسێك بڕوا بەپێشبینیەکانی نەکات .بەتێکشکانی تەروادە کەئەو پێشبینی کردبوو هەرچەندە کەس بڕوای پێنەئەکرد, ئیتر لەو کاتەوە بووە کۆیلەیەکی ( ئاغاممنون ) و هەر کە گەیشتە یۆنان کوژرا .ئیتر لەو کاتەوە ناوەکەی بو بەنمونەیەکی دووربینی .



www.pertwk.com

PDF4Kurd

18- بەشێوەیەکی زۆرورد باسی سروشتی خیاریانەی پێغەمبەرانەم کردووە لەکتابی You shall be as gods (nyw york:Holt, Rienhart andwinsion . 1967 تەماشا ی هەمان کتاب بکە گفتوگۆی ئاراستەی بینینخوازی لەفکری یەهودی مسیانی بەبەراورد لەگەڵ ئاراستەی خیاری ڕەسەندا .

19-جولکەو مەسیحیەت :لیوبیك . **New York: The Jeuish) Leo Baeek (Publication Society of America, 1958** وەرگێڕان و پێشەکی بۆنوسینی . کوفمان .

20 - ئەم گوزارشانە بیك بەکاری ئەهێنا لەسەرچاوەی پێشودا , وەتیلهاود دی شاردان لە : دوارۆژی مرۆڤدا هەولی دا پێکهاتەیەك لەم چەمکانە دروستبکات .

21- مسیانی : جۆرە بیرو باوەڕێکە قەناعەتی بەچاوەڕوانی کردنی مەسیحیەت هەیە .

22 - ئارنست بلوخ لەکتابەکەیدا بەناوی " پرەنسیپی هیوا " هیوای پێغەمبەرانەی لای مارکس دۆزیەوە زیاتر لەهەر کەسێکی تر . زۆر لەشۆسیالیستە هیومانیزمە هاوچەرخەکان بەشداریان کرد لەچاپکردنی کتێبەکەی ئەریك فرۆمدا symposium of sovialist humanism ( نیورك / دوبل دی 1965) هەروەها تەماشای چاپی ئنگلیزی ڕۆژنامەی یوگزلاڤ بکە " گفتوگۆو جێبەجێکرد ".ئەمە گۆڤارێکی نێو دەوڵەتی بوو فرۆم دەری ئەکرد و ج . نینینغ چاپی ئەکرد ,





ناوەڕەکەکەی بریتی بوو لە ئالۆگۆڕ لەنێوان مەسیحیەکان و خەڵکانی نامەسیحی .

ئەو جەخت کردنە باوەی کەئەڵێت مارکس تێگەیشتنێکی حەتمی هەبووە بۆمێژوو , بەمانای ئەوەی شۆسیالیزم حەتمیەتێکەو ناکرێت خۆمانی لێ لابدەین . بەڕای من ئەمە ڕاست نیە , سروشتی حەتمیەتگەرای مارکس بەهەندێك ڕستەیەوە وادیارە کەدرێژبونەوەیەکی ئەو شێوازی هاندانەیەتی کەزۆرجار تێکەڵی کردووە بەشێوازی شیکردنەوەی زانستی ,ڕۆزا لوکسمبورگ کە واناوبانگی دەرکرد کە توێژەرەوەیەکی مارکسە جەختی کردەوە لەسەر ئەو ڕووبینای کەپێی وایە دەبێ لەنێوان " شۆسیالیست و بەربەریەتدا یەکێکیان هەڵبژێرین "

23 – ئەم کێشەو کێشەی دیاردەکانی تری ئارەزوی کاولکاری لەکتابەکەی ترمداباسی ئەکەم : هۆکارەکانی ئارەزوی مرۆڤ بۆکاولکاری .

- / لەدەقە عەرەبیەکەدا ناونیشانی دووەم نیە , لەبەر ئەوەی بەشی هەرە زۆری بیروڕای فرۆم لەدەوری ئەم تەوەرە ئەخولێتەوە (بەمرۆیی کردنی پەیوەندیەکانی نێوان مرۆڤ و تەکنۆلۆجیاو کێشەکانی عەقڵئامێری ) پێم باش بوو ئەم ناونیشانەی دووەم لەناونیشانێکی لاوەکی ناو ناودەقەکەوە بکەم بەبەشێك لەناونیشانی یەکەمی دەقەکە ./ وەرگێڕی کوردی .
- دەقی عەرەبی ئەم بابەتە لەسایتی گفتوگۆی شارستانی rezgar.com وە وەرگیراوە



www.pertwk.com

PDF4Kurd

★★ / ئەم بابەتە لەدواژمارەی گۆڤاری ئایدیا بلأوبۆتەوە , کەوەرزە گۆڤارێکی بواری وەرگێڕان و لێکۆڵینەوەیە .

# ئسوڵیەت وەك ئەوەی ئەمرۆ هەیە ... ڕاکردنە لەواقع یان بەرگری کردنە لەشوناس ؟

**نەسر حامد ئەبوزەید**





بیری ئسوڵی لەئێستاداو بەتایبەتی لەخۆرئاوادا وابەستە ئەکرێت بەئیسلام وجیهانی عەرەبی ئیسلامیەوە , سەرەڕای ئەوەی هەمو ئاینەکانی تر ( یەهودیەت , مەسیحیەت ,بوزیەت ,هیندۆسیەت ) دروست بونی هێزی ئسوڵی توندڕەوی بەخۆوە بینیوە . وەك چۆن ولأتە پێشکەوتوەکانی خۆرئاوایش بێزاربوە لە گەشەکردنی چالاکی ئاینی وسیاسی ئاراستەکراو دژبەو کۆمەڵەو سیستەم وڕێکخراوانەی کەجیاوازن لێیان , وەك ئەوەی کەئەمرۆ نازیەنوێکان ئەبینین ,یان ململانێی ئاینی ئیرلەندیەکان وزیندوبونوەی هەندێك نەزعەی فاشیانە ئیتر لەولأتانی باشورو خۆرهەلأتی ئەوروپاوبێت یان ئەمریکای باشور . هەموئەم بزتنەوەو



www.pertwk.com

PDF4Kurd

ئاراستە فکریانە بەشێوەیەکی گشتی لەئیسلامیە توندڕەوەکان جیاواز نین لەڕوی هەڵوێست و ئاراستە فکریەکانیانەوە .

وەك چۆن کارین ئارمسترنغ لەکتابەکەیدا بەناونیشانی {جەنگەکان لە ڕێگەی خوادا } کەساڵی 2000 بڵاو بوەوە وتی (( ئسوڵیەت لەیەهودیەت ومەسیحیەت وئیسلامدا : بەواتا ی هەموئسوڵیەکان دەربەستی کێشەکانی دیموکراسیەت وپلوراليزم ولێبوردنی ئاینی وئازادی بیروڕاو جیاکردنەوەی ئاین لەدەوڵەت نایەن , ئەوان هەمویان سەربەیەك ڕەوتن کەحەزئەکەن بچنە جەنگی ( دوژمنەکانیانەوە ) لە عیلمانی خوازەکان . ئەوان تەماشای ئەم ناکۆکیە ناکەن وەك ناکۆکیەکی سیاسی ,بەڵکو وەك جەنگێکی گەردونی لە نێوان هەردو هێزی خێرو شەڕدا ئەیبینن, ئەمانە بیروڕاکانیان لەهەندێك تیوەرەوە وەرئەگرن کەلەڕابردودایە و حەزلە پاشە کشێ ئەکەن بەرامبەر واقعی ژیانی ڕۆژانەی کۆمەڵگا و بۆخۆیان ڕۆشنبیریەکی داخراوی دژبەرۆشنبیری باوی کۆمەڵگاپێك دێنن . بەم جۆرە هەمو بزوتنەوە ئسوڵیەکان ئارەزوی پەنابردنیان هەیە بۆتوندو تیژی وەك شێواز و ئامراز بۆبەدەست هێنانی ئامانجەکانیان , لەم پێناوەشدا سڵ ناکەنەوە لەکوشتن و تیرۆرو ئاژاوەو ناکۆکی خوێنین ,تائەگاتە ڕادەی جەنگ وەك ئەوەی لەیوغسلافیا بینیمان , ئەمە بەمانای ئەوەیە کەئسوڵیەت هەر لە ئیسلامداو لەکۆمەڵگای ئیسلامی وبزوتنەوە ئیسلامیە توندڕەوەکاندا کورت نابێتەوە , بەڵکو دیاردەیەکی گشتیەو هیچ ئاین ورۆشنبیری ودەوڵەتێك لێی بێبەش نەبوە لەهەمو سەردەمەکاندا .بەڵام ڕوداوەکانی 11 سپتەمبەر ئسوڵیەتی ئیسلامی کردە جێگای سەرنجی هەموان بەکاریگەریی بانگەشەکانی دژایەتی



تیرۆرو هەموئەو مەسەلانەی تر پێیەوە پەیوەستن, وەك تۆمەتبار کردنی ئیسلام بەدواکەوتوی ,دژایەتی کردنی پێشکەوتن ,ڕەتکردنەوەی مۆدێرنیزاسیۆن , هەروەها پێویستی شەڕکردن دژی دەوڵەتە سەرەڕۆکانی وەکو ئەفغانستان وعیراق (لانی کەم تائێستا ) ,یان گۆڕینی هەندێك لەتایبەتمەندیەکانی پێکهاتە بنەڕەتیەکانی کولتوری ئیسلام .

وادیارە ئەمریکا کەئەمرۆبانگەشەی دژایەتی ئسوڵیەت ئەکات ئەوەی لەبیر چووە کەخۆی هەرلەسەدەی 19 وە چەند جۆرێکی تری ئسوڵیەتی بەرهەم هێناوە , هەرئەوان بون زاراوەی Fundamentalesm یان بەرهەم هێنا کەهاوجوتی ئسوڵیەتی عەرەبیە . وەبۆیەکەم جار بەکارهێنانی ئەم زاراوەیە بەمانا باوەکەی ئێستای لەوتارێکدا بو کەساڵی 1920 گۆڤاری watchman /xaminer کەگۆڤارێکی ئاینی بوو بڵاوی کردەوە . بەکارهێنانی ئەم زاراوەیە لەکاتی قسەو باسەکانی کۆبونەوەی یەکێك لەگروپە پروتستانتیەکانی سەر بەکەنیسەی معدانی بوو , کۆبونەوەکە بۆگفتوگۆکردن لەسەر چۆنیەتی ڕوبەڕو بونەوەی هەندێك ئاراستەی فکری بوو کەداوای تازەکردنەوەو چاکسازی ئاینی ئەکرد , بۆدژایەتی کردنی بانگەشە عیلمانیەکان وگەڕانەوە بۆبنەما ئاینیەکان وپابەند بون بەرێنماییەکانی ئاینەوە بوو . بەم جۆرە دەبینین سەرەتای بەکار هێنانی زاراوەکە بەواتای گەڕانەوە بۆبنەماسەرەتاییەکانی ئاین سەرەتایەکی ئەمریکیانەی هەیە , کەچی دوای زیاتر لەهەشتا ساڵ ئەمریکا هەمان چەمك بەکار ئەهێنێت بۆ جیاکردنەوەی ئیسلام وەك ئاینێك کە توندو تیژی بەکار ئەهێنێت , لەسەر بنەمای تیرۆر ودەمارگیری و نالێبوردەیی و



www.pertwk.com
PDF4Kurd

زۆرکردن لەئەوانی تر ئەڕوات, ئارەزوی پاکتاوکردن و سڕینەوەی هەموجیاوازیەکانی هەیە, هەر بۆیە وای ئەبینن کە ئەم ئیسلامە پێویستە سزابدرێت .

سەرەڕای ئەوەی دەنگی نارەزای وەرتکردنەوەی ئسولیەتی توندڕەو لەزۆرشوێن ئەبیسرێت بەلاٚم هەندێك لایەن هەیە بەگەرمیەوە ئەیانەوێت دەمارگیریە ئاینیەکان بوروژێنن و بۆهەندێك ئامانجی سیاسی وئابوری تایبەتی خۆیان بەکاری بێنن . ئەمانە لەپێناو جێەجێ کردنی نەخشەکانیان دودڵ نین لەدروست کردنی ڕوداوو هەڵوێستی وەها کەببێتە هۆی شەڕو بەریەك کەوتنی ئاینی . بۆنمونە لەئەیلولی 2001 لەهند لەکاتی بۆنەیەکی ئاینی گەورەدا هەندێك خەڵکی مەبەست دار ئەوەیان بلاٚو کردەوە کە کۆمەڵێك موسوڵمان چەند کچێکیان فڕاندوە بۆئەوەی بیان کەنە ئیسلام , ئەوەبو گۆڕەپانی ئاهەنگەکە بوبەگۆڕەپانی شەڕو یەکتر کوشتنی نێوان موسوڵمان وهیندۆسەکان ,لەهەردو لاخەڵکێکی زۆربونە قوربانی ,هەرئەم قسەوباسە ناڕاستانە لەهەمان کاتدا گەیشتە بەریتانیا و لەوێش شەڕو ئاژاوەی دروست کرد لەنێوان خەڵکی هەردو ئاینەکەدا ,پێش ئەوەی دەرکەوێت مەسەلەکە هەموی درۆیە . ئەم ڕوداوە ڕادەی ئەوئاڵۆزی وبەدگومانی وڕقەمان پێ نیشان ئەدات کەبەهۆی جیاوازی بڕوای ئاینیەوە دروستبوە ,ئامادەگیەکی مەترسیدارمان پێ نیشان ئەدات بۆقبوڵکردنی هەمو خراپەیەك بەئەوانی ترو خێراییان لەڕوبەڕو بونەوەی یەکتر لەپێناو پاراستنی شوناسی خوددا . ئەو کاتەی ئافرەتێکی فەرەنسی وتی چەندموسولمانێکی باکوری ئەفریقا هێرشیان کردۆتە سەر خۆی ومنداڵەکەی





هەڵوێتیسێکی تری وەها دروست بوەوە هەرچەندە نەگەیشتە ئاستی توندو تیژی خوێناوی بەلاٚم بەخێراییەکی کوتوپڕەوە لەناو ڕای گشتی ودەزگاکانی ڕاگەیاندندا هەواڵەکە ئاڵۆزیەکی زۆری دروست کرد پێش ئەوەی ڕون بێتەوە ئافرەتەکە درۆی کرد .

کۆمەڵگای مرۆڤایەتی مافی خۆیەتی هەست بەدڵەڕاوکێی و گرژی بکات بەرامبەر گەشەسەندنی چالاکی هێزە ئسولیەکان و پەنابردنیان بۆتوندو تیژی وەك تەنها ئامرازێك بۆ تەعبیرکردن لەبۆچونەکانیان ,یان بۆنارەزای دەربڕین بەرامبەر ئەو بارو دۆخە خراپەی کەئەو میلەتانە ئەناڵێنن بەدەستیەوە کەئسولیەکانی لێوە هاتوە , سروشتی توندو تیژی وەهایە دڵەڕاوکێو تێکچونو ناسەقامگیریەکی زۆر دروست ئەکات سەرەڕای زیانە گیانی ومادیە بێشومارەکانی تری , بەلاٚم هەڵەیە ئێمە سەیری ئاینەکان بکەین بەتایبەتی ئاینە ئاسمانیەکان و ئاینە جیهانیە تری وەك بوزیەت وکۆنفۆشیەت کەگوایە ئەمانە بانگەشەی توندڕەوی وڕقەبەری ئەکەن ,بەڵکو لەزۆربەی حاڵەتەکاندا بارودۆخە کۆمەلاٚیەتی وسیاسی و ئابوریە خراپەکانە وای کردوە خەڵك هەست بە بێدەسلاٚتی بکەن لەقبوڵکردنی و بەدەنگەوەچونی , هەروەها هەست بەبێ توانایش ئەکەن لەگۆڕانیدا .لێرەدا هیچ دەروازەیەکی تر نابیننەوە جگە لەپەنا بردن بۆئاین وەك پەناگەیەك کەبیانپارێزێت لەم واقعە تاڵەدا . یان بەپێچەوانەوە واهەست ئەکەن لەنێو گوتراوە ئاینیەکانیاندا و لەناو نمونەبالاٚکانیان ئەوەیان دەست ئەکەوێت کەپاڵپشتیان بکات بۆڕەتکردنەوەی واقعە تاڵەکەو یاخی بون لێی و دواجار گۆڕینی گەرپێویستی کرد بۆبەرگریکردن لەبونی مرۆڤایەتیان



www.pertwk.com

PDF4Kurd

وپێداگری لەسەر خۆدیەت وشوناسیان دژی ئەو هێزە دەست درێژی کارانەی کەئەیەوێت شوناسیان بسڕێتەوە . ئەمەیە پاساو ئەداتە گروپە ئسولیەکان بۆتوندو تیژی وتیرۆر لەگەڵ دان نانمان بەپێویستی ڕەتکردنەوەی ئەنجامە تاڵەکانی کەلە زۆربەی حاڵەتەکاندا خەڵکێکی بێگوناه توش ئەکەن .

بزوتنەوە ئسولێەکان دواجار جۆرێکن لەجۆرەکانی تەعبیرکردن لەشوناس , کاتێك کەڕەهەندە کۆمەلآیەتیو ڕۆشنبیریەکانی تریان ئەڕوخێت و تێك ئەچێت , ئەو ڕەهەندانەی مانایەکی ئەدایە بونی مرۆڤایەتیان . ئیتر ئایا ئەم شێوە تەعبیرکرنە شێوازە نیگەتیڤەکەی تەعبیرکردن وەرئەگرێت کەبریتیە لە پاشەکشێ کردن لەژیانی کۆمەلآیەتی و داخران بەسەر خوددا ؟ یان شێوە پۆزەتیڤەکەی تەعبیرکردنە کەبریتیە لەناڕەزای و یاخی بون لەبارو دۆخە خراپەکان و هەوڵدان بۆ گۆڕانکاری کەزۆرجار ئەگاتە ڕادەی نەهێشتنی ئەوی تر بەهەمو ڕێگەیەك و پەنا بردن بۆ بۆپاکتاو کردنو سڕینەوەی لەپێناو دابین کردنی مانەوەی خود .وادیارە ئەمەیە کەوا هەندێك گروپی ئیسلامی توندڕەو هەستی پێئەکات لەهەڵوێستی ڕەتکەرەوەی بۆخۆرئاوا کە دەکرێت هەر گروپێکی تری ئسولی هەستی پێبکات لەهەڵسوکەوت کردنی لە بارودۆخە تایبەتیەکەی خۆیدا بەرامبەر ئەو ڕێکخستن و هێزە نەیارانەی کەرێگەی ژیانێکی مرۆییانە نادەن بەئەندامەکانیان و بەڵکو بەوڵات وکۆمەڵگاکانیشیان .

پەیوەندیەکی پتەو هەیەلەنێوان بزوتنەوە ئسولێەکان وخواست وپێداویستیەکانی شوناس و هەست کردن بەخود بەرامبەر هێزە ستەمکارو دەسلاتگەراکانی ناوخۆو ئەوانەیش لەدەرەوە ئەیانەوێت هەژمونی خۆیان





بسەپێنن . بەتایبەتی کاتێك ئامانجی ئەو هێزانە نەهێشتن وسڕینەوەی بونیادە پێك هێنەرەکانی کولتوری کۆمەڵگا ستەم لێکراوەکانە , هەربۆیە دەبینین چالاکی ئسولێەکان زیاد ئەکات دوای کۆتای هاتنی شەڕی ساردو ڕوخانی یەکێتی سۆڤیەت وتاکرەوی ئەمریکا وەك گەورەترین زلهێزی جیهان کەبالأدەست بوە بەسەر کارو باری جیهاندا بەگشتی , دواجار (( تایبەت بەجیهانی عەرەبی وئیسلامی )) لایەنگیری ئاشکرای و پشتگیری بێشەرمانەی بۆئیسرائیل وبێتوانایی دەوڵەت و سیستەمە عەرەبی وئیسلامیەکان لەڕوبەڕوبونەوەیدا . هەربۆیە ئسولیەت ڕەگێکی قوڵی لەواقعی کۆمەلآیەتی و سیاسی وئابوری و نەتەوەی و نێودەوڵەتیدا هەیە , یاخود کێشەیەکی کۆمەلآیەتیە زیاتر لەوەی ئاینی ولاهوتی بێت . چارەسەر کردنیشی یان کەم کردنەوەی توندو تیژیەکەی پێویستی بەتێگەیشتن لەهۆکارەکانی دەرکەوتن و دروست بونیان هەیە , پێویستی بەنەهێشتنی ئەم هۆکارانەو دان نان بەمافی ژیانێکی پڕکەرامەت وسەربەخۆی سەقامگیر هەیە , بەبێ ئەم چارەسەریانەیش مەسەلەکە بەرەو خراپتر بون ئەڕوات و هیچ هێزێکی سەربازی ناتوانێت ئەو ڕێکخستنە ئسولیانە بفەوتێنێت کەوا هێزی خۆیان هەر لەئاینەوە وەرناگرن وەك ئەوەی هەندێك بڕوایان پێی هەیە , بەڵکو هێزی خۆیان لەحەزی مانەوە و بەردەوام بون وئامادەیی خود بەهێزکردنیش وەردەگرن ؟



www.pertwk.com

PDF4Kurd

ئەم بابەتە لەم سەرچاوەوە وەرگیراوە
www.Freemediawatch.org

# تاریك خوازەكان لەبازنەی شەڕێکی دۆڕاودا

**هاشم ساڵح**





زۆرلەڕۆشنبیرانی عیراق و عەرەبیش چەپڵەیان بۆڕوخانی دیکتاتۆریەتی بەعس لەبەغداد وپێشتریش حکومەتی تالیبان لێدا .بەلاّم هەرئەوکات زۆرلەڕڕۆشنبیران وکەناڵە ئاسمانیەکانیش بەرگرییان لەم دووحکومەتە تاریکەکرد .هەراو زەنای خۆیان کردو مەسەلەکەشیان زیادلەپێویست گەورەکردەوە ..!هەمان وتەزازبرو وساوەکانی ئایدۆلۆژیای عەرەبیان بلاّوکردەوە ,هەمان ئەو دروشمە غەوغائیانەی کەبەدرێژای پەنجا ساڵەکەڕی کردوین جارێکی تربینیمانەوە . بەلاّم ئێستا دوای دەرکەوتنی ئاسۆیەکی



www.pertwk.com

PDF4Kurd

ڕوناك لەعیراق ئایا ئەوانە هەڵوێستی خۆیان گۆڕیوە ؟تاڕادەیەك بەهیوای بینینی ئەمەین .ئایا تێگەیشتون لەوەی ڕوخانی سیستەمێکی وەك تالیبان یان بەعس کەدژی ساکارترین پرەنسیپەکانی کەرامەتی مرۆڤە لەبەرژەوەندی هەمو مرۆڤایەتی دایە نەك هەر گەلانی عیراق وئەفغانستان ؟لەوانەیە تێگەیشتبن وبەهیواین کەتێگەیشتبن . ئێمە خوازیاربوین ئەوان هەرلەسەرەتاوە ڕاستیەکانیان بدیایەو سورنەبوایەن لەسەر هەڵەکانیان وبەکەلەڕەقی خۆیان بەرهەڵستی ڕەوتی مێژوویان نەکردایە بەوجۆرەی کەمایەی سەرسوڕمان بوو . وەك چۆن هەندێکیان تائێستاش هەر سورن لەسەر چەواشەیی وسەرلێشێواوییا ن . هیگڵ پێناسەی فەلسەفەی کرد لەسەر ئەو بنەمایەی کەوا کەوادەرگیربونە لەگەڵ واقعدا لەڕێگای فکرەوە , ئەمەش بەو مانایەی کەفەلسەفە کاتی خۆی بەفیڕۆنادات لەگەڵ تەمو مژوگشتگیریدا بەپێچەوانەی ئەوەی ئێمە تێی گەیشتبوین لەسەرەتای ژیانی ڕوناکبیریمانادا ئەو کاتەی خوێندکار بوین لەزانکۆی دیمەشق, چونکە فەلسەفە قسە لەسەر شتە بەرهەست وبەرجەستە کان ئەکات ,ئەو شتانەی پەیوەندیان بەواقعی ژیانەوە هەیە .هیگڵ وەها تێگەیشتبو لەفەلسەفە کەدیاری کردنیٚکی قوڵە بۆکێشەکانی واقع لەساتەوەختێکی دیاری کراوی مێژودا . دۆزینەوەی چارەسەرە بۆکێشەکان دوای ئەوەی سەرکەوتو ئەبێت لەدیاری کردنیاندا بەوردی ,هەروەها دەڵێت فەلسەفە کچی ڕۆژگارەکەی خۆیەتی وفەیلەسوفی گەروە فەیلەسوفی تەنها کێشەیەکە , لەهەمو سەردەمێکدا کێشەیەکی بنەڕەتی هەیە زاڵ ئەبێتە سەرکێشەکانی تردا وکەسیش نایبینێت ,لەگەڵ ئەمەشدا کێشەگەلێکی ترهەیە لەپەراویزو





سایەیدا کەوا ڕۆشنبیرەمامناوەندی وبچوکەکان بەردەوام خۆیانی پێوە خەریك ئەکەن .

خەسڵەتێکی بیریارە گەورەکان ئەوەیە کەکاتی خۆیان بەکێشەناوەندی وپەراوێزکەوتوەکانەوە بەفیڕۆنادەن بەڵکو دەچنە کرۆکی بابەتەکەوەو ڕاستەو خۆ دوای ئەوەی گرفتەکەیان بۆدەرئەکەوێت ئەو نەخۆشیە ئەبینن کەهەڕشە لەنەتەوەو کۆمەڵگاکەیان ئەکات . گەرئەم پێناسەیە بەسەر واقعی عەرەبی و ئیسلام وەك گشتێك جێبەجیٚ بکەین .دواجار چی ئەڵێین ؟ کێشەبنەڕەتیەکانمان لەکوێد ائەبینین .؟دیارەلەو شەڕەهەڵگیرساوەدا دەیبینین کەلەنیوان تێگەیشتنێکی فەندەمینتاڵیستیتاریك بۆجیهان وتێگەیشتنێکی مۆدێرن بۆهەمان جیهان هەیە .هەمو ئەو کێشانەی لەعێراق وئەفغانستان وپاکستان وجەزائیرو ئوردن و...هتد دەیبینین دەکرێت کورتی کەینەوە بۆئەم هاوکێشە ساکارە ,هەمو شتەکان وەستاون لەسەریەکلاکردنەوەی ڕۆژێك لەڕۆژانی ,گەرهیگڵ ڕۆشنبیرێکی عەرەب بوایە هەمو کاتی خۆی بەلێکۆڵینەوەی ئەم بابەتەوە خەریك ئەکرد ,بەلاٚم چونکە بیریارێکی ئەڵمانی بو ولەسێبەشی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەمدا ژیا وبیری کردەوەو نوسی , ئەوەبو هەمو هەوڵەکانی خۆی چڕکردەوە بۆ چارەسەری کێشەی فەندەمینتالیزمی مەسیحی لەگەڵ جیهانی مۆدێرندا . هەرئەمەیە دەمانگێڕێتەوە بۆهەمان خاڵ . ئالێرەدایە گرنگی کانت وهیگڵ وگشت فەیلەسوفە ڕۆشنگەرەکانی تر بۆئێمە . ناکرێت لەئەبو موسعەب زەرقاوی وبوغزو ڤینەکەی لەبەرامبەر مۆدێرنەو ڕۆحی شارستانیەتەکەی تێبگەین تەنها ئەو کاتە نەبێت کەبەراوردیان ئەکەین بەو پاسەوانە



www.pertwk.com

PDF4Kurd

بڕواییانەی کەئاگری دادگاکانی تەفتیشیان بەردایە ئەوروپا ,تێگەیشتنیان زۆرزەحمەتە گەرگەربەراوردیان نەکەین بەوانەی زمانی ((جیوردانو برینو )) یان بڕی لەبەرئەوەی دانی نا بەڕاستی ىتیۆرەکەی کۆپەرنیکۆسدا , ئەوەبو هەمو ئەندامانی جەستەیان بڕی ئەوسا سوتاندیان . بەلأم ئەو جەلاوزانە کۆتاییان هات وجیهانی مۆدێرنیش سەرکەوت , بۆیە دەبینین شەڕی ئسولیەکانمان پێشوەخت دۆڕاوە وەك چۆن ئسولیە مەسیحیەکان شەڕەکەیان دۆڕاند , ئەوانەی هەوڵیان دا ببنە کۆسپی بەردەم ڕەوڕەوەی مێژو . بەلأم پێش ئەوەی ئەم شەڕەبدۆڕێنن چەند قوربانی ئەدەن وچەندە خوێن ئەڕێژن ؟ لێرەدا دەبینین هیگڵ لەڕێگەکەماندایەو چاوەڕوانمانە پێمان بڵێت : مێژو هەنگاوێك پێشناکەوێت بێ ئەوەی باجەکەی بدات ,مێژو هەرگیز پێشناکەوێت گەرلەڕێگای ململانێ‌و زۆران بازیەوە نەبێت ,هەروەها زیاتر لەمەمان پێ ئەڵێت کاتێك جەخت لەسەر ئەم وتەزا بەناوبانگە ئەکاتەوە ((مکرالتاریخ )) فێڵی مێژو ,هەندێك جار مێژو پێشناکەوێت تەنها لەڕێگای خراپترین دەروازەیەوە نەبێت , یان لەدەروازە شاراوەکانیەوە ,ئەمە پێویستی بەخەڵکانێکی وەکو بنلادن وزەرقاوی وزەواهری هەیە بۆئەوەی بەوجودی خۆیان ئەو نەخۆشیە کوشندەمان بۆکەشف کەن کەلەهەناوی مێژودا هەیە ,گەرتوندڕەوی وقەڵبی ئەمانە نەبوایە ئیتر بۆچی خەڵکی هەستی بەپێویستیبەرهەمهێنانیی تەفسیرێکی تازە ئەکرد جیاواز لەو تەفسیرە حەرفیە چەقبەستوەی ماوەی سەدان ساڵە باوە , ئالێرەدایە فێڵی مێژو ,کەلەڕێگەی ناهەمواریەکانەوە پێش ئەکەوێت .ئەو تالیبانانەی کەچەند ساڵێکی کەم حوکمیان کرد خزمەتێکی گەورەی گەلی ئەفغانستانیان





کرد چونکەوایان لێکردن ئیتر قەت ملکەچی حوکمێکی لەو جۆرە نابن دوای ئەو هەمو چەپەڵیەی لەتالیبان دییان . دواجار هەر هەڵەکردنێك بۆخۆی پێویستیەکە بۆدەرکەوتنی ڕاستیە کان ,هەرچەندە شەوگارتاریکتربێت کازیوەی بەیان خوازراوترە

لێرەدا جارێکی تر ئەگەڕێمەوە بۆلای ناپلیۆن پۆناپارت وبۆش وبلێر وهەموو کۆمەڵگای نێودەوڵەتی کەبەم دواییانە پێیانەوە لکا , لێرە بەدواوە نەتەوە یەکگرتوەکان وفەرەنساو ئەڵمانیاش هاوڕان لەسەر ناچار کردنی ئەژدیهای فەندەمینتاڵیزم و پاککردنەوەی نیشتمانی خۆیان لێیان ,چونکە شەڕەکە هەر شەڕی بەریتانیاو ئەمریکا نیە بەتەنها بەڵکو شەڕی هەموشارستانیەتی مرۆڤایەتیە بەگشتی .لێرەدا کۆمەڵێك بەهای گەردونی هەیە کەخۆی بەسەر هەمو مرۆڤایەتیدا ئەسەپێنێت ئەمە باشتر دەرکەوت لەڕاگەیاندنەکانی مافی مرۆڤ و مافەکانی هاووڵاتی بوون لەئەنجامی شۆڕشی فەرەنسادا ساڵی 1789 دواجاریش ڕاگەیاندنی نەتەوە یەکگرتوەکان 1948 .ئەم ڕاگەیاندنە بەناوبانگانە کۆمەڵێك ڕاستی بەڵگە نەویستی سەلماند وەکو ئەوەی : تۆبەرپرس نیت لەشوێنی لەدایك بونت ,نابێت هەتاهەتایە باجی لەدایك بونەکەت بدەیت ,هیچ هەڵبژاردنێکت لەبەردەمدا نەبووە بەوەی لەخێزانێکی موسوڵمان بیت یان مەسیحی - یەهودی - بوزی - هیندۆسی ....هتد لەدایك بویت . تۆمرۆڤیت پێش هەمو شتێك ,یەکێکیت لەبونەوەرەکانی خودا گەرهەر ئەسڵ وڕەگەزو شێوەیەکت هەبێت ,دواجار کەرامەتت پارێزراوە وەکو هەر بونەوەرێکی تری مرۆیی بەسیفەتی ئەوەی کە مرۆڤیت . نەکەمترو نەزیاتریش ,هەربۆیە خەڵکی لێت دەپرسنەوە



www.pertwk.com

PDF4Kurd

لەسەر کردەوەکانت بەباش وبەخراپ بەلاّم نەك پێشئەنجامدانی .ئەمەیە جەوهەری ناوەڕۆکی مافەکانی مرۆڤ وهەمو فەلسەفەی مۆدێرنەو ڕۆشنگەری .

ئەمە تەواو ناکۆکە لەگەڵ تێگەیشتنی فەندەمینتاڵیزمداکەپێك هاتووە لەسەر جیاکاری مەزهەبی و تایفی وئاینی ,لەنێوتا تاکەکانی کۆمەڵگا ومرۆڤایەتیدابەشێوەیەکی گشتی , هەروەها ناکۆکە لەگەڵ ئەو وێنا کردنە ڕەگەز پەرستیانەدا کەزاڵبو لەڕۆژگاری سەرکەوتنی نازیەکان وفاشیەکانی ئەوروپا دا.

ناکرێت فەندەمینتالزمەکانی لای خۆمان خەیاڵی ئەوە بکەن بلیمەتی وتازەگەرن لەکاتێکدا تەکفیری دیموکراسیەت ئەکەن ,پێشئەوان زۆربەی پاپاکانی ڕۆما و کاسۆلیکە توندڕەوەکانیش تەکفیریان کردووە ,بەڵکو لیبرالیەت مافەکانی مرۆڤ وعەقلاّنیەتی فەلسەفەشیان تەکفیر کرد ,ئەتوانم فتواکانیان بخەمە بەردەستی

خوێنەران دوای وەرگێڕانی بۆعەرەبی کەلەڕاستید اهیچ فەرقی نیە لەگەڵ فتواکانی بنلادن وزەرقاوی ,بەڵکو هەمان پێداویستیە لاهوتیەکان وهەمان عیبارەتیش بەکار ئەهێنن (( ئەمە بەشێك لەو کتابەم پێك دێنێت کەبەناوی زانستی بەراوردکاری فەندەمینتاڵیزمەکان بەهیوام بلاّو بێتەوە لەکاتی گونجاودا )) ئەمانە دژی ڕەوتی مێژو ڕێئەکەن بەماناحەرفی وهیگڵیەکەی وشەکە ,دواجار تێك ئەشکێن وەك چۆن فەندەمینتاڵیستە کانی تری پێش خۆیان لەئەوروپا تێك شکان کەترسناکی و فشارو وزۆریان هیچ کەمتر نەبو لەئەمانە .





..........................................................................

سەرچاوە :ڕۆژنامەی شەرق الاوست / ژ / 9569 ی ڕۆژی 8/2/ 2005

## دیاردەی فەندە مینتاڵیزم و ئیشکالیەتەکانی

گفتوگۆی هاشم سالّح لەگەڵ محمد ئارگۆن



www.pertwk.com

PDF4Kurd

### پێشەکییەك

دەمویست لەم چاوپێکەوتنەدا دەربارەی دیاردەیەك پرسیار لە محمد ئارگۆن بکەم کە ئێستا هەمو جیهانی بە خۆوە خەریك کردووە ,مەبەستم دیاردەی فەندەمینتالیزمە ((ئسولێەت )).دیارە وەك شێوازیهەمیشەیی‌خۆی کەوتە باسکردنی هۆکارە وردو قوڵە کانی ,بەوتە کانیا دیارە پێی وایە دیاردەیەکی





بونیادیالموچوع:ەو بۆماوەیەکی دورودرێژ کۆمەڵگا عەرەبی و ئیسلامیەکان بە خۆوە خەریك ئەکات .لەوانەیە ئەم شە پۆلەیان بڕوات بەلاَم ئەو پرسیارانەی خستومەتە ڕو هەردەمێنێتەوە مادام دەستنیشانکردنێکی ڕاست و چارەسەرێکی گونجاوی بۆ نەدۆزرێتەوە .ئەرگۆن بۆئەوەی زیاتر تیشك بخاتە سەر بابەتەکە لەگۆشەی میتۆدی بەراورد کارییەوە قسەی لەسەر ئەکات , بەراوردی ئەکات بە فەندە مینتالێزمی مەسیحیەت کەوا ڕۆژئاوای بۆماوەی دوو سەدە بەخۆوە خەریك کرد .هەروەها لەچاو پێکەوتنەکەد ا ڕوبەڕوی چەند مەسەلەیەکی تردەبێتەوە کەوا تایبەتە بەلێکۆلێنەوە لەکەلەپور ((تراپ)) وەك جیاکاری نێوان پرۆژەی (ڕەخنە لەعەقڵی عەربی )محمد عابد جابری و پرۆژەکەی خۆی (ڕەخنە لە عەقڵی ئیسلامی ) .

هاشم

### دەقی گفتو گۆکە

هاشم : فەندە مینتالێزم بوە بەبابەتی خەریك کردنی جیهانی عەرەبی بەدرێژای ئەم سالأنەی دوای .چۆن لەم دیاردەیە تێدەگەیت و,چۆن هۆکارە کانی شی ئەکەیتەوە ؟

ئارگۆن :ناتوانین لە فەندە مینتالێزم تێبگەین لەناو ئیسلامدا تەنها ئەو کاتە نەبێت بەراوردی بکەین بە فەندە مینتالێزمی ناو ئاینە کانی تر .وەناکرێت بەشێوەیەکی ڕاست شیبکەینەوە تەنها ئەو کاتە نەبێت میتۆدە



www.pertwk.com

PDF4Kurd

مێژوییە کانی بە سەردا جێبەجێ ئەکەین ,ئەوەی کەوا جێیبە جێکرا لەسەر فەندە مینتالّیزمی مەسیحیەت, بۆنمونە ئێستا کاتی ئەوە هاتووە فکری عەرەبی ئیسلامیدا دەستبکات بە خوێندنەوەی ئەوانەی واڕوئەدات لە دەرەوەی خۆیدا ,بە تایبەتی لە بواری ئەو لێکۆڵینەوە تازانەی لە سەرئاینەکان ئەکرێت بەشێوەیەکی گشتی .مەبەستم لێکۆڵینەوەکانی پەیوەست بەدیاردەی ئاین و ئەو ئەرکانەی بەجێی دێنێ لە کۆمەڵگادا .لێرەدا داوائەکەم لەموسوڵمانان بایەخی زیاتر بدەن بەوەی کە مێژوو فێرمان ئەکات ,بەوەی لەزانستە کۆمەڵایەتیەکانەوە فێر ئەبین لەبارەی ئاینەوە .وە دواجاریش بۆئەوەی لە دیاردەی ئاین تێبگەین ناچارین بەناو زانستە کۆمەڵایەتیە کاندا بێین . مەبەستم ئەوەیە زانستە کۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتیەکان بەکابێنین بەسەر کەلەپوری ئیسلامیدا وەك چۆن ماوەیەکی زۆرپێشتر بەسەر کەلەپوری مەسیحیەت لە ئەوروپادا هەمانشت کرا .بێگومان ئیسلامە کۆنزەر فاتیڤ (کۆنەپارێز) و فەندەمینتالّیستەکان جوابمان ئەدەنەوە بەوەی کە زانستە کۆمەڵایەتیەکان لەسەر کەلەپوری ئیسلام جێبە جێناکرێت چونکە بەرهەمی خۆرئاوایەو هیچ پەیوەندیەکی بەئیسلامەوە نیەئەم هەڵوێستە خراپە لەزانستە کۆمەڵایەتیو مرۆڤایەتیەکان هەر لای فەندە مینتالّیستە کان نیە بەتەنها ئەڵکو ئەمە هەڵوێستی زۆرێك لە ڕۆشنبیرانی عەرەب و ئیسلامە تائێستا ,بەلاّم خۆشبەختانە هەندێك هەلاّواردن (استسناو ) هەیە .بەم جۆرە ئیسلام بە داخراوی دەمێنێتەوە لەناو بازنەیەکی کەلەپوری داخراو بەسەر خۆیدا ,ئەمانە نایانەوێت دەرگای گفتو گۆیەکی فراوان بخەنە سەر پشت بۆئەوەی





کەشێکی تازە دروست کەن .نایانەوێت زانستە کۆمەڵایەتیەکان جێبەجێکەن بەسەر کەلەپوردالەپێناوی تازەکردنەوەو جارێکی تر لێکدانەوەی ئیسلام وەك دیاردەیەکی دینی گەورە لەناو کۆمەڵێك دیاردەی تردا .ئەوان تێناگەن لەوەی میتۆدی بەراورد کاری چەند بە کەڵکە بۆتێگەیشتن لە خود .چونکە ئاینی دیکە هەیە لە جیهاندا جگە لە ئیسلام ,وەك مەسیحیەت ,جولەکە,بوزیەت ,هیندۆسی ...هتد .ئیسلام وەکو دیاردەیەکی ئاینی بەشێوەیەکی ڕەها جیاواز نیە لە دیاردە ئاینیەکانی تریتایبەت بەوئاینانەی پێشتر ناومان بردن .دیارە ئەم هەڵوێستەشمان هەڵوێستێکی زانستیانەیە و ناکۆکە لەگەڵ هەڵوێستێکی ئیمانی و بڕوای یان تەسلیمی وسۆزداری کە لە با وباپیرانەوە مابێتەوە .ئیسلامێکی تەقلیدی وفەندە مینتالّیست لە هیچ شتێکدا جیا نیە لە هەڵوێستی مەسیحیە کی تەقلیدی یان جولەکەیەکی تەقلیدی .هەر یەك لەمانە لەناو کەلەپورەکەی خۆیدا داخراوەو بەڕەهای ئەزانێت و هیچ شتێکی تری جێگای بڕوا نادۆزێتەوە ئەمە نەبێت و هەمو ئەوانی تریش بە هەڵە ئەزانێت . مەبەستم لە هەڵوێستی تەسلیمی وسۆزداری ئەوانەیە کەدەیانەوێت قسە لەسەر ئیسلام بکەن بەس لە ڕێگای ئیمانێکی تەقلیدیەوە کە هەمو ڕێچکەیەکی شیکاری و زانستی وعەقلانی ڕەتئەکاتەوە .مادام ئەم ڕەتکردنەوەیەش باوە مەحاڵە هەنگاوێك پێشکەوین .بێگومان ڕەخنەی مێژویی ئازاد پێویستە بەسەر فەندەمینتالیستەکان وخەڵکانی تریشدا جێبەجێ بکرێت ,لەسەر فکری تەقلیدی بەشێوەیەکی گشتی .



www.pertwk.com

PDF4Kurd

هاشم :هەندێك دەڵێن فەندە مینتاڵیستەکان تەنها ڕەوتێك لەناو ئیسلامدا وەردەگرن وڕەوتە عەقلانی و هیومانیستەکانی تر فەرامۆش دەکەن ,وەکو موعتەزیلەکان و فەیلەسوفەکان ,ڕات چیە لەسەر ئەم بۆچونانە .

ئەرگۆن :ئەمە ڕاستە. بەلام ئەم تەیارە فەندە مینتاڵیستە ((سەلەفیە)) سەرکەوتووە وجێگیربووە هەر لەسەدەی سیازدەهەمەوە ,ئەمە داهێنانی ئەمڕۆنیە .فەندەمینتاڵیسە کانی ئێستا ڕەگیان لەڕابردوداهەیە ,بەڵکو ڕابردویەکی دوریش .ئەمانە کاردەکەن وپێگەیشتون لەناو زەمینەیەکی گونجاودا ,زەمینە یەك کەواماوەیەکی زۆرە ئامادە کاری بۆئەکرێت .ئالێرەدایە نهێنی خێرا بلاوبونەوەوهێزیان .لەزۆربەی ولاتە ئیسلامیەکانداقوتابخانە فقهیەکان بلاوبونەوە .هەرولاتەو ئاینزایەکی زیاتر لەئاینزاکانی تر خواست و وەرگرت .لەتورکیا ئاینزای حەنەفیان پێخۆشبو ,لەسعودیە حەنبەلی ,لەمسر شافعی ,لەمەغربی گەورە مالکی ,لەئێران جەعفەری شیعی .....هتد.ئەم تایەبت کردنە تەسکە وەکو گەڕانەوەیەك وابو لەو فرەیو پلورالیزمە فکری وبڕواییەی کەواباو بو لەسەردەمی کلاسیکیدا یان سەردەمی زێڕینی شارستانیەتی عەرەبی-ئیسلامی,هەمە ڕەنگی و فرەیی ئاسایی بو پێش هاتنی سەردەمی دواکەتن وخۆدوبارەکردنەوە وداخستنی دەرگاکانیئیجتهادکردن .بۆیە هەرئەوە بەس نیە بلێین فەندەمینتالیزم لادانە لەئیسلام ,یان پەیوەندی بەئیسلامەوەنیە ...ئەمە کێشەکەمان بۆچارەسەر ناکات .کێشەکە قولترە لەمەو فەندەمینتالیستەکان وخەڵکانی تریش دەگرێتەوە .ئەوان خەڵکانێك نین هەمو دەقەکانی فکری ئیسلامی بناسن ,بۆیە ئەوەی دەیزانن ئەو ئاراستەیە





لەمێژودا زالبووە .ئەویش ئاینزاکانی شیعەو سونە .بەلام هەردو مەزهەبی شیعەو سونەش توشی تەسك بیری وچەقبەستنێکی ترسناك بووە هەرلەسەدەی سیازدەهەمەوە .,ئەمەش بەردەوامە تاڕۆژگاری ئەمڕۆمان .ئەم داخرانە مێژوییە تائێستا لەلایەن ئیسلامەکانەوە لێی نەکۆڵراوەتەوە بەشێوازێکی زانستی .گەرلێکۆڵینەوەیان تیا بکردایە تێئەگەیشتن ئەو بارودۆخەی ئێستادەناڵێنن بەدەستیەوە دەگەڕێتەوە بۆئەو سەدە تاریکانەی تائێستا یش لێی دەرنەچوون .

ئەمەش مانای وایە ئێمە میراتگری ئەو سەردەمانەین کەبەتاڵە لەهەمو دەوڵەمەندی وپلورالیزمێکی فکری و بڕوایی ,میراتگری ئیسلامی سەردەمی کلاسیك نین ((ئیسلامی سەردەمی کلاسیك شەش سەدەی سەرەتای مێژوی ئیسلام دەگرێتەوە ,یان تاوەکو مردنی ئیبن الڕوشد ))ئەمە ڕاستیەکی مێژویی بەلگە نەویستە .دواجار پێویستە لەڕوانگەیەکی مێژوییەوە سەیری مەسەلەکان بکەین بۆئەوەی تێبگەین بۆچی ئەمڕۆش دەشڵەژێین لەوشتانەی کەهەمیشەتیا شڵەژاوین .گەرئەمە نەکەین ئەواتێناگەین بۆچی فەندەمینتالیزم گەشە ئەکات ولەهەمو شوێنێك بلاو ئەبێتەوە .ناکرێت لەم شتانە تێبگەین گەرلەمەدایەکی کورتی زەمەنیدا سەیری بکەین ,یان لەبیست ساڵی ڕابردوەوە بیبینین(بابلێین لەشۆڕشی خومەینی 1978)وە .پێویستە مەسەلەکان لەڕوانگەی مەدای دوری مێژووەوەببینین وەك ئەوەی مێژو نوسی بەناو بانگ (فرنان برۆدێل )کردی بۆئەوەی تێبگەین لەنهێنی ئەم دیاردە بلاوەی جیهانی ئیسلامی .بۆتێگەیشستن لەڕیشەکانی ئەم دیاردە پێویستە هەشت سەدە بگەڕێینە دواوە .بەم جۆرە دەبینین زانستی



www.pertwk.com

PDF4Kurd

مێژوزۆربەباشی  مەسەلەكانمان بۆڕۆشن ئەكاتەوە گەربزانین چۆن میتۆدەكانی بەكارئەهێنین لەگەڵ كەلەپوری ئیسلامیدا .ئەوە فكری ڕەخنەگرانەیە ئیسلام لەناخەوە تازەئەكاتەوە كەوائێمە ئێستا زۆرپێویستمان پێیەتی .وەهەر ئەمەش هزری ئیسلامی دەكاتەوە بەسەر میتۆدەكانی زانستە مرۆڤایەتیەكان و زاراوەكانیو دەسكەوتە مەعریفیەكانی كەزۆرمەحاڵە بتوانین لەمرۆبەدواوە فەرامۆشی كەین .بەوجۆرە دەبینین بەكارهێنانی میتۆدەتازەكان لەكەلەپوری ئیسلامیدازۆرپێویستە بۆئەوەی هزری ئیسلامی پێئازاد كەین لەو وەستانەی ئێستای .

هاشم :بەلاّم لەكاتێكدا میتۆدی مێژویی جێبەجێكرا لەسەر مەسیحیەت لەسەدەی نۆزدەهەمدا كاردانەوەو هەڵچونێكی توند ڕویدا لای فەندەمینتاڵیزمی مەسیحی ,تازەگەرەكانیان تاوان بارئەكرد بەتێكدان ووێرانكردنی كەلەپور ودەرچون لەبڕوای ئاینی و...هتد .

ئەرگۆن : بەڵێ.ئەمەڕاستە .بەلاّم دەتەوێت چیبكەین ؟یان ئەوەتابجولێین وشتەكان ببزوێنین ,یان ئەوەیە تەسلیمی قەدەرەكان بین .پێویستە شتێك بكەین بەرامبەر ڕەوشی ئێستا .ناتوانین دەستە پاچە دانیشین بەرامبەر ئەوانەی ڕو ئەدات .ئەزمونی مەسیحیەت لەسەدەی نۆزدە لەگەڵ مۆدێرنەدا ئەوەمان نیشان ئەدات كەوائێمە لەبەردەم سایكۆلۆژیایەكی ئاینی هاوبەشداین لای فەندەمینتاڵیزمیئیسلام ومەسیحی وەك یەك .ئەمە گەورەترین بەڵگەیە لەسەر  گونجاوی ئەو میتۆدانە بۆبەكارهێنانیان لەسەر كەلەپورە ئاینیەكان .پێم وایە زانستە كۆمەلاّیەتی مرۆڤایەتیەكان دەوڵەمەند ئەبێت و ڕاستگۆییەكی زیاتر بەدەست دێنێت گەربەكار بهێنرێت





لەگەڵ كەلەپوری ئیسلامیدا .چونكە تائێستا هیچ ئەزمونێكی پراكتیكی نیە لەگەڵ كەلەپوری مەسیحی ئەوروپیدا نەبێت ,ئەمەش بەس نیە بۆسەلماندنی متمانەیان پێویستە بەسەر كەلەپورێكی قورسی وەكو ئیسلامیدا جێبەجێبكرێت بۆئەوەی مەدای ڕاستگۆیی میتۆدو زاراوەكانیان تاقی بكرێتەوە .لەڕاستیدا ئەمەیە كەواڕۆژهەلاّت ناسە گەورە كان دەستیان پێكرد لەسەدەی نۆزدەهەمدا .,لێكۆڵینەوەكانیان كاردانەوەی هەڵەشانەی دروست كرد لەنێو ناوەندە كۆنزەرفاتیڤە ئیسلامیەكاندا ,وەك چۆن لێكۆڵینەوەی هاوكارەكانیان هەمان كاردانەوەی دروست كرد لای مەسیحیە كونزەرفاتیڤە كان لەكا تێكدا هەمان میتۆدیان جێبەجێكرد بەسەر كەلەپوری مەسیحیدا .لێرەدا میتۆدی بەراورد كاری زۆرشتمان بۆڕۆشن ئەكاتەوە ,نابێت بەحەپسی وداخراوی لەناو ماڵ وكەلەپوری خۆماندا بمێنینەوە .زۆرپێیو یستە بكرێینەوە بەسەر كەلەپورەكانی تردا وببینین چی تیا ڕوئەدات .

مەبەستم چیە لەسایكۆلۆجیای ئاینی هاوبەش لای ئیسلام ومەسیحی وەكو یەك ؟مەبەستم پێكهاتنی ئەو عەقڵیەتەكۆمەڵیەیە كەبەدرێژایی چەند سەدەیەك لەڕێگای سیستەمی فێركردنیقوتابخانەیی (سكولاستیكی )ەوە دروست بووە .ئیتر لەمەوە زۆر زەحمەتە عەقڵە كان لەم عەقڵیەتە تەقلیدیە جێماوەی بابو باپیران ئازاد بكەین .ئەم عەقڵیەتە كۆمەڵیە وەكو چیمەنتۆ چیایەكی كەڵەكە بوی لێپێك هاتووە بەهۆی بەجێگەیاندنی ئەرك وسروتە ئاینیە ڕۆژانەییەكان وئاهەنگە ئاینیەكانەوە وای لێهاتووە ئازاد كردنی عەقڵی خەڵكی لێیكارێكی زۆر ّزحمەت بێت. بەلاّم جیاوازی نێوان



www.pertwk.com
PDF4Kurd

لایەنی مەسیحی ئەوروپی و لایەنی عەرەبی ئیسلامی ئەوەیە لایەنی ئیسلامی تائێستا ڕوبەڕوی لێکۆڵینەوەیەکی زانستی نەکراوەتەوە, ئێمەچاوەڕێبوین ئەمە بکرێت دوایبەدەستهێنانی سەربەخۆی .بەڵام زۆربەی سیستەمە سیاسیەکان سیستەمی فێرکردنی تەقلیدی ئاینیان هێشتەوە وەك خۆی ,فێرکردنێکی تەسکی دڵخۆشکەرە .ئەوەبو فێرکردنی ئاینیان جیاکردەوەلەخوێندنی زانستە مرۆڤایەتی و فەلسەفیەکان .بەڵکو تێبینی ئەکەین تائێستا زانستە مرۆڤایەتیەکان نەچۆتە ناو پرۆگرامی فێرکردنمانەوە بەشێوەیەکی چاك ,گەر وانیە چۆن دەکرێت مەسەلەکان تەشەنە بکەن وتوشی ناسەقامگیری بن ؟لەبارو دۆخێکی وادا بۆچی سەرکەوتنی ڕەوتی ئیسلامی فەندەمینتالێزمی توندڕەوت بەسەر ئیسلامی عەقلانی کراوەی لێبوردەدا پیٚسەیرە ؟نابێت سەرسوڕماو بین بەرامبەر ئەو شتانەی کەئەمڕۆ ڕوئەدەن .ئەوەی ئەمڕۆ لەجەزائیر ,مسر ,پاکستان ,...هتد ڕوئەدات شتێکی ئاساییە ونابێت پێمان سەیربێت .

دواکەوتنێکی ترسناك هەیە لەسیستەمی خوێندنی زانکۆیی عەرەبی - ئیسلامیدا.وتاری ڕۆژنامەو گۆڤارو کتێبەکان بخوێنەرەوە ئەمەی تیادیارە .ئەوەندە بەسە لاپەڕەکانیان هەڵدەینەوەو لەمە دڵنیا بین .وەهەروەها لەناو ئەو گفتوگۆسواوو دوبارانەیلەجیهانی عەرەبیدا ئەکرێت ڕنگی داوەتەوە ,هەر هەمان قسە دوبارە ئەکاتەوە و دەڵێت :نا..نا تێکەڵی مەکە لەنێوان هەمو موسڵمانان وفەندەمینتالێستەکان لەیەکتری جیاوازن بەڵام ئەم قسانە زۆرئایدیالیستیانەو تەمبەڵانەیەو لەبەردەم هیچ تاقی کردنەوەیەکدا خۆی ناگرێت .ئەمە قبوڵ ناکرێت گەرسەیری مەسەلەکان بکەین لەڕوانگەیەکی





مێژوییەوە .چونکە لەفۆرمە فەندەمینتالێستەکەی ئیسلامدا شتێك لەهزری ئیسلام ئامادەیی هەیە ,ئەم ئامادەییەش بریتیە لەبیری فەندە مینتالێزمی پشت بەستو بەئسولەکانی ئاین وفقهی ئیسلامی.ئەوفەندەمینتالێزمەی کەواسەرچاوەیەکی گرنگی بیری ئیسلامی ئەمڕۆپێك دێنێت تائیستا ڕوبەڕوی پیاچونەوەیەکی ڕەخنەگرانەی جدی نەکراوە لەبەرڕۆشنایی میتۆدە نوێکانی زانستی مێژوو,زانستی زمانەوانی مۆدێرن ,سۆسۆلۆجیا ,سایکۆلۆجیا یمیژویی وهەمو لقەکانی تری زانستە مرۆڤایەتیەکان .تائێستا ئسوڵی فقهی و ئسوڵی ئاینی لەکۆلیژەکانی شەریعەت وپەیمانگاتەقلیدیەکان ئەخوێنرێت وەك ئەوەی کە لەسەدەکانی ناوەڕاستدادەخوێنرانٍ .باشە چۆن ئەتەوێت نەوەیەکی تازەی عەرەبی ئیسلامی دروست بێت و ڕێنسانس بکات ونەوەیەکی کراوەی ئازاد لەعەقلیەتی سەردەمە بەسەرچوەکانی لێدەرچێت .ئەم ئسولانە لەسەدە ناوەندیەکانی سەرەتادا دەخوێنران باشترلەوەی کەئێستا هەیە ,بۆچی ؟چونکە ئەو کاتەدیالۆکی نێوان ئاینزاکانیشافعی ,حەنەفی ,مالکی وتەنانەت شیعەو سونەش دەکراو بەردەوام بو .دیالۆکی نێوان شیعەوسونە بەشێوەیەکی ئاشتیانە بەردەوام بو تاوەکو سەدەی دەیەمی زاینی,یان سەردەمی پلوراليزمی داهێنەرانەی شارستانیەتیعەرەبی - ئیسلامی .دواجار ئەم دەسکەوتە شارستانیانە بەجۆرێك کۆتایی پێهات ئاینزاکان کەوتنە ناکۆکی وگۆشەگیریەوە بەرامبەر یەکتری وەك ئەوەی دیواری چین لەنێوانیاندا هەبێت .وایان لێهات وەك ئەوەی وابەستەی یەك ئاین ویەك قورئان ویەك پێغەمبەرنەبن ٍ



www.pertwk.com

PDF4Kurd

گفتوگۆی نێوان شیعەو سونە لەگۆڕەپانەکەدا تەواو ونبو دوای سەدەی (11ز ) وسەرکەوتنی سەلجوقیەکانی تورك ,ئەوانەی کەوا گۆشەگیریەکی مێژوویيان بەسەر ئاینزاکانی ئیسلامدا سەپاند و هەرئەوان بون دەرگای ئیجتهادیان داخست وئەو پلوراليزمە بڕواییەی لەئیسلامدا هەبو نەیان هێشت ,بۆیە سەردەمی ئەوان بەسەرەتای داڕوخان و تێکشکان دائەنرێت .

هاشم /تۆهەمو پرۆژە فکریەکەی خۆت دەخەیتە ژێرئەم ناونیشانە دیارەوە :ڕەخنە لەعەقڵی ئیسلامی مەبەستت چیە لەمە ؟

ئەرگۆن :ئەم پرۆژەیەبۆیەکەم جار دەستی پێکرد کاتی خەریك بونم بەتێزی دکتۆراکەم لەسەر مسکویە ((هیومانیزمی عەرەبی لەسەدەی چوارەمی کۆچی :مسکویەیفەیلەسوف ومیژوناس )) ,ئیبن الخلدون ئاماژەی بەچاکی مەسکویە کردووە ,ئەمە بەڵگەی گرنگیەتی .ئەم بیریارە ئاسۆیەکی فراوانی بۆکردمەوە ,من ئازادیەکی سەرسوڕهێنەرم لابەدی ئەکرد بەبەراورد بەدۆگماتیزمی عەقڵی ئاینی ئەمڕۆ.بۆم دەرکەوت کەواعەقلّ بەکارئەهێنێت بەشێوازی فەیلەسوفەکانی یۆنان .تەواو هزری یۆنانی هەرس کردبو کەوادەقەکانی وەرگێڕرابون بۆسەرزمانی عەرەبی پێش لەدایك بونی ئەو لەسەدەی ( 4 ك )و (10 ز)ئەم بیریارە ئیسلامە تەبەنای عەقڵی ڕەخنەگرانەی فەلسەفی کرد بەهەموو ڕەهەندەکانیەوە .دواجار توشی بیریارەکانی تری سەردەمی مسکویە بوم پێشهەمویان ,(ئەبوحەیانی تەوحیدی ) .بەم جۆرە تێزێکی تەواوم نوسی دەربارەی ئەو نەوەڕۆشنبیرە ,نەوەی مەسکویەو تەوحیدی .دیارە ئەوان کتابێکیان داناوە بەشێوازی پرسیارو وەڵام ونامە گۆڕینەوە ,ئەم کتابە هاوبەشە کتابی ((الهوامل





والشوامل )) هاوشیوەی نادۆزمەوە لەزمانە کانی تردا ,ئەمە یەکێکە لەگەنجینە بەنرخەکانی کەلەپوری عەرەبی ئیسلامی .ئەوەخوێندنەوەی مسکویەوتەوحیدی بو ئازادی کردم لەعەقڵیەتی دۆگماتیزمی تەسك ,ئەو عەقڵیەتەیکە تائێستازاڵە بەسەرماندازۆربەداخەوە .

هاشم : جیاوازی نێوان پرۆژەکەی تۆ((ڕەخنە لەعەقڵی ئیسلامی )) وپرۆژەکەی محمد عابد جابری ((ڕەخنە لەعەقڵی عەربی )) چیە

ئەرگۆن : بڕوام وایە جابری بەشداری کرد لەبزوتنەوەی بەرخۆری (استهلاك ) ئایدۆلۆژی کەلەپوردا .بەمانایەکی ترهەوڵی ئەدا هەندێك خەسڵەتی سەردەمی کلاسیك دەرخات (سەردەمی زێڕینی شارستانیەتی عەرەبی - ئیسلامی )) و عەرەبی ئەمڕۆ ڕازی کات بەوەی ڕابردویەکی پرشنگداریان هەیە و دەتوانن پشتی پیّ ببەستن بۆئەوەی ڕوبەڕوی مۆدێرنیتەی ئەوروپی پیّ ببنەوە .بەلاّم گرفتەکە لێرەدایە کەچارەسەرلەبەرخۆری ئایدۆلۆژی کەلەپوردا نیە,یان لەشانازی کردن بەباب وباپیرانەوە نیە ,بەڵکو لەوەدایە ئەم کەلەپورە وەکو خاڵی دەرچون بۆگەیشتن بەڕەوڕەوەی شارستانیەتی هاوچەرخ دابنرێت .کەلەپوری عەرەبی - ئیسلامی سەرەڕای گەورەی وگرنگی هەرلەناو ئەو بارو دۆخە عەقڵیەی سەدە ناوەندیەکان دەرناچێت کەتێیدا سەوزبووە .لەڕاستیدا چارەسەر لای ئەم ڕابردووە زێڕینە نیە, بەڵکو دەکرێت وەك ئامرازێك گەربزانین چۆن بەکاری بێنین وگەشەی پێبدەین و تێیپەڕێنین بمانگەیەنێتە چارەسەرێك .سەرەڕای ئەمەش چەمکی عەقڵی ئیسلامی هەستپێکراو ترە تاچەمکی عەقڵی عەرەبی . عەقڵی ئیسلامی ئامادەیی هەیە لەدەقەکان وعەقڵەکانیشدا



www.pertwk.com

PDF4Kurd

,دەتوانین دەستەبەری کەین بەشێوەیەکی بەرجەستەو هەمو ڕۆژێك لەگەڵی دەرگیرین .دەتوانین لێکۆڵینەوەیەکی ڕەخنەگرانەی مێژویی لەسەر بکەین نەك نەك ڕامانی وتەجریدی .ئەم ڕەخنە گرتنە لەعەقڵی ئیسلامی هەنگاوی یەکەم پێك دێنێت کەدەکرێت موسڵمانان لەڕێگایەوە بچنە ناو مۆدێرنەوە و زاڵیش بن بەسەریدا .لەڕاستیدا جابری دوری گرتووە لەبەکارهێنانی چەمکی ڕەخنە لەعەقڵی ئیسلامی و گۆڕیویەتی بە ڕەخنە لەعەقڵی عەرەبی بۆئەوەی بەدوربێت لەکێشەو بەرپرسیاری .ئەمە فێڵێکی ئاشکرایەو لەکەس شاراوە نیە, کیشەی بەردەم ئەمڕۆو سبەینێشمان کێشەی ڕەخنە کردنی عەقڵی ئیسلامییەنەك عەرەبی , چونکە عەقڵی عەرەبی خۆیشی عەقڵێکی ئاینیە,یان نەچۆتە قۆناخی پاش ئاینەوە .چۆن دەکرێت ڕەخنە لەعەقڵی عەرەبی بگیرێت بیٚڕەخنە گرتنی عەقڵی ئاینی ؟!ئەمە مەحاڵە .دواجاریش زیاد لەسەدان ساڵە ڕەخنە گرتنی عەقڵی لاهوتی سەدەناوەندیەکان وەکو ئەرکێکی گرنگ لەبەردەممانداییە ,بیٚ هەستان بەم ئەرکە نەئازادئەبین و نەڕێگای دەربازبونیش ئەدۆزینەوە.بەڵگەی ئەمەش ڕوداوەکانی دنیای ئێسٍتامانە .

ئەمە مانای وانیە جابری هیچی نەکردووە .هەوڵەکەی زۆربەکەڵکەو یەکێکە لەگرنگترین هەوڵەکانی ناو ڕۆشنبیری عەرەبی. بەلاٚم بەس نیە .پێویستە تێپەڕێنرێت بۆهەولی قولترو دورتر .بەکورتی پێویستە بچینە کرۆکی کێشەکانەوە ولێی دورنەکەوینەوە بەبیانوی ڕازی کردنی خەڵك و جەماوەر .پێویستە ڕەخنە بچێتە ناوناوەڕۆك وڕیشەی شتەکانەوە نەك هەر ختوکەیان بدات یان بەتەنکی بەریان کەوێت .





هاشم :بۆچی ئەورپا ڕینسانسی بینی ودابڕا لەسەدە ناوەندیەکان کەچی ئێمە نەمان دی .

ئارگۆن :ئێمە دوهەوڵی لەبارچومان هەیە بۆڕێنسانس .یەکەمیان لەسەردەمی کلاسیك بو وەك ئەوەی وتمان و دووەمیان سەدەینۆزدەهەم .گەرڕێنسانسی یەکەممان بواری بەردەوام بونی هەبوایە ئەوائێمە پێشەنگی بزوتنەوەی مێژو ئەبوین .ئێمە پێش ئەوروپا گەیشتینە ڕۆشنگەری وکەڵکی زۆریان لێوەرگرتین .بەڕاستی پێشەنگ بوین لەبوارەکانی زانستەکان و ئەدەب وفەلسەفە بەدرێژایی هەردو سەدەی(( 9 و10 ز)) ((3 و4 ك ))،ئەوروپا زۆرشتی لێوەرگرتین تاسەدەی دوازدەهەم .بەداخەوە ئەم ڕێنسانسە جوانە زۆرنەژیا ,وەپشتگیریەکی کۆمەلاٚیەتی چینێکی کراوەی وەکو چینی بورژوازی ئەوروپای نەبو .دیارە گەر ئەم چینە دروستنەبوایەو بەڕوی هزرە تازەکاندا نەکرایەتەوەو پشتگیری فەیلەسوفە ڕۆشنگەرەکانیان نەکردایە لە سەدەی هەژدەهەمدا ئەوروپا نەیدەتوانی ئەو شارستانیەتە دروستبکات کە ئەمڕۆدەیبینین .ئەوەچینی بورژوازی بو کۆت وسنورەکانی دەربەگایەتیلەکۆمەڵگادا شکاند ,ئەوە ئەوان بون چینەخانەدانە کانیان جیٚلەق کردو بەشداری دروستکردنی مۆدێرنەیان کرد ,بەلاٚم ئەو چینە بورژوازیە بازرگانیەی لەڕۆژگاری خەلیفە مەئموندا گەشەی کرد و پشتگیری هزری ڕۆشنگەری موعتەزیلەکان وفەیلەسوفەکانیان ئە کرد زو لەناو چو بەهۆی گۆڕانی هێڵی بازرگانی جیهانی عەرەبی ئیسلامی . ڕێنسانسی سەدەی نۆزدەهەممان تاوەکو سەرەتای پەنجاکانی سەدەی بیستەم بەردەوام بو ئەویش تێکشکا بەهۆی چەند فاکتەرێکی دەرەکی وناوەکیەوە .هەمیشە





PDF4Kurd

چاوەڕوانی ڕێنسانسێکی تری نوێین .گەربێت وهەرزارجاریش شکست بێنین لەڕێنسانسدا هەردەبێت جارێکی تر هەوڵبدەینەوە .هەمو ئەوەی ئێستا دەیکەین بریتیە لەئامادە کاری بۆڕێنسانسێکی تری عەرەبی -ئیسلامی ئەمەش ناکرێت لەڕێگای هزرێکی تازەوە نەبێت .

هاشم : ئایە ڕۆشنبیرانێکی ڕەخنە گرمان هەیە کەوابتوانێت میۆدە تازەکان لەخوێندنەوەی کەلەپوری ئیسلامیدا بەکاربهێنێت ؟

ئەرگۆن : هەست دەکەم تائیستا هیچ ڕۆشنبیرێکی ئیسلام نیە بوێرێت هەڵکۆڵین لەڕەگی کێشەکاندا بکات ,بێگومان هەندێك هەوڵهەیە بەلآم زۆرناڕوات پێویستە بزانین هزری عەرەبی —ئیسلامی لەداهێنان کەوتووە لەدوای (ئیبن الرشد 1198 ز)و(ئیبن الخلدون 1406 ز). کیشوەرێکیگەورە لەشتە حەرام وبیرلێنەکراوەکان یان ئەوانەی مەحاڵە بیریان لێبکرێتەوەدروستبوەو کەڵەکەبووە لەڕۆشنبیری عەرەبیدا بەدرێژای ئەم ماوەیە .ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کەلێنێکی مێژویی گەورە هەیە وپێویستە پڕبکرێتەو .دەبێت هەمو ئەو ئەو شتانەی کەهەبوون لەڕێنسانسی سەدەی نۆزدەهەمەوە تاسەرەتای پەنجاکانی سەدەی بیست لەبەرچاوبگیرێ ,ڕۆشنگەرەکانی هاوشێوەی تەها حسین بەدرێژکراوەی ئیبن الرشد و ابن الخلدون دائەنرێت .ئەم ڕەوتە عەقلآنیە ڕەخنەگرە بەردەوام نەبون لەبەر چەند هۆکارێکی ناوەکی ودەرەکی .

دەکرێت بڵێین خوێندنەوەی ڕەخنە گرانەی کەلەپوری ئیسلامی دواخراوە بەدرێژای ئەم ماوەی دواییە .دوائەخرا بەبیانوی تێکۆشان دژی کۆلۆنیالیزم .ئەمە لێی تێئەگەین لەکاتی خۆیدا ڕەوایە, چونکە ئازادی ویستی نیشتمانی





لەپێشەوەی هەمو شتەکانی تردێت . ئەوە کەلەپورە یەکانگیری کۆمەڵیو نیشتمانی دروست ئەکات بۆیە نابێت ڕەخنەی لێبگرین لەماندوێتی ململانێی لەدژی کۆلۆنیالیزم و ئامادەیی مەترسیە دەرەکیەکاندا. بەلآم ئێستا شتەکان گۆڕاون .دوای ئەوەی ئێستا هەربۆخامان ئەژین ولەکۆلۆنیالیزم ڕزگار بوین لێکۆڵینەوەی ڕەخنەگرانەی وازۆرپێویستە لەپێناو ئازاد بون لەکلێشەیەکی دۆگماتیزمی چەقبەستوی کەلەپور .دوای ئازادی لەدەستی دەرەوە ئێستا کاتی ئازادیە لەدەستی گرفتە ناوخۆییەکان ,ئەم بلآوبونەوەی بزوتنەوە فەندەمینتالیزمیەکان ٍچیە گەربەڵگەیەکی گەورەنەبێت بۆپێویستی دەستپێکردنی ئەم خوێندنەوە ڕەخنە گرانە قوڵەی کەلەپور .

سەرچاوە (قثایا فی نقد العقل الدینی ((محمدارکون))

ترجمە والتعلیق هاشم صالح

الگبعە الاولی / دارالگلیعە للگباعە والنشر .لبنان / بیروت /

لاپەڕە 325–333



www.pertwk.com

PDF4Kurd

# دەربارەی وەرگێرانی ئەدەب

میلان کۆندیرا



www.pertwk.com

PDF4Kurd

لەزانکۆکانا وەك نەریتێکی لێهاتووە کەهەمو جارێك تەماشای کارە ئەدەبیەکان ئەکرێت لەڕوانگەی ئینتمای دەقەکەوە بۆگەلێکی دیاری کراو . هەروەها دەبینین تەنها پسپۆرەکانی بواری ڕۆشنبیری ئەڵمانی بۆیان هەیە خۆیان بەکارەکانی هیرمان بروخەوە(( H . broch )) خەریك بکەن, گەرکەسێکیش بیەوێت کار لەسەر بەرهەمەکانی { جۆیس و بروست } بکات هەرهەمان شێوازە . ماوەیەکی زۆرە ئەم جۆرە کارانە نیگەرانم ئەکات . چۆن دەکرێت هەست بەڕەسەنایەتی بروست وبروخ بکەین گەربێتو ئیشکالیەتی ڕۆمانی هاوچەرخ لەبەرچاو نەگرین , کە ئەم ئیشکالیەتە دواجارلەسەرویی ناسیۆنالیزمەوەیە .ئەمڕۆ گەر خوێندکارێك بیەوێت لێکۆڵینەوەیەك لەسەر (( غۆمبرۆفتش )) بنوسێت مامۆستاکانی ناچاری ئەکەن یەکەم جار دەبێت زمانی پۆڵەندی بزانێت . وەهەر بەهۆی ئەم دەنگۆنەتەوەییەوە یە ئەبینین بەگۆشەگیریەکی لادێیانەی بەجیهانی کراوەوە حوکم ئەدەن بەسەر هەمو ئەو لێکۆڵینەوانەی لەسەر غۆمبرۆفتش ئەکرێت , بەتایبەتی ئەوانەی دورن لەپۆڵەنداوە .ئایابەرزکردنەوەی مەرجی لێکۆڵینەوەی نوسەران بەزمانە ڕەسەنەکەی خۆیان بەس بۆبینینی وردبینیەکی زانستیانەی زیادەڕۆیە , ئایا هەر کەسێك زمانی دانیمارکی نەزانێت مافی ئەوەی نیە کیرکگاردبخوێنیتەوەو گفتوگۆی لەسەر بکات ؟

لەوانەیە لێرەدا بێهودە نەبێت چەند پرسیارێکی لەم جۆرە بکەین :- ئایا کاری ئەدەبی قابیلی گواستنەوەیە بەبێ کەم وکوڕی ؟ ئایا لەتوانادا هەیەکۆششی ستاتیکی نوسەرێك بگوێزرێتەوە و وەربگێڕرێت ؟ ئەمەیە





ئەو پرسیارە گرنگەی تایبەتە بەوەرگێڕان .گەربێتو وەرگێڕانی پاك و ڕاستگۆمان نەبوایە چۆن ئێستا ئەدەبێکی گشتیمان ئەبوو .

هەمو جارێك دەوترێت وەرگێران وەك ئاوێنەیەك وایە یان ئەوەتا شتەکان وەك خۆی نیشان ئەداتەوە یان ئەوەتا جوانتر لەخۆی , من هیچ بۆچونێك نابینم لەمە گەمژەتر بێت !هیچ وەرگێڕانێك جوان نیە تائەو کاتەی پاك وڕاستگۆنەبێت , دەکرێت کەسێك بلێت ئەمە نابێت ومەحاڵە ,چونکە هەمووشەیەك لەزمانێکی دیاریکراودا بەرامبەرێکی هاوواتای نیە لەزمانێکی تردا کەکوت ومت وەك خۆی وابێت .بێگومان ئەمە ڕاستە , بۆنمونە وشەی sehnsucht کەوشەیەکی بەناوبانگی ناوشیعری ئەڵمانیە نەبەواتای نوستالیژیا دێت ونەبەواتای یادکردنەوە .هەربۆیە پێویستە لەسەر وەرگێڕکەبەهەر ڕێگایەك بێت بگەڕێت بۆگونجاوترین وشەیەك کەهەمان مانا ببەخشێت لەزمانی فەرەنسی... یان هەر زمانێکی تردا . بابپرسین ئەم ڕێگا گونجاوە کامەیە ؟ ئایا لەنیشان دانی مانادایە ؟ یان لە لەگوزارشکردن بەوەسفێکی زیاترەوە ؟یان بەکارهێنانی وشەیەکی تازە کەپێشتر بەکارنەهێنراوە ؟ دیارە پاکی وڕاستگۆیی وەرگێڕهەرگیز بەشێوەیەکی ئالی دروست نابێت , ئەمە پێویستی بەتوانای دۆزینەوەو هەستێکی داهێنەرانە هەیە ,چونکە ئەم پاکی وڕاستگۆییە گرانترین هونەرە .هەربۆیە هێزی نوسەر لەخەیاڵگەکەیدا نیە بەتەنها ئەوەندەی کە لە توانانیدایە بۆداهێنانی بەهێزترین زمان و وشە لەڕوی دەلالەتیەوە . هەرلەم سۆنگەوە دەڵێین وەرگێڕانی بروست ئاسانترو بێگرفت تر نیە لەوەرگێڕانی دیکارت . ئینگلیزی وئەمریکیەکان ڕۆمانە بەناوبانگەکەیان



www.pertwk.com

PDF4Kurd

ناسی بەناوی (( یادی شتەكانی ڕابردوو )) rememrance of things past وەئەمەش ئاماژەیەبۆ سی هەمین سوناتای شكسپیر , مەحاڵە ناوێك هەڵبژێرین لەمە جوانترو ئەزمونكراوتر بێت لەهەمانكاتدا ,بۆیە ئەو ناوەی بروست هەڵی بژاردوە تەعریفێكی زۆر وردبینانەیە بۆ ڕەوشێكی مرۆیی تایبەت , وشەكانی ناوەكەیش بەهیچ جۆرێك قابیلی ئاڵو گۆڕنیە . بەم جۆرە بۆم دەركەوت وەرگێڕانە ئەڵمانیەكەی كتابەكەی ڤیفان دینون ((V.denon )) ڕەوشی سەبەینێ point deludemian بووە بە (( شەوێكی ترە بەردەوام )) nureine nacnt ئەم ئاسایی بونە سۆزداریە ساویلكەی كەهەموو هونەر كاریەكانی ناوی فەرەنسی تیا پەرش بڵاو بووە تاڕادەیەك ڕوكارێكی تراژیدی بەدەست هێناوە , لێرە بەدواوە وەك گریمانێكی هیدۆنی لێهاتووە .

ڕۆمانەكەیبرۆخ بەناوی (( بێگوناهان )) ((unschuldigen )) كەكرا بەفەرەنسی ناوەكەی بوبە (( نابەرپرسەكان )) ((Irresponsables )) . ئەو پارادۆكسە فراوانەی لەڕۆمانەكەی برۆخدایە قسە لەگوناهباركردنی بێگوناهەكان ئەكات , كەچی ناولێنانە فەرەنسیەكە ی نەیهێشتۆ تەوە . بەم جۆرە دەبینین هەر لەیەكەم عیبارەتەوە كەناوەكەیە مەغزای كتابەكە لەباربرا .

جارێكیان كتابێكم دەست كەوت كەساڵی 1989 دەرچووبو .ئەم كتابە بەشێوەیەكی جادوگەرانە سەرنجی ڕاكێشام ,كتابەكە وەرگێڕانێكی پوختەی كارەكانی فرۆیدبوو لەگەڵ پاشكۆیەكدا بەناوی (( كەفرۆید وەردەگێڕرێت )) . وەرگێڕەكان ئەوەیان ڕونكردبوەوە كەكارەكەیان پشتی بەچی بەستووە ,





ئاگایشیان لەو هۆكارانە هەیە وای لێ كردون ئەو زاراوانە هەڵبژێرن بۆوەرگێڕان لەفەرهەنگەكەیانا نەك هی تر ,,بەم جۆرە فەرهەنگێكمان پێشكەش ئەكەن بەناوی (( فەرهەنگی بیرۆكەكان raisonne Dictionnaire )) كەپێكهاتووە لە شەست وشە , ئەمەش وەك دەروازەیەكە بۆفرۆید و تایبەتە بەشیكاری دەلالەتی وشەكان بەزمانی ئەڵمانی . هەروەها لەوەرگێڕانەكانی پێشتری وشەكان كۆڵیبونەوەو ئەو هۆكارانەیش كەوای كردووە ئەم وشانە هەڵبژێرن بۆوەرگێڕان , من ئەو كات بەخۆمم وت : ئەم نمونەی هەوڵ وماندوبونی جدیە , پێویستە نەك هەر لەگەڵ كارەزانستیە بەنرخەكان بەڵكو لەگەڵ ڕۆمانە مەزنەكانیشدا بخرێتە گەڕ. زۆرجار من نەفرەت لەو وەرگێڕانە خراپانە ئەكەم كەهەستكردن بەبەرپرسیاری تیا ڕەچاو نەكراوە , مەرجنیە ئەم وەرگێڕانە خراپانەیش هەمو جارێك وەرگێڕەكان لێی بەرپرسبن .

جارێكیان پیربلانشۆ P. blanchaud نوسیبوی (( هەندێك جار نوسەرەبیانیەكان خۆشكرد ن و جوانكردنی ئەوەی لەسەر دەقەكانیان ئەوترێت , یان خۆش كردنی مەغزای دەقەكانیان لەئەنجامدا ئەسەپێننە سەر وەرگێڕە فەرەنسیەكانیانا . پێویستە ئەو نوسەرانە بزانن ئەم خۆشكردنە بەرهەمی هەوڵی وەرگێڕەكان نیە , لەزۆربەی حاڵەتاكاندا بلاۆكەرەوە كان درێژە بەم كارە ئەدەن !)) بەم وشانە بلانشۆ واقعێكمان بۆئەگێڕێتەوە كەزۆر ئاساییە , زیاترە لەوەی ئەگەرێكی دوربێت و هەر تەنها پەیوەندی بەوەرگێڕانی (( ڤۆن كلایست von klaist ەوە هەبێت (( ئەوەبوو كە بلاۆكەرەوە كە ڕای گەیاند ئەیەوێت دەستكاریەكی ئەو دەقە



www.pertwk.com

PDF4Kurd

بکات کە زۆر جوانو ئاسان دانرابو , بەلاَم ئەو وەرگێڕەی کەبەپاکی و ڕاستگۆییەوە دەقە ئالۆزو سەختەکەی وەرگێڕابوو ڕازی نەبوو بەدەستکاری کردنی .دیارە لەکاتی ئەم پرۆسەی ڕوبەڕو بونەوەدا ئەوەی لەپەیوەندی نێوان بلاَوکەرەوەو وەرگێڕدا ئەبینرێت ئەوەیە کەوەرگێڕەکە لایەنی لاوازە )) , ئەوەبوو چاپێکی تازەی ڤۆن کلایست دەرچوو , بەلاَم ئەنجامی کاری کەسێکی تر بوو , وەئەم جارەیان هەلَگری قەدەرو قورساییەکی تربوو کەبەرەو نائومێدی ئەبرد , بلانشۆ مەسەلەکەمان نیشان ئەدات بەپشت بەستنی بەچەند دەقێکی وەرگێڕراو دواجار حالَەتە کە کورت ئەکاتەوە بۆئەوەی کە ئەلَێت (( بەجەخت کردنەوە لەسەر زۆربلاَوبونەوەی دیاردەکە لەجیهاندا )) کاتێك وەرگێڕێك دەقەکەی خۆی ئەنێرێت بۆبلاَوکردنەوە یەکسەر بلاَوکەرەوەکە پێی ئەلَێت دەقەکەی تۆ پێویستی بەوردبینی هەیەو زۆرخالَی ناشارەزایشی تیایە ,بەمەش ئەیانەوێت بەهەر جۆرێك بێت شتێك بەو نوسەارنە بلَێن کەکارەکانیان وەرئەگێڕرێت .گەرهاتو ڕستە کانیان درێژبوو کورت ئەکرێتەوە , یان گەر کورت بوو درێژئەکرێتەوە ,ئیتر بەم جۆرە دەست ئەکەن بەبەکار هێنانێکی زۆری (( ئامرازی پەیوەندی )) و لەئەو شوێنە تایبەتانەی نێو دەقەکەیشدا دوبارە بونەوە پێویستە وەك بەشێك لەستاتیکای دەق ئەوان فەرامۆشی ئەکەن .

ئێستاکە بابپرسین ئایا مافی سانسۆرو بلاَوکەرەوەکانە سەرلەنوێ دەقەکە داڕێژنەوە ؟ ئەمە کۆکەرەوەیەکی گشتیە بۆهەمووشتێك , نە لەسەر بناغەی دەستنیشانکردن و نە لەسەر شێوزای هەلَزنین بە بەرزاییەکاندا ,بەلَکو ئەمە نوسینێکە کەبۆسۆپەر مارکێتەکان بشێت ,چونکە





بلاَوکەروەکان بڕوایان وایە سۆپەرمارکێتەکان تەنها شوێنە زۆرترین کتێبی تیا ئەفرۆشرێت .

دەقەکەی بلانشۆ گرنگیەکی زۆری هەیە ,بەلَکو بانگەشەیەکە لەپێناو بەرگری کردن لەوەرگێڕان وەك هونەری ڕاستگۆیی , ئەم هونەرە گرنگی خۆی لەدەست ئەدات گەر دوور بخرێەوە لەو بۆچونەی غیتە دەربارەی ئەدەب بەگشتی هەیەتی ,ئەوەی کارێکی وای کرد دانیشتوانی ئایسلەنداو فەرەنساوەك یەك لەبروست تێبگەن .

⋆⋆⋆ ئەم وتارە لەژمارە 6 لۆمۆندی سالَی 1995 بلاَوکراوەتەوە / عدنان موبارەك کردویەتیە عەرەبی ولەم سایتەدا بلاَوکراوەتەوە .www.iraqstory.com
بەزمانی کوردیش لەژمارە 19 ی گۆڤاری نمادا بلاَوکراوەتەوە .





PDF4Kurd

## گەڕانەوە بۆپرسیارەکەی ڕۆلان بارت

## مێژوو یان ئەدەب؟

مێژووی ئەدەب – ئایا شتێکی وا دەکرێت هەبێت ...؟

**ماریا یانیۆن** *





بەدڵنیاییەوە ئەمە یەکێکە لەپرسیارە زۆرسەختەکان . ماوەیەکی دورو درێژە مێژووی ئەدەب ئەو ڕۆشنی و بڕواپێکراوییەی خۆی لەدەستداوە کە وا لەلایەن بیانوگەراکانی سەردەمی زێڕینیەوە پێی بەخشرابوو .بۆنمونە ماملۆستای ڕەخنەی بونیادگەری ڕۆلان بارت بڕوای وابوو ئەم مێژووە کارێکی گونجاوە بەلاَم بەشێوەیەکی تایبەتی و ( لەدەرەوەی کارە ئەدەبیەکان ) , یان ئەوکاتەی تایبەت ئەبێت بۆئەو شتەی کە بە ( دەزگای ئەدەب ) ناوئەبرێت , ئەوکاتە ( مێژوویەکە نەك هەر بۆئەدەب بەڵکو بۆئەرکەکانی ) . بەدەربڕینێکی تر ئەم مێژووە کارێکی گونجاوە لای بارت تەنها لەیەك حاڵەتدا: ئەوکاتەی ئەبێتە سۆسیۆلۆجیای ئەدەب . جگە لەمە ئەوا دەبێتە ڕیشاڵێك بۆڕەخنەی ئەدەبی , بەپێی ئەو بۆچونانەی قوتابخانەکانی ڕەخنەی نوێ بلاَوی کردەوە , ئەو کاتەی ڕوبەڕوبونەوەیەکیان لەنێوان مێژووی ئەدەب و ڕەخنەی ئەدبی دروست کرد .

ئەوەی کەبارت وەکو مەسەلەیەکی زۆر بڕواپێکراو خستیەڕوو بەلای خەڵکانی ترەوە بەو جۆرە بڕوا پێکراو نەبوو .. لەناونیشانی دەقەبەناوبانگەکەیدا ( مێژوو یان ئەدەب ) ساڵی 1960 دەیویست خیارێکی لەم جۆرەمان بخاتە پێشچاو : یان مێژوو یان ئەدەب . بێگومان دەکرێت لەنێوان هەردوکیاندا گونجانێك دروست بکەین بەلاَم بەشێوەیەکی دابڕ و لەگەڵ سنور بەندیەکی توند . پرسیارێکی لەم جۆرە ئەوەدەرئەخات قەیرانێك هەیە لەمێژووی تەقلیدی ئەدەبدا , لەلایەکی تریشەوە هەرئەم پرسیارە ڕێگەی دەرچون لەقەیرانەکەمان بۆخۆش ئەکات . لەکاتی ئەو جەنگانەی لەگەڵ بونیادگەرەکاندا ئەکرا زۆرجار ئەو وتەزای مارکسیان



www.pertwk.com

PDF4Kurd

ئەوتـەوە ( ئێمـە هـەر یـەك زانسـت ئەناسـین ئـەویش زانسـتی مێـژووە ) . قەیرانی مێژووی ئەدەب لەقەیرانێکی گەورەترەوە سەرچاوەی گرتـووە کـە ئـەویش لەڕاسـتیدا دووقەیرانـە , یـەکێکیان تایبەتـە بەچـەمکی (ئـەدەب ) ,ئەوی تریشیان چەمکی ( مێـژوو ) , یـاخود هـەردوو ڕەگـەزە بنەڕەتیەکـەی ئەم لقەی مەعریفە , قـەیرانی ( چـەمکی تەقلیـدی ئـەدەب ) قـەیرانی ئـەو ئەدەبەیـە کـەوەها لەئـەدەب ئـەگات , کۆمـەڵێك بەرهەمـە لەبـەرزترین بەرهەمەڕۆحیەکانی مرۆڤ و وەك گەنجینـەیکی بـەهاپیرۆزەکان کـە لەلایـەن کاهینـە شـیکارەکانەوە کـاری لەسـەرئەکرێت و بـەرز ڕائـەگیرێت . هـەر لەچوارچێوەی ئەم جۆرە هەڵسوکەوتکردنە لەگەڵ ئەدەبداچەمکی کولتـور ( ڕۆشـنبیری ) لـەدایك بـوو لەوەرچـەرخانی هـەردوو سـەدەی هەژدەهـەم و نۆزدەهەمدا و لە دەورو بەری ستاتیکای ئایدیالیستی ئەڵمانیادا کـە هاوشـان بـە زانسـتە مرۆییـەکانی ئـەڵمانیا وەکـو زانسـتی ڕۆح چـەمکی وەهـم و داهێنانیـان بەکارئـەهێنا . ئـەم جـۆرە بۆچـونانە توشـی دەسـتکاریکردن و پیاچـونەوەی بنـەڕەتی بـون لـەئاکامی دیمـوکراتیزەکردنی کۆمـەڵگاکان و دروستبونی ئەو ناوەنـدە زۆرگـەورە کولتوریانـەی کەهەڵئەسان ئەفرانـدن و بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری کۆمەڵەیی ( الجماعیە ) . هەربۆیە ئەم گۆڕانکاریە وەك ئـەنجامی ئـەو گومانەگشـتیە بـوو لـەو دابەشـکردنەی کەئـەوکات بۆڕۆشـنبیری هـەبوو , چـونکە ئـەو کـات ڕۆشـنبیریان دابـەش ئـەکرد بۆڕۆشـنبیریەکی ( بـالا ) و ڕۆشـنبیریەکی ( نـزم ) . بـەلام بـەهۆی ئـەنترۆپۆلۆجیای کولتوریـەوە , بەتایبـەتی بەشـەئەمریکاییەکەی , زانسـتی مرۆڤایـەتی هاوچـەرخ هەسـتا بـەجارێکی تـر هەڵسـەنگاندنەوەی چـەمکی





تەقلیدی کولتور . ئەوەبوو تەعریفێکی نوێیان پێشکەش کرد کەپێی وابـوو کولتـور کۆسیسـتەمێکە بۆڕەوشـی ڕفتـاری مـرۆڤ لەکۆمـەڵگاداو هـەروەها ئەنجامەکانیشی . ئەوەی کەتازە بێت لـەم بۆچـونەدا ڕێگـە نەدانـە بـەکورت کردنەوەی کولتور بۆئەو بەرهەمانەی کەبەبەها ڕۆحیە بالآکان ناوئەبرێت , ئەمـەش بەهـەڵاوێردی ئـەو کەرتانـەی کەئـەمرۆ بەڕۆشـنبیری کۆمەڵـەیی ناوئـەبرێن ,وەك وێنـەگیراوەکان و چـیرۆکە خۆشەویسـتیە زۆربـاوو بێنرخەکان و ئەو ڕۆمانانەی کە بە بەش لەڕۆژنامەکاندا بڵاو ئەکرێنـەوە و زنجیرە دراما تەلەفزیۆنیەکان و ...هتد . بەم جۆرە تاڕادەیەکی دیار چەمکی ئـەدەب گـۆڕا و فـراوان بـوەوە , ئـەم ( ڕۆشـنبیریە جەماوەریـە ) ئێسـتا بەشـێکی هاوشـانی ئـەو ئەدەبەیـە , ئـەو مەسـەلەی کـەوا ماوەیـەکی زۆر سوریالیەکان داوایان ئەکرد . بەم جـۆرە بـوو سـنوری مەملەکـەتیان شـکاندو پاڵەوانـە نوێکـانی وەك تـەڕەزان و فانتومـاس و دکتۆرمابوسـەو خـەڵکانی تـریش هاتنـە ژورەوە . کەسایەتی تـەرەزان کـەبۆرۆز دایهێنـا بەنوسـینی 26 ڕۆمان کە کۆی نوسخەکانی گەیشتە نـەوەت ملیـۆن , و 24 فلمـی سینەمایی و, 57 فلمی تـری تەلـەفزیۆنی و زیـاتر لـە500بەرنامـەی ڕادیـۆیی و زیـاتر لە12000 وێنەی فۆتۆگراف . تیۆری ڕۆشـنبیری هاوچـەرخ ناتوانێـت ئـەم ڕاسـتیانە فەرامۆشـبکات . دیـاردەی پاڵەوانـە ڕۆشـنبیریە زۆرباوەکـان ئـەو پرەنسیپەی بەتـەواوی جێڵـەقکرد کەبـە چونیەکبونی تەفسیری ناوئـەبراو وەك پێویسـتیەك دائـەنرا لای خوێنـەرانی ( ئـەدەبی مـەزن ) , دەرکـەوت هاوشـێوەی ئـەم چونیەکبونە زۆرپێویسـت نیـە . جیرارجینیـت کەیەکێکـە لەدیارترین ڕەخنە گرەبونیادگەرەکان لەکتێبەکەیدا ( کەسایەتیەکان ) ساڵی



www.pertwk.com

PDF4Kurd

1966 نوسیبوی, ئەڵێت : ( فانتمۆس و پیاوە ڕیش ماش وبرنجیەکە بەو جۆرە تایبەتیە قسەمان بۆناکەن کەوا هاملیٌت و سوان موخاتەبەمان ئەکەن , بەلاٌم دواجار ئەوانیش زۆرشتمان فێرەئەکەن ) . هۆکاری یەکەم لێرەدا ئەوەیە کەئەوان دووکەسایەتی ئەفسانەین . تەرەزان کە ( بەهێزە وەك هرقل و ئەناڵێنێت وەك یۆلسیس و سوارچاکە وەکو لانسیلۆت , ئەمە دەمامکێکی تازەیە کەوا خراوەتە ڕوی یەکەم نموزەجی کۆن , ئەمە ژیانەوەو دەمامك پۆشیەکە لەدارستانەکانی ناوچەی هێڵی یەکسانی بۆچەند پاڵەوانێك کەوا پێش ئەوان هەبوون ) .

ئێستا ئاسۆکانی بینینی ئەدەب گۆڕاوە بەهۆی دروست بونی واقعێکی نوێوە کەوا ئەم ئەدەبە وەك کۆمەڵەکارێکیناوداری پیرۆز خۆی دەرناخات , بەڵکو وەکو مەملەکەتێکی هاوبەش بۆئۆلسیسەکان و تەرەزانەکان دەرئەکەوێت. لێرەداچەند فاکتەرێکی تر هەیە بۆ گۆڕینی بیروڕای ئەدەبی , هەر ئەو فاکتەرانەیش بو بە هۆی گۆڕینی شێوازەکانی نوسین , ئەوەی کەوا تاڕادەیەکی زۆرلێی تێئەگەین گەر هاتو هەستمان کرد بە هێزی پشت بەخۆ بەستنی ئاڵوگۆڕپێکراو و خاڵی دەستپێکردنی هاوسەنگ بۆهەر یەك لە زانستە مرۆڤایەتیەکان و ڕەوشی هونەر .گۆڤاری پێشەنگ (تل کیل ) ی فەرەنسی کەوا ڕۆڵێکی گرنگی گێڕا لە بێدار کردنەوەی ڕۆمانی نوێدا بیروباوەڕێکی یەکلاکەرەوەی داڕشت , کاتێك پێی وابوو :{ لەهەموحاڵەتێکدا (مێژوی ئەدەب ) وەك پرۆسەیەك دەمێنێتەوە کەچاوەڕێی جێبەجێکردنە : ئەوەی لەژێرئەم ناونیشانەدا پێشکەشمان ئەکرێت ئەوەیە , کە پێویستە زۆربەڕۆشنی بلێین , سەرچاوەیەکە بۆ وەهم و تراویلکە , دوکانێکە بۆفرۆشتنی ئەو شتە کۆنانەی کەبەپێی سەدەکان پۆلێن کراون , ئەمە مۆنتاژێکی ئەمبیری و شریتێکی هەواڵیە } . دیارە ئەمە هەڵوێستێکی دژبەپرەنسیپی بیانوگەرایی مێژوییە کە ئەیەوێت ڕابردوو هەڵگەڕێنێتەوە , گۆڤاری پێشەنگ پێی وابوو ئەمە پرەنسیپێکە لەسەر وەهم بنیادنراوە و ئێمە هیچی تری تیا نابینین جگە لەئاژاوەی وشە فڕێدراوەکان بە شێوەیەکی نائورگانی و دەربارەی چەندبابەتێکی پەرتەوازە کەهیچ کۆبەند و نزیکایەتیەك نیە لەنێوانیاندا .

هەمو جۆرە پێشەنگە هاوچەرخەکانی ئەمڕۆ ( مەبەست ئەو گۆڤارانەیە کەهاوشێوەی پێشەنگی ناوبراون . و .کوردی ) خۆیان بەدورئەگرن لەوەی کەبەلۆژیکی بیانوگەرایی مێژوویی ناوئەبرێت ,بەهەمان شێوە ئەو میتۆدە جەبریەیش کە لەشیکردنەوەی بونیادنراو لەسەر هۆکارگەرایی ( السببیە ) دروست بووە , بەتایبەتی لەشیکردنەوەی میکانیزمە جیاوازەکانی ئەفراندن . لەکاتێکدا بەڵگەکانی مارسیل بروس ئەخوێنینەوە لەدژی سان- بیف شێوەزمانێکی نزیك لەشێوە زمانی پێشەنگیەکان ئەبینینەوە لای ئەویش . لێرەدا هیچ پێویستمان بەوە نیە کەجەخت لەو ڕاستیە بکەینەوە کە وا جورج بولیت بروستی بە ئەفرێنەری ڕاستەقینەی ئەو ڕێبازە ناوبرد کەبەرەخنەی سیماتیکی ناوئەبرێت . لێرەدا مەبەست ئەوەیە کە برۆست گومانی لەگرنگی ( منی دەرەکی ) یان ( منی ئیمبیری ) کرد بۆنوسەر لەپێناو تێگەیشتن لەئەزمونی ڕاستەقینەو ئیلهام و کارەکانی نوسەر. بروست ئاماژەی بۆئەوە کرد کە سان – بیف بەتەواوی هەستی بەوە نەکرد کەوا کامیان گرنگترن , ئەمەش لەو ڕاستیەوە سەرچاوەئەگرێت کە ( نوسەر





www.pertwk.com
PDF4Kurd

بەرهەمی " من " یکی تره جیاواز لەومنەی کە ڕاهاتوین هەموجارێك بیدۆزینەوە , لەنێو کۆمەڵگادا و لەنێو کەم و کوڕیەکانماندا . ئەو منە بریتیە لە ( منێکی قوڵ ) .

بەم جۆرە برۆست هەر ئەوەنەبو کەگورزێکی توند لەنەزعەی بیانوگەرایی بدات لەنوسینی مێژوی ژیاننامەدا , بەڵکو ئەو لە تەواوی میتۆدی ڕونخوازی دا , ئەومیتۆدەی‌کەوای دائەنا شتەدیارو بەرچاوەکان جەوهەرن و ئەو ئاژاوەیش کەئەیوت : هەموئەوانەی دەرەکین ئەوانە سیستەمی ناوەکی شتەکانن . ئیترئەوەبوو ژیاننامەی دانەر کە پێکهاتبو لەچیرۆکی سەرەڕۆییەکان و حاڵەتە ناوێزەکان و ...هتد دانرا , بەبێ زانیاری ئەوەی کەژیانی ڕاستەقینەی نوسەرلە چەندبابەتێکی تردایە . هەر بۆیە ئەم میتۆدە سەرکەوتوو نەبو لەشیکردنەوەو تێگەیشتنی هیچ شتێکدا . لێرەوە ئیتر ( ڕەخنەی نوێ ) بەتوندی دژی ڕێبازەکانی ڕەخنەی کۆن وەستایەوە دوای ئەوەی کە لەبروستدا کۆمەڵە شتێکی جوانیان دۆزیەوە . لەڕاستیدا مرۆڤ پێویستی بەوەنیە پێشەنگێکی کارامە یان تازەگەربێت بۆئەوەی خاڵەلاوازەکانی قوتابخانە کۆنەکانی سەدەی نۆزدە و ئەو قوتابخانانەی تر کەدرێژکراوەی ئەو بون بۆدەرکەوێت .

وەرچەخانەکە ڕویدا , ئەوەبوو ( بیرو باوەڕەکۆنەکانی بابەتگەرایی مێژوویی ) ڕەتکرایەوە ,ئەوەی کەوا هەڵسوکەوتی لەگەڵ ڕوداوەئەدەبیەکان ئەکرد وەك تەنها مێژوویەکی گونجاو بۆئەدەب . بەلاّم ئەم شێوازەی ( ڕەخنەی نوێ ) وەك بونەوەرێك تەماشای ئەدەب ئەکات , بۆنمونە , بەشێوەیەکی جیاواز لەڕوداوێکی سیاسی , ئەمەش بەهۆی خوێنەرەکانیەوە ,





زۆربەی لێکۆڵیارەهاوچەرخەکانی ئەدەب ئەنجامگیری دورمەدایان کرد لەبواری مێژووگەرایی لە لێکۆڵینەوەی ئەدەبیدا , یان ئەم ( مێژووە تایبەتە ) کەوا مێژوی ئەدەبە . لەڕاستیدا مێژوگەرای کۆتایی نەهات , نەبەشێوە بیانوگەرایەکەی و نەبەوشێوەیش کە ناکۆکەبە بیانوگەرایی ,ئەمە قەیرانەکەیە . یەکەم ئیدانە کرا بەهۆی ئاسۆ تەسکی و جەبریەت و سنورداریەکانی , دووەمیان بەهۆکارێکی تەواو ناکۆك بەمە : سنوری ڕامان موتڵەقەو شێوازەکانی سەرنج وەرگرتنیش وەك بەڵگە نەویستە زانستیەکان دائەنرێت .

دەرکەوت ڕۆلان بارت لەسەرهەقە ئەوکاتەی ئاماژەی بۆئەوەئەکرد کەکێشەی گرێدانی مێژوو بەئەدەبەوە ئەکرێت وادابنرێت چارەسەرکراوە , بەلاّم تەنها لەیەك حاڵەتدا ئەویش ( ئەوکاتەی لەسەر میتۆدێکی وەك میتۆدەکانی هیگڵ و تین و مارکس دەچەسپێنرێت ) , دیارە شێوەی ئەم سیستەمانە مێژووییە ,بەلاّم لەچوارچێوەی بەردەوامی خۆیدا چەندحاڵەتێکی وەرگەڕانی تایبەتیان لێوەدەرئەکەوێت , باتەنها یەکێك لەوحاڵەتانە بهێنینەوە : شیکردنەوەکانی ئالتۆسێربۆمارکسیزم کەبەتەواوی دائەبرێت لەمێژوو گەرایی . لێرەدا دیسان ناکۆکیەکی تر هەیە کەلەنێوان لیڤی شتراوس و سارتەردا ڕویدا کەوا قەناعەت پێهێنانی یەکەمیان ئەوەی ڕەتنەکردەوە کەمێژوو بونیادێکی میتۆلۆژی ئاسایی هەیە , بەڵکو بۆئەوەی ئیمانی بەسروشتی بۆماوەیی سیسیتەمی هەواڵی ( کرۆنیکلی ) لەدەست بدات .



www.pertwk.com

PDF4Kurd

بەگشتی چەند ئەفسانەیەکمان هەبو بۆمێژوگەرایی کەوا ڕەتکرایەوەو درایە دواوە , لەپێشی هەموویانەوە ( ئەفسانەی ڕەسەن ) کەوا مارك بلوش بە ( فیتیشی ڕەسەن ) و ( هاجسی ڕەسەن ) ناوی ئەبرد . هەروەها ئەو بۆچونە ڕۆژهەلاتیەکۆنەی خستەوە بەردەم گروپی مێژووناسان کەپێی وایە ( خەلکی زیاتر لەسەردەمەکەی خۆیان ئەچن نەك بە باب و باپیرانیان ) .
لەم جۆرە ڕەوشەدا نابێت ئەو هەوڵە فرەلایەنەمان پێ سەیربێت کەبۆ سەرلەنوێ بنیاتنانەوەی مێژوی ئەدەب ئەدرێت . هەندێك لەم هەولانە کۆنە , بەلام هەندێکی تریان تازەیەو هەردوولایەن لەو گریمانەوە دێن کەمێژووی ئەدەب توانای ئەوەی هەیە وەلامی پێداویستیە مەعریفیە هاوچەرخەکان بداتەوە , مادام لەتوانادادا هەیە بەرگری لەبیرۆکەی ( مێژوو ) بکەین ئەوا دەکرێت بلێین مێژووگەرایی هەلۆێستێکە توانای ئەوەی هەیە خۆی ڕابگرێت لەبەرامبەر هەمووئەو هەوڵانەی کەئەیەوێت گومان لەدروستی بکات . هەر بۆیەئاماژە مارکسیەکان و بیروباوەڕەکانیان دەربارەی مێژووگەرایی و کۆمەڵناسی مەعریفە لەزۆرشوێندا بەڕۆشنی دیارە .
باوترین و فراوانترین شێوزای مێژوو لەنێو ڕێبازەمێژوویەکانی تردا ئەو مێژووەیە کەوا زیاتر کارلەسەر دانەرەکان ئەکات ,وەك چۆن بارت بەشێوە زمانەهێرشکەرەکەی ئەڵێت ( ئەوە مێژووی ئەدەب نیە , بەڵکو مێژووی ئەدیبەکانە ). چونکە ئەو پێی وایە گەیشتن بەوانە لەڕێگەی مێژووەوە نابێت و زیاتر دەرونزانی پێویستە , لێرەدا بارت زۆربەباشی ڕەوتی بەهێزی ( سایکۆلۆجیای مێژووگەرایی ) هەڵناسەنگێنێت . مێژووی ئەدەبی کەسێنراو ( الشخصانی ) کەوا ڕۆمانتیکەکان پشتیان پێ بەستبو ,





یان مێژووی ئەدەب وەك مێژووی دانەران , هەتاوەکو ئەمڕۆیش ئەم جۆرە دارشتنە مۆنۆگرافیە ( یان ژیاننامەو کارەکانیئەدیب ) بەکارئەهێنێت . ڕۆمانتیکیەت وەها هەڵسوکەوتی لەگەڵ ئەدەبدا ئەکرد کەوا دەربڕینێکی تاکە لەخودی خۆی و لەوێشەوە لە کۆمەڵەکەی و دواجاریش چین و توێژە کۆمەلایەتیەکەی . ئەم جۆرە نزیکایەتیە لەئاماژەکانی ئیستاتیکای ڕۆمانتیکیەت ئەمانباتە سەرئەو بۆچونەی کەوا مێژووی ئەدەب ئەیەوێت کورت ببێتەوە لەسەرگەڕان بەدوای سەرچاوەکانی کاریگەریی و ئاماژەکان لەئەفراندنی ئەدەبیدا , یان ئەم مێژووە هەر خەریکی سایکۆلۆجیای ئەفراندن ئەبێت , هەندێك جار پەنائەبات بۆ کۆمەڵناسی ئەفراندن , بەلام لەهەمو حاڵەتێکدا مێژویەکی بینراو و هەستپێکراوە لەلایەن دانەرەوە .
لێرەدا دیسان ناکۆکیەك هەیە لەنێوان دوو تێگەیشتندا بۆدانەر : ( دانەری وەزیفی ) و ئەوی تریان ( دانەری جەوهەری ) , یەکەمیان پەنائەبات بۆکۆمەڵناسی ئەدەبێك کەوا خاوەنی نەزعەی بونیادگەریەو هەمووسەرنجەکانی لەسەریەك ڕۆڵ بۆنوسەر چڕئەکاتەوە بەبێ بەرینکردنەوەی هەمووڕۆڵەکۆمەلایەتیەکانی تری , بەلام تێگەیشتنەکەی تریان کەوا ڕەگی لەریشەیەکی ڕۆمانتیکیەوە وەرگرتووە دەربارەی کەسایەتی و شاعیر , ئەوەتا ئەمڕۆ ئەیانبینین کەئەیەوێت فراوان بێتەوە بۆئەوەی کە بەرەخنەی سیماتیکی ناوئەبرێت , بەجۆرێك ئەیەوێت بچێتە ناو ئەزمونی ژیانی نوسەرەوە .
شێوازی مێژووی ئەدەب وەك مێژووی دانەر خراوەتە بەردەم پێداچونەوەیەکی ڕادیکالانە بەناونیشانی ( مێژووی ئەدەب لەپێگەی



www.pertwk.com

PDF4Kurd

خوێنەرەکانیەوە ) , یان ئەمە مێژووی دیالۆکی نێوان خوێنەرانی کارە ئەدەبیەکانە , لێرەدا گوێگر , نەك قسەکەر هەڵئەسێت بەیەکلایکردنەوە و بکەری سەرەکیش ئیستاتیکای ئیلهام نیە , بەڵکو ئەوی تری وەرگرە بۆ وەرگرتن و کاریگەربون . لێرەداکاری ئەدەبی وەك بانگەوازێکی لێدێت کەوا خوێنەر بەشداری لەداهێنانیائەکات , سارتەر لەوتارەکەیدا ( کامەیە ئەدەب ؟ ) ئاماژە بۆ ئەوەئەکات ( نوسەر بەکارەکەی بانگەشەبۆئازادی خوێنەرەکەی ئەکات بۆئەوەی پێکەوە و بەهاریکاری کارەکە دابهێنن ) . ئەوەبوو بەدوو جۆر بیرلە( مێژووی خوێنەران ) کرایەوە : جارێکیان وەك ئەوەی کەسۆسیۆلۆجیایەکی مێژوییە بۆ جەماوەری ئەدەب و مێژویەکیشە بۆئەو خوێنەرەی کە لەسەر ئەدەب تۆمارکرا .بەم جۆرە لەجێگەی بیۆگرافیای نوسەر ئێستا سۆسیۆلۆجیای خوێنەرانمان هەیە , لەجێگەی مێژووی دروستبونی کارەئەدەبیەکان ئێستا مێژوی خوێندنەوەو کاریگەری دانانمان لەسەر ئەو ( خوێنەرە ناوخۆییە ) هەیە .

کێشەی فرەڕێگایی مێژووی ئەدەب دەکرێت لەلایەنێکی تریەوەو لەبەشێکی تریەوە و لە گۆشەی بینێنێکی ترەوە قسەی لەسەربکەین , هەرچەندە تاڕادەیەك تایبەتە بەدابەشکردن بۆ ( دانەر ) و ( خوێنەران ) . بۆنمونە جۆرێك لەکارکردن هەیە لەگەڵ مێژوی ئەدەبدا وەك مێژووی کارە گەورەکان , ئەمەش مانای وایە مێژووی ئەدەب گۆڕاوە بۆهونەری لێکدانەوە ( هرمینیۆتیکا) کەوا سەرنجەکان لەسەر سێ مەسەلە کۆئەکاتەوە :- یەکەمیان ئەوەیە کە وابەستەیە بەپەیوەندی نێوان بیرکردنەوەو نوسینەوە , نێوان هۆشیاری و نەست ,هەروەها نێوان لۆژیکی یاساکانی عەقڵ و ئازادی





فەنتازیاکردن و ئەفراندن . دووەمیان بریتیە لەڕامانێکی بەئامانج بۆدۆزینەوەو خستنە ڕوی پەیوەندی نیوان وردەکاریەکان و گشت , یان بەشە بچوکەکان و کۆی تێکستەکە لەکاری هونەریدا ( مایکرۆ لە ماکرۆ داو پێچەوانەکەیشی ) . مەسەلەی سێیەم بریتیە لەدروستکردنی پەیوەندیەك لەنێوان هەردووکردەی : نوسین و خوێندنەوە , هەربۆیە جۆرج بۆلیت دەریخست کەوا لەڕێگای خوێندنەوەییەکی زیرەکانەوە ئەمانەبەدەست دێن . لێرەدا دەڵێت وەك چۆن ( کاتی بەدەست هێنراو ) ی بڕۆستی هەیە بەڵکو هەر لەهەمان سیستەمدا ( خوێندنەوەی بەدەستهێنراو ) یش هەیە , ( بەدەستهێنانی ئەزمونی ژیانگە ) و ( تێگەیشتی خاوێنکراو ) .

هەمووئەوەی کەوتمان تایبەتە بەفرەڕێگایی کارێکی ئەدەبی , ئەمەش بەجۆرێك کاری لەسەر بکرێت وەك بونیادێکی زمانەوانی چەسپیو کەتاڕادەیەك پشتی بەخۆی بەستووە . یان لەو شوێنەی کەتایبەتە بەئەدەبەوە وەك کۆمەڵێك کاری هونەری پێکەوەیی هەڵسوکەوتی لەگەڵ ئەکرێت , وەك ئەوەی لەدەرەوەی شوێنکاتێك بن و لەنێو یەکێك لەنەریتەکانی نەتەوەیەك لەنەتەوەکان یان هەندێك ناوچەی کولتوریدا ئامادەیی هەبێت . لەزەمەنی کارە هوونەریە کۆشەگیرەکاندا زەحمەتە قسەلەسەر مێژووی ئەدەب بکرێت , نەك لەو فەزا مێژوویەی کە وەك پرۆسەیەك بۆئەو شتانەی وا ڕویانداوە , بەڵکو لەفەزایی نەریتە ئاشناکانی وەك دیاردە جێگیرەکان و بەردەوامیەکی جێگیر بۆ بۆبەهاکان .

تائێستایش بیانوی بەهێزهەیە بۆئەوەی مێژووی ئەدەب و مێژووی کارە مەزنە ڕێکخراوەکان لەیەك پۆلدا دابنێین . بۆمێژویەکی لەمجۆرە کروتشە



www.pertwk.com

PDF4Kurd

ئەلتەرناتیڤێك یان ڕوبەڕوبونەوەیەکی پێشنیارکرد ,ئەویش : مێژووی ژیانی ئەدەبی , هەر لەو چوارچێوەیشیدا دەکرێت ڕوبەرێکی وا بدۆزرێتەوە کە هەموو ئەو نوسراوانەی تیابێت وا نەگەیشتونەتە لوتکەی ئەدەب . هاوشێوەی ئەم مێژووە وەك ئەوەی کەدەرئەکەوێت ناتوانێت لەبەرژەوەندی کارەمەزنەکاندا بێت بەهۆی نەبونی پێوەری وردو جێگرەوە کەوا شوێن و ئاستی ئەو کارانەمان بۆدیاری بکات , هەروەك چۆن هاوشێوەی ئەم پرۆسەیە بۆخۆی ملکەچی ڕامانێکی کۆمەڵناسیانە و ڕەخنەگرانە ئەبێت وشتێکی ئاساییە , فشارەکانی ڕۆشنبیری کۆمەڵەیی ( جەماوەری ) لەتوندبونەوەی بەردەوامدایەو زەحمەتە لێرەدا بکرێت هەڵاوێردی توانای دەرکەوتنی ( کارەگەورەکان ) بکەین .

لێرەدامێژویەکی تر هەیە بۆئەدەب وەك مێژووی هزر , مێژووی هزرە ئەدەبیەکان , مێژوی هەموو جۆرو ژانرێکی ئەدەبی وەك شیعریەتی مێژووی . لە مێژووی هزرە ئەدەبیەکاندا نمونەی وەك ( مێژوی دۆزەکان ) پێشنیارکرا , وەك پرۆژەیەك کەوا کارلەسەر هەموتیۆرە عەقیدەییەکان ئەکات لەبەر ڕۆشنای دوولایەنەی : زانستەکانی کۆمەڵناسی و دەرونزانی .

دیارە گومانێکی زۆر هەیە دەربارەی توانای ئەم جۆرە مێژووە کەوا هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەدەب ئەکات وەك ئەوەی فەلسەفەبێت , یان زنجیرەیەك پەیوەندی بێت لەگەڵ ( مێژوی ڕۆح ) , فەرامۆشکردنی ڕاستی ئەو فاکتەر و پێکهاتانەی کەوا ئەکات لەئەدەبێك ئەدەب بێت . دیارە تاڕادەیەکی زۆر ڕاستگۆ بووە ئەوکەسەی کەوا وتویەتی کەس ئەو پرسیارە لەخۆی ناکات بڵێت :- بۆچی هونەرمەندان شیعرو شانۆگەری و





چیرۆك و ڕۆمان ئەنوسن لەکاتێکدا زۆرئاسانتر و ڕۆشن تریشە گەر بێتو هەمووئەمانە بخەنەناو چوارچێوەی چەمکە فەلسەفیە ئەبستراکتەکانەوە .؟ بەدڵنیایەوە ( مێژووی ژانرە ئەدەبیەکان ) خۆی بەدورئەگرێت لەم جۆرە تۆمەتانە , بەڵکو ڕوبەڕوی شتی تر ئەبێتەوە , چونکە ئەم جۆرە مێژووە هەمووشتێك ئەکاتە سیستەمێکی پتەو و دائەنێت بە ( ئەدەبیەتێکی ڕوت ) دا.

بامێژوویەکی تربێنینەوە بەرباس بەڵام نەك وەك دوامێژوو , چونکە تواناکانی داهێنان کۆتای نەهاتوە هێشتا , ئەوە مێژوی ئەدەبە وەك مێژویەکی سیماتیکی , چونکە هلموت بیترێکونی پێشنیاری ئەم مێژووەی کرد بۆئەدەب وەك مێژوی خەون و ئارەزوەکان و نمونە سەرەتاییە یۆنغیەکان بەپێی ڕوانگەی ڕەوانبێژی یۆنانیەکۆنەکان . ناتوانین لێرەدا هەڵوێستی سیماتیکی فەرەنسی بیرنەخەینەوە کەوا بانگەشەی مێژویەکی ترئەکات کەوا مێژوی خەیاڵگەی شیعریە و بەپشکنینەکانی غاستۆن باشلاردەستی پێکرد . ئەوە ئاشکرایە کەوا باشلار زۆرنزیکە لەتیۆری شیعری ڕۆمانتیکی و سوریالیەوە . بەڵام بۆلیت وای دائەنا کەوا شۆڕشی باشلار وەك ئەو کودەتا کۆپەرنیکۆسیە بوو لەفەلەکناسیدا ڕویدا .. پێش ئەو هۆشیاری , لانی کەم لەبواری ڕەخنەدا لەسەر بنەمای شیکردنەوەی دەرونی دروست نەبو بو, یان هۆشیاریەکی مارکسیانە نەبوو . ئەو کەمتر ماتریالیست بوو لەنێوان هەموو شتەکەینونەییەکاندا . پێویست بوو ئەم هۆشیاریە ڕێك لەلایەنە نامادیەکەیەوە بگیرێت ,هەروەها دەڵێت دوای تێگەیشتنی باشلارجیهانی هۆشیاری گۆڕاو لەئەنجامیشدا : جیهانی شیعرو



www.pertwk.com

PDF4Kurd

ئەدەب . باشلارگەورەترین دۆزینەوەی کرد لەژیانی زهنیدا دوای فرۆید. بەڵام ڕێگەیەکی تری هەڵبژارد تەواو جیاواز بوو لەڕێگە نەمساییەکە . ئەوەبوو لایەنگرەکانی باشلار پێیان وابوو کەوا دەیەکانی ئەم دواییەی سەدەی بیستەم بۆئەو دەبێت . بائێستا بپرسین : ئایاشتێکی گونجاوە ئەوشتەی وابەمێژووی خەیالگەی شیعری ناویان ناوە کە بەلای باشلاری دیاردە ناسی بەناوبانگەوە چەندوێنەیەکی دیاری کراوە لەحالەتی بەردەوامی و لێکجیابونەوەدان لەنێوان خۆیاندا ؟ لەوانەیە لێرەشدا هەمان پرەنسیپ شتەکان بباتە ڕێوە کەوا لەمێژووی کارە ئەدەبیە مەزنەکاندا ڕووبەڕوی بوینەوە , ئەم نمونە زۆرانە بواری ئەوەمان ئەداتێ کەبڵێین دەکرێت و بەڵکو زۆر پێویستیشە مێژوویەك بۆئەدەب هەبێت , وەك ( مێژویەکی تایبەت ) کەهەووئەو داڕشتنانە مافی ئامادەبونیان هەبێت تیایدا کەوا جەخت لەسەر جیاکاری ئەدەب ئەکەنەوە کەوا ناکرێت ببێتە پاشکۆیەکی مێژوو , بەڵکو هاوبەشێکیەتی بە هەمان ئەو ماف و تایبەتمەندیانەوە وا مێژوو هەیەتی .

ئەم بابەتە لەم سایتەوە وەرگیراوە ( iraqstory.com ) عەدنان موبارەك وەری گێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی و لە دەقەعەرەبیەکەیەوە کراوەتە کوردی .

- / ژنە لێکۆڵیارێکی پۆڵەندیە.







www.pertwk.com

PDF4Kurd

ناوەڕۆك :-


چەند وشەیەك لەبری پێشەكی
لەمۆدێرنەو پاش مۆدێرنەدا : چارەنوسەكانی مۆدێرنە ............ ئالان تۆرین
ئەفسانەكانی جیهانی مۆدێرن ..........................................میرسی ئیلیاد
ئەریك فرۆم : بەرەو بەمەدەنی كردنی تەكنۆلۆجیا .................. زوقان قرقوت
ئسولێەت وەك ئەوەی ئەمڕۆ هەیە ...
ڕاكردنە لەواقع یان بەرگری كردنە لەشوناس ؟............. نەسر حامد ئەبو زەید
تاریك خوازەكان لەبازنەی شەڕێكی دوڕاودا .................................هاشم صالّح
دیاردەی فەندە مینتالّیزم و ئیشكالیەتەكانی............................................
گفتوگۆی هاشم سالّەح لەگەلّ محمد ئارگۆن

دەربارەی وەرگێرانی ئەدەب ............................................... میلان كۆندیرا
گەڕانەوە بۆپرسیارەكەی ڕۆلان بارت : مێژوو یان ئەدەب ...............ماریا یانیۆن



www.pertwk.com

PDF4Kurd










www.pertwk.com
PDF4Kurd